# بەراوردەکانی ژیان

## پرس و ڕایەکی بەراوردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەیی بوون

هاوڕێ باخەوان



بەراوردەکانی ژیان

هاوڕێ باخەوان

کورد تەنیا بە وتەی شاعیرەکانی نەتەوە بووە، ئەگینا خودی خۆی لە هیچ کات و بارێکدا هەستی بە نەتەوایەتیی خۆی نەکردووە، یان وەکوو نەتەوە ڕەفتاری نەکردووە. دابڕانەکانی ناو مێژووی کۆن، ناوەڕاست و نوێی کورد و شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان و ڕەفتارە دوور لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی باشووری کوردستان بەرانبەر بوویەرە گرنگەکان، ئەو ڕایە دەسەلمێنن کە هێشتا لە ناو کوردا تەنانەت پێشەنگی بەرژەوەندیی هاوبەش هەر لە سەرەتایدایە. هەر بۆیە پێش هەر شتێک کورد دەبێت ئەو پێکهاتە گرنگەی بیری نەتەوایەتیی خۆی بئافرێنێت کە ئەویش بەرژەوەندیی هاوبەشە. بەبێ "بەرژەوەندیی هاوبەش" ئێمە نە بەتەواوەتی "نەتەوە"ین و نەدەشبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان. بەرژەوەندیی هاوبەش سەیوانی نەتەوەیە، ئەم سەیوانە، زمان، مێژوو، خاک، یاسای فەرمانڕەوایی، نەخشەی ستراتیژی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆری تر لە ژێریدا لە بەرژەوەندیی گرووپێکی ئەتنی ڕێکدەخات و دەیکاتە نەتەوەو دەوڵەت..

(ئەم پەرتووکە بۆ فرۆشتن نییە،
نووسەر بەدیاریی دەیبەخشێت بەو کەسانەی دەیخوێننەوە)

سلێمانی
٢٠٢٤

# بەراوردەکانی ژیان

## پرس و ڕایەکی بەراوردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەیی بوون

# بەراوردەکانی ژیان

## پرس و ڕایەکی بەراوردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەیی بوون

هاوڕێ باخەوان

٢٠٠٨

سلێمانی

٢٠٢٤

# بەراوردەکانی ژیان

نووسینی: هاوڕێ باخەوان
بابەت: بۆچوون و بەراوردکاریی
ساڵی نووسین: ٢٠٠٨
پێداچوونەوەی زمانەوانی: ڕێبوار جەمال سەگرمە
هەڵەچن: زریان سەرچناری
نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: پەیام ئەحمەد
قەبارەی کتێب: **A5**
ژمارەی لاپەڕە: ( ١١٨ )
تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی یاد

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٣٠٩ )ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە.

٢٠٠٨/٠٩/١٩

به دەستی خۆم نییە، ئەو ڕێگایەی ڕۆژانە بۆ سەر کارەکەم پێیدا تێدەپەڕم و ئەگەرچی لەوانەیە بۆ هەزاران جار دیبێتم! بەڵام هەر ئەو ڕێگەیەی منداڵیم بیردەخاتەوە کە لە گەڕەکی "گۆیژە"وە پێیدا دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانەی "دەرگەزێن"ی سەرەتایی لە گەڕەکی "سەرکارێز". بەردەوام لە مێشکی خۆمدا بەراوردی ئەم دوو ڕێیە دەکەم. ئەوەی پێم ناخۆشە ئەم ڕێیە نوێیەی ئێستا لەوکاتەی کە من منداڵ بووم، لەوەی ئێستای نێوان هەردوو گەڕەکی گۆیژە و سەرکارێزی شاری سلێمانی پێشکەوتووتر بووە.

قوتابخانەی دەرگەزێنی سەرەتایی کوڕان لەباری تەلارسازییەوە زیندانێک بوو بۆخۆی. ئەو قوتابخانەیە هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ڕۆژێک "میتان"ی کوڕمی بۆ دەبەم لە گەڕەکی "ماریا هوڤە"ی شاری "لاهای". ئەو قوتابخانەیەی میتان، زۆر کۆنە و پێشتریش وێنەی کۆنیم بینیوە و لەو کاتەشیدا هەر لەبەراوردکردن نایەت لەگەڵ زیندانەکەی ئێستای دەرگەزێندا، دەرگەزێن قوتابخانەیەکی کۆنە، ئەوەی من بزانم تاوەکوو ئێستا لەجارێک زۆرتر نۆژەنکراوەتەوە، شوێنکەوتەکەی تابلێی خراپ بوو و کەوتبووە ناوجەرگەی وەرشە میکانیکییەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل لە گەڕەکی سەرکارێز. دەرگەزێن یەکێک بوو لە شیفتەکان و ئەوی تریان قوتابخانەی خالیدیەی کوڕان بوو. ئەوەی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە ئاودەستەکانی قوتابخانەی دەرگەزێنە. ئەوان ئەوەندە پیس بوون لە دووری چەند مەترێکەوە بە بۆنیان وڕ و کاس دەبوویت! ئەگەر کارێکت تێی بکەوتایە ئەوا کارەسات

بــوو. چونکــە جگە لەو گۆمــە میزانەی ناو ڕاڕەوەکــەی، ئەگەر بچوویتایەتە ناو یەکێکیانەوە لەبەر پیسایی هیچی ترت نەدەبینی. مامەڵەی زۆربەی مامۆســتاکانیش لەگەڵ ئێمەی منداڵدا هیچی لە بۆنی ئەو ئاودەســتانە کەمتر نەبوو. لە هەمان قوتابخانە هەر لە پۆلی یەکەوە پێیــان دەوتین، "پاکوخاوێنی لە باوەڕەوەیە" بەڵام نە بەردەستەکانی قوتابخانە ئەو ئاودەستانەیان پاکدەکردەوە، نە مامۆستاکانیش ئێمەیان بەگشــتی فێردەکرد چۆن ئاودەستەکان بەکاربهێنین!

بەمنداڵــی هاوینــان دەیاننــاردم بۆ گوندی "شــەمە"ی بناری شــارەزوور بۆلای خزمەکانــی دایکم، ماوەی ســێ مانگێک لەو گوندە لە ماڵی دادە "خەجێ"ی پووری دایکم دەمامەوە. ئەوســا وامدەزانــی گوندی شــەمە ئەوپەڕی دنیایــە! ئەوەندە دوور بوو هەر نەیدەگەیشتمێ! ناهەقیشم نەبوو، ئەو پیکابەی کە پێیاندەوت "گاز عەربەتــی" کە لە ســلێمانییەوە بەڕێدەکەوت، لە زۆرێک لە گوندەکانی دەشتی شارەزوور دەوەستا و خەڵک و باری دادەگرت و سەردەخست، هەر بۆیە کاتێک دەگەیشتینە ئەوێ دەمەوئێوارە بوو. من منداڵێکی شــاریی بووم و زۆر شتی ئەو گوندە و ژینی لادێ بۆ من نوێ بوون. چەند شتێک هەبوون بیرم لێیاندەکردەوە و تاوەکوو ئێستاش بیرم ناچنەوە. لەو گوندەدا هیچ ماڵێک نەبوو ئاودەســتی تێدابێــت! ژنان بەڕۆژ دەچوونە ســەرکانیی ژنان بۆ دەســتبەئاوگەیاندن، یان ئەگەر کاری ســووکەیان هەبووایە هەر لە گەوڕی ئاژەڵەکانیان چارەســەریاندەکرد. پیاوانیش دەچوونە مزگەوت بۆ ئەوکارە. بەڵام شەوان کێشە نەبوو و چ ژن چ پیاو، لە چۆڵەوانییەکدا کاری خۆیانیان دەکرد. ئەوەی پێم ســەیر بوو مزگەوتەکەی شەمە بوو. ئەو مزگەوتە باپیرم لە پەنجاکاندا لەسەر

شێوازی ئەوکات نۆژەنی کردبووەوە. مزگەوتەکە حەوزێکی تێدا بوو بۆ دەستنوێژگرتن. خەڵکی دێ ئەو حەوزەیان تەنانەت بۆ مەلەی دوای گەمەش بەکاردەهێنا. پیاوانی کورد بەتایبەتیی بەساڵاچووان لەکاتی دەستنوێژگرتندا تفێکی زۆر هەڵدەدەن. ئەو تفەش دەچووە ناو هەمان حەوزەوە و لەولاتریشەوە کەسێکی تر بەهەمان ئاو، دەستنوێژی دەگرت! بەڵام لەوە سەیرتر، هەر ئاوی هەمان حەوز! واتە تفاوەکە! بە ڕێڕەوێکدا دەچووە ناو ئاودەستەکانی مزگەوتەکە و لەوێش بەو ئاوە پیسە پیاوان لەسەر پێشاو شڵپەشڵپ خۆیانیان پێ پاکدەکردەوە! ئەگەرچی بنەماکانی دەستنوێژ "پاکوخاوێنی"یە! بەڵام نەکردنی بەو ئاوە پیسە گەلێک باشتر و خاوێنتر بوو. ئاوی ناو ئاودەستەکانیش بەفیڕۆ نەدەدرا و دەچووە ئەستێڵێکەوە، بەو ئاوە لە خوار مزگەوتەکەوە شینایی پێدەکرا، بەرهەمەکەشی بۆ خاوەن زەوییەکە بوو و ئەوەشی بمایەتەوە دەنێردرا بۆ شار بۆ فرۆشتن. واتە سووڕی بەکتریا و مانەوەی ڤایرۆسەکان لە لەشدا بەردەوام بوو. لە مرۆڤەوە بۆ حەوزەکە، لەوێشەوە بۆ ئاودەستەکان و گەڕانەوەیان بۆ لەشی مرۆڤەکان. پاشانیش جارێکی تر لە ڕێی شینایی بەر مزگەوتەکەوە دەهاتەوە لەشی گوندییەکان. چونکە زۆرجار بینیومە لەو زەوییەدا خەیار و سەوزەی تر بەبێ شۆردنەوە دەستێکی پێدا هێنراوە و خوراوە. بەڵام ئەگەر خۆم بەو جۆرە خواردبێتم، ئەوەیانم خۆشبەختانە بیرنایەت! هەر لە بارەی پاکوخاوێنییەوە، نەبوونی وشەکانی سابوون و تایت لە زمانی کوردیدا پرسیارێکە و لام دروستبووە، ئەوەی یەکەمیان کوردی نییە و ئەوەی دووەمیشیان کە هاڕراوەیەکی سپییە و بۆ جلشتن بەکاردێت، مێرک (براند)ی یەکێک لەو هاڕراوانەیە و ئێمە بەهەڵە

بۆ ئەوەی بەکاردێنین.

ناوەڕاستی ساڵانی هەشـــتاکان بەهۆی وازهێنانم لە خوێندن و کەمێکیـــش پێشـــمەرگایەتییەوە، ژمارەیەکی باشـــی گوندەکانی ناوچەی دەوروبەری سـلێمانی گەڕام. ئـەوەی تێبینیم کردەوە، هێشــتا لــە هیچ گوندێکـدا، یان بەلایەنــی کەمــەوە ئەوانەی من دیبوومن، ئاودەســتی تێدانەبوو. تومەز لەوەتەی هەین تاوەکوو ناوەڕاســت و کۆتایی هەشــتاکان، گوندییەکان هەر ئەوە کاریان بــووە، ژنان بۆ کانیی ژنان و پیاوانیش بۆ مزگەوت. شــەوانەش لەو دەشتەدا لێی هەڵدەنیشتن. خەباتی بەکتریا و ڤایرۆسەکانیش هــەر بــەردەوام بــوون! ئەمجارەیــان بەچــاوی خــۆم بینیم کە خەڵکانێک مەنجەڵێک ئاویان گەرمدەکرد و لە گەوڕی ئاژەڵەکاندا خۆیاندەشت!

لــە کۆتایی ســاڵی ١٩٨٧، ڕێم کەوتەوە گوندی شــەمە. جێی یادگارییەکانــی منداڵیــم و زێدی ماڵە باپیرم لە دایکەوە. شــەمە هێشــتا هەمان مزگەوت و هەمان کانیی ژنانی تێدامابوو، لەباری تەلارسازییەوە گوندەکە بەموو جیاوازیی نەبوو لەگەڵ ئەوسادا. ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر گوندیان بۆ شار و ئۆردوگای باریکەی نزیک شــارۆچکەی عەربەت جێهێشــتبوو، بەڵام خەڵکەکە هێشتا هەر ئاودەستیان نەبوو و لە کاتی تەنگاویی ڕۆژدا هەردەبووایە ملی ڕێی مزگەوتت بگرتایە!

ئاودەست، یەکێکە لە ســەرەتاییترین بنەماکانی پاکوخاوێنیی مرۆڤــەکان. گوندییەکانی ئێمە ســەرەتاییترینی ئــەو بنەمایەیان نەبوو. تاکە لایەنی "باشە"ی کۆکردنەوەی گوندەکانی کوردستان لــە ئــۆردوگا زۆرەملێیەکانــی داگیرکــەری بەعســی عەرەبــی، ئەوەبوو کە گوندییەکانی ئێمە بوونە خاوەنی ئاودەســتی خۆیان

له ماڵەکانیاندا و فێری ئەو بنەما سەرەتاییەی پاکوخاوێنی بوون. هەرچەندە دەبووایە ئەمە یەکێک بووایە لە کارەکانی "شـۆڕش" یـان بزووتنـەوەی ڕزگاریی کـوردی! زۆرینـەی ئەندامانی ئەو بزووتنەوەیە "شاری" بوون، کەچی لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا نەیانتوانی تەنانەت گوندییەکانی کورد فێری ئەو بنەما سەرەتاییە بکەن. لەمەوە بڕواننە ئەو دروشـمە زلانەی ئەو بزووتنەوانە لە پێناویدا درووستبووبوون و خەباتیان بۆ دەکرد بۆ هێنانە دییان!

هـەر لەباسـی مزگەوت و حەوزی مزگـەوت و بزووتنەوەی کوردیـدا نابێـت ئەوەم بیربچێت، ئەگەر پێشـمەرگە بیویسـتایە سـزای گوندییـەک بدات ئـەوا بەبەرچـاوی خەڵکـی ئاواییەوە بەجلەکانییـەوە! لەو حەوزی مزگەوتەیان هەڵدەکێشـا و ئەتکیان دەکـرد. واتە بزووتنەوەکەی ئێمە نەک هەوڵی قەدەغەکردنی ئەو حـەوزە پیسـانەی نەدا، بەڵکـوو وەک ئامرازێکی ئەشـکەنجە و سووککردنی تاکی کوردیش بەکاریدەهێنان.

هاوینـی سـاڵی ١٩٨٦ چەنـد جارێـک بەهـۆی هاوڕێـی ڕەوانشـادم "جەلال شارەزووری"، سـەردانی بارەگایەکی تیپی ٣٧ی شـارباژێڕی یەکێتیم کـرد، بارەگاکەیـان کەوتبووە دۆڵی شـینکایەتیی نزیـک ماوەتەوە. ئەم بارەگایـە زۆر ڕێکوپێک بوو و تەنانەت گەرماوێکی بە"دووش"ەوە و ئاودەستیشـی تێدابوو. بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت کە ئەو بارەگایە و درووستکردنی گەرماو و ئاودەسـتەکەی فڕی بەسـەر خۆمانەوە نەبووە و ئەو بارەگایـە کاتی خۆی یەکێک بووە لە بارەگاکانی چریکی فیدائیی داگیرکـەری ئێرانی و چۆڵیانکردووە، پێویسـتیش ناکات کە بڵێم فارس بەهۆی ئەوەی خاوەن دەوڵەتن لە کورد پێشـکەوتووترە! دیـارە لـە هەندێک بـارەگا و بنکەی سـەرکردایەتییەکانی دیوی

خۆمانــدا لەو جــۆرە پێویســتییانەی تێدابوو، بــەڵام من زۆرتر مەبەســتم لــە ڕەشــە خەڵکەکە و ئاشــنایەتییان بــووە بە بیری سەرەتاکانی پاکوخاوێنی.

دەگەڕێمــەوە بۆ قوتابخانەی دەرگەزێن. سیســتمی خوێندنی وەک سەربازگە وابوو. دەبووایە هەمووومان سەرمان تاڕادەیەک ســفر بووایــە. سیســتمێکی واهیــی دیــارە نەوەیەکــی خــراپ پێدەگەیەنێــت. هۆشــیاریی تەندرووســتی زۆر کــەم بــوو، مــن لەخوام دەویســت کە وانەی پێنجــەم نەیەت! چونکە لەو وانەیەدا بەردەستی قوتابخانەکە کە پێماندەوت "فەڕاش" بە کارتۆنێکەوە بەســەر پۆلەکانــدا دەگــەڕا و لــە هــەر پۆلێــک چەنــد تیوبێکی هەتووانی چاوی دەدایە دەست مامۆستاکان. ئیتر کۆتایی وانەکە مامۆســتاش لەیەکــەم قوتابییەوە بەهەمان تیــوب پێیدادەهات و دەیکردە چاومانەوە تا دوا قوتابیی پۆلەکە. واتە ئەگەر نەخۆشیش نەبوویتایە، لەبەرئەوەی قوتابییەکەی پێش تۆ نەخۆش بوو، ئەوا تۆش نەخۆش دەکەوتیت! بەواتای ئەگەر لە پۆلەکەدا یەک قوتابی چــاوی ئەوەی کە پێی دەڵێن (تەراخوما)ی ببوایە، زۆر ئاســایی بــوو بەهۆی ئەو مەرهەم کردنە چــاوەوە هەموویان بیانگرتایە. ئــەم کــردارەی مامۆســتا یەکەمیــن بەریەککەوتــن و فێربوونی خراپی من بوو بۆ نۆشداری و دەرمانسازی. مەرهەمەکە ڕەنگی سەوز بوو و کە لە قوتابخانە دەهاتینە دەرەوە هەموو دیمەنمان زۆر ناشرین دەبوو و چاومان وەکوو ڕیپۆقی کردبێت وابوو!

گوندی شەمە یادگاری و بەراوردی زۆر سەیر و سەمەرەی لە مێشــکمدا درووســتکردووە. دیارە ناچارم زۆرتر باســی ئەو

گونـــده بکـــەم، وەک هـــەر گوندێکی تر. چونکە ماوەیەکی باشـــی منداڵیمم تێیدا بەســـەر بردووە. ئەگینـــا گوندەکانی تری ناوچەکە ئەگەر لە شـــەمە خراپتر نەبووبێتن، ئەوا باشـــتر نەبوون. گوندی شـــەمە هێزکاریشـــی لەســـەر شـــێوەی ئاخاوتنی من هەبوو. کە کۆتایـــی هاوین دەگەڕامەوە بۆ ســـلێمانی، کـــە بانگیان بکردمایە هـــاوڕێ، لەباتـــی "بەڵـــێ" دەموت "هـــۆو"، ماوەیەکم دەویســـت تاوەکوو بە وتەی سلێمانی ڕاستدەبوومەوە.

ژنانی گوند لەکاتی "ئازاد"یاندا خەریکی تەشی ڕستن دەبوون. تێیـــدا هەبـــوو ئەوەندە تەشـــیی بەڕانیـــدا هێنابوو، کە پێویســـتی بەبەکارهێنانـــی مێشـــکی نەبـــوو بـــۆ بادانـــی و ڕانانـــی خورییە لەدەســـتومەچەک ئاڵاوەکەی. هەر بۆیە زۆر ئاسایی بوو تەشیی خۆشی بڕێسێت و بەئاســـانی خەریکی باسوخواسی تریش بێت لەگـــەڵ ژنانی تری گونـــددا، یان لەولاوە بە بەرخێک بڵێت ییخخە و بە ســـەگێکیش بڵێت چغغە! بیرۆکەی تەشـــی و تەشـــی ڕستنی کـــوردەواری ئەوەنـــدە ناکارایـــە کە وەک کۆتێـــک وایە، هەردوو دەستت دەگرێت و نایەڵێت هیچی تر بکەیت.

پاش ماوەیەکی زۆر لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی هۆڵندا، جۆرە تەشـــییەکم بینی کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ چوار تا پێنج ســـەد ســـاڵ لەمەوبەر. ئەو تەشییە وەک ئامێرێک وابوو بەپێ پایدەری پێلێدەدرا و چەند خولخولۆکەیەکیشی لەگەڵدابوو بۆ تێکەڵکردنی خوریی جیاواز و ڕەنگی جیاواز. بەبینینی ئەوە یەکســـەر تەشـــی ژنانی لای خۆمانم بیرکەوتەوە. ئەو ئامرازە تەنیا بەیەک دەســـت و یەک پێ، کاری دەکرد و بەلایەنی کەمەوە لەیەک کاتدا کاری دە دانە تەشـــیی لای خۆمان زۆرتر دەکات. ئەوان پێش ئەو هەموو ســـاڵە بیریان لـــە ئامێرێکی واهیی کردووەتـــەوە، بەڵام لای ئێمە

ئێســتاش تەشی هەر تەشییەکەی جارانە. بەڕادەیەک ئەم ئامێرە ســەرەتایی بووەتــە ئایتمێکی گرنگی هەڵبەســتە بەناوبانگەکەی ”شــیرین تەشــی دەڕێســێ“ی وەفایــی! ئــەم هەڵبەســتە واهیی هۆنراوەتەوە کە تەشــی و تەشی ڕســتن بەو شێوە سەرەتاییە! هیچی کەمتر نەبێت لە پاڵەوانی هۆنراوەکە کە خودی شیرینە!

هەر بەڕاســت ئێمە لەچــاو زۆر نەتەوەی تــردا نەتەوەیەکی زۆر دەستوپێ سپیین! باوەڕناکەم ئامرازێکمان دروستکردبێت کــە بەتەواوەتــی بووبێتــە هــۆی خۆشــگوزەرانیمان و لە هیی دراوســێکانمان پێشکەوتووتر بووبێت. ئێمە لە زۆر کات و باردا هــەر بەکارهێــن بوویــن. پێم ســەیرە پەندە کوردییەکــە دەڵێت: ”وەســتا بێت لە تارانێ، لانکێ دروســت بکات بۆ چاوجوانێ“!، لەخۆم و لە ئێوەش دەپرســم! ئەی لەو کوردســتانە گەورەیەی ئەوســادا، وەســتایەکی تێدانەبوو لانکێک دروست بکات بۆ ئەو چاوجوانە؟!

کلاشــی هەورامانم زۆر پێ جوانە، بەڵام ئەوەندە ناکارایە کە نەدەتوانی بەشــوێنێکی تەڕدا بڕۆی چونکە لێت هەڵدەگەڕێتەوە! نەدەشتوانی بەسەر پووش و گیادا ڕەوکەیت، چونکە خلیسکانت مسۆگەرە.

ئەو سیستەمە ئابوورییەی بە درێژایی مێژووی میرنشینەکانی کــورد و ئێســتای دەســتەڵاتی کوردیــش، هــەر سیســتەمێکی بەکارهێــن بووە. زۆرینەی ئەو شــمەکانەی لە دروســتکردنیدا مێشــکی تێدابەکارهاتووە لەدەرەوە هێنراون. ئێســتا لەوســاش خراپتربووە و کار گەیشــتووەتە ئــەوەی دۆی لە دەرەوەهێنراو لــە گوندەکانــی کوردســتاندا دەخورێتەوە! سیســتمی ئابووریی دەســتەڵاتی کوردیش نەگەیشــتووەتە ئەو ڕادەیەی ســنوورێک

بۆ ئەو کەرەستانە دابنێت کە لەدەرەوە خۆیاندەکەن بە وڵاتدا، بۆ نموونە باشووری کوردستان ئەو هەموو بەردە مەرمەڕ و کارگەی کاشییەی تێدایە، کەچی ڕۆژانە بەردی مەڕمەڕ و کاشیی مۆزائیک و سیرامیکی ئێرانی و تورکی دێنە باشووری کوردستان و زۆرینەی کارگە خۆماڵییەکانیش لەبێکاریدا داخراون.

ئەوکاتەی خرامە بەر خوێندن لە قوتابخانەی دەرگەزێن، سەرەتای گفتوگۆی نێوان کورد و داگیرکەری ئێراقی بوو. بەیانی یازدەی ئازار چەند مانگێک بوو دەرچوو بوو. ئەگەرچی من ئەوەم باش بیرنایەت، بەڵام یەکەمینساڵڕۆژی یانزەی ئازارم باش بەبیردێت. هەموو بەیانییەک دەبووایە لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا ڕیز ببووینایە. هەموو قوتابییەک دەبووایە دەستەسڕەکەی بخستایەتە نێوان هەردوو دەستییەوە و دەستی درێژبکردایە بۆ پشکنین، مامۆستاش بەدارێکەوە بەنێوماندا دەگەڕا و هەرچیی بەدڵ نەبووایە دارێک و دوانی لێدەدا. لێدانەکانیش بەزۆری لەسەر نینۆک و نەبوونی دەستەسڕ بوون. بیرمە جارێکیان دەستم بوو بە دەرگاوە و پەنجەیەکم خوێنی تێزا و زۆر ئازاری بوو، بەهۆیەوە نەمتووانی نینۆکی ئەو پەنجەیەم بکەم. لە یەکێک لەو پشکنینانەدا دارێک ئاراستەی ئەو پەنجە گەستراوەم کرا و چوومە شەرای مەرگ. کەچی لە دووری چەند مەترێکەوە ئاودەستخانەکانی قوتابخانە، مۆڵگەی ملیۆنان بەکتریا و ڤایرۆسی کوشندە بوون و کەسیش گوێی نەدەدایە! سەرەتای فێربوونی پاکوخاوێنیی ئێمە بە دار و بەزۆر بوو، هەر بۆیە هیچی واهیی لێ شین نەبوو. سرووشتی مرۆڤ بەو جۆرەیە، ڕکی لەهەر شتێکی بەزۆر دەبێتەوە، ئەگەرچی ئەو شتەش لە

بەرژەوەندیــی خــودی ئەو مرۆڤە بێت. هەر بۆیــە نینۆککردن و دەستەســڕهەڵگرتنەکە بە دار و شاپی مامۆستاکانم کاریی خۆی نەکــرد و تەنانــەت کە چوومە زانکۆش هەر ڕکم لە دانشوشــتن بوو! بەڵام ناچار فێری بووم. پاشــتریش کە بووینە پێشــمەرگە و تێکەڵــی گوندییەکان بووین نەمانتوانی فێری درووســتکردنی گەرمــاو و ئاودەســتیان بکەیــن و هێزکارێکی تەندرووســتیمان بەسەریانەوە هەبێت.

من لەوکاتەوە ئاودەســتی قوتابخانەکانم نەدیوەتەوە و نازانم ئێستا بەکتریا و ڤایرۆسیان لە چیدان! بەڵام بەچاوی بەراوردەوە زۆر سەیری ئاودەســتی قوتابخانەکەی میتانی کوڕمم کردووە، ئەوەنــدە پاک و ڕێکوپێکە، تەنانەت چەنــد وێنەی جوان و ئاڵای هۆڵنداشی تێدا هەڵواسراوە. تاوەکوو قوتابییە منداڵەکان هەر لەو ئاودەستانەوە فێری پاکوخاوێنی و هۆڵندایەتی و خۆشەویستیی نیشــتمانیش ببن. هــەر لە هۆڵنــدا چەند دیاردەیەکــی بۆ "ئێمە" ســەیر دەبینیت، ئەگەرچی شــارەوانییەکان بەباشــترین شێوە و هەروەک "ڕۆبۆت" کاری پاککردنەوەی خۆیاندەکەن، کەچی زۆر ئاســایی دەبینیت کەسێک خۆبەخشانە بە مەقاش و کیسەیەکەوە بە کۆڵان و جادەکاندا دەگەڕێت بۆ کۆکردنەوەی هەر پیســییەک بەرچــاوی بکەوێــت. ئەمە تەنیا هەســتی بەرزی ئــەو هاوڵاتییە و خۆشەویســتیی وڵاتەکەیەتــی، ئەگینا نەکەس پــارەی دەداتێ و نەکەســیش پێی دەڵێت ســوپاس، هەر تەنیا بۆ خۆشــی خۆی ئــەو کارە ئەنجــام دەدات! هەر لــەو بارەیەوە ڕۆژانــە لە کەنار دەریایەکی وەک "ســخەیفەنینگن"ی شــاری لاهــای دەیان کەس دەبینیــت بــە ئامێــری "دۆزەرەوەی کانزا"وە کە خۆبەخشــانە لمی کەنــار دەریاکان پاکدەکەنەوە، ئەو جــۆرە کارانە بەزۆریی

پیاوە خانەنشینەکان دەیکەن، ئەمانە هەموویان لە هەستکردن بە بەرژەوەندیی هاوبەشەوە هاتووە.

لە دەرگەزێن بەیانیان دوای پشکنینی قوتابییان، دەبووایە چەند سروودێکمان بخوێندایە. بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەرگەزێن کە ناوی مامۆستا مەحمود بوو[1]، لە کاتێکدا کە سروودی "من پێشمەرگەی کوردستانم"مان دەوت، پڕبەدەنگ هاواری دەکرد و دەیوت "سەگبابانە بقیژێنن، با پێشمەرگەکان گوێیان لێتان بێت". واتە کوردایەتییەکەشیان هەر بە جنێو فێردەکردین. لە کاتێکدا خۆشەویستیی منداڵ بۆ پاکوخاوێنی و نیشتمان دوو شتی گەلێک گرنگن و دەبێت بەوپەڕی ژیرانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. دیاردەی جنێودان ئەوکات لە قوتابخانە بەشێک بوو لە پەروەردە! مامۆستا زۆر بەئاسانی جنێوی وەک هەتیو، خوێڕی، داوەشێیت، سەگباب، قەحبەباب، عەمرت نەمێنێت و زۆری تری بۆ قوتابیان بەکاردەهێنا. لێرەدا ناچارم بەراوردێکی تری ئەو پەروەردەیە بکەم. لە ئەوروپا ڕۆژی دایکان و باوکان بەهایەکی تایبەتیی خۆیی هەیە. مامۆستایان و دایەنەکانی دایەنگا چەند هەفتەیەک پێشتر کاری بۆ دەکەن، تاوەکوو بۆ هەر قوتابی یان منداڵێک لەگەڵ خۆیاندا دیارییەک بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەبکەن و کە منداڵەکە لەو ڕۆژەدا چووە ماڵەوە پێشکەشی دایک یان باوکی بکات. من هێشتا میتانی کوڕم تەمەنی چەند مانگێک بوو لە دایەنگا، لە ڕۆژی باوکاندا کە هێنامانە ماڵەوە دیارییەکی پێبوو بۆم، زۆرم پێخۆشبوو و بیری سەگباب و قەحبەبابی مامۆستاکانی دەرگەزێنم کەوتەوە!

١ مەحموود عەزیز ئەولێ، وابزانم ئێستا لەژیاندا نەماوە.

لــه گونــدی شــەمە ئافرەتــان ڕۆژانە ئــەو ڕیــژە دۆیەی لە مەشــکەکانیاندا دەمایەوە دەیانکردە ناو چەند مەشکەیەکی تری گەورەوە، ئەو مەشــکانە لە پێستی گوێرەکە دروستکرابوون و زۆری دەگرت. دۆکە خەست دەبووەوە و پاش ماوەیەک کۆمەڵە ژنێــک پێکــەوە کۆدەبوونــەوە و دەیانکــردە کەشــک و دۆیینە. بەرهەمی سپیایی لە گوندێکی وەکوو شەمەدا تەنیا شیر، ماست، پەنیری ســەلک ئەویش هەندێک جار، کەشــک و دۆیینە بوو. ئەم بەرهەمانە ســەدان ساڵ پێشــتریش هەروا بووە و هەر هەبووە. نەپێشــخراوە و نەجــۆری تر دۆزراوەتــەوە. لەوانەیە دوو گوند ئەولاتر یان ئەملاتر، فرۆ و پەنیری پێستە یان جۆرە سپیاییەکی تریشــیان بووبێــت. ئیتر لەوە زۆرتر نەبــووە. گوندییەکانی ئێمە هــەر ئەوەندە توانیویانە بیربکەنەوە و هەر ئەوەندەیان توانیوە لە شــیر هەڵبهێنجن. پێم ســەیرە کە کوردســتان پێشــەنگی ئەو وڵاتانەیە کە ئاژەڵی تێداماڵیکراوە و شــیری ناسیوە کەچی هەر ئەوەندە دەستوپەنجەی بەسەر بەرهەمی سپیاییەوە دیاربێت.

لە زۆر سەرچاوەدا ئەوەم خوێندووەتەوە کە یەکەمین گوندی نیشــتەنی لەم جیهانەی ئێمەدا لە وڵاتەکەی ئێمەدا بووە. ئەویش گونــدی چەرمووی نزیک شــارۆچکەی چەمچەماڵە. لەو گوندەدا بۆ یەکەمین جــار لە مێژووی مرۆڤایەتیــدا بەرهەمی دانەوێڵەی بەبەردبووی وەک گەنم و جۆی تێدا دۆزراوەتەوە، واتە وڵاتەکەی ئێمە بۆ یەکەمین جار نانی ناسیوە کە سەرچاوەی ژیانە، کەچی لــە دوو تا ســێ جۆر نــان زۆرترمــان نییە. خۆ ئەگــەر بڕۆیتە نانەواخانەیەکــی هەر شــوێنێکی ئەورووپا ئــەوا نازانیت چ جۆرە نانێــک بکڕیت! لە ناوچەی ســلێمانیدا نانی تیری نانێکی زۆر باو بوو، لەم دوادواییانەدا کولێرەی بازاڕ جێی ئەو نانەشی گرتەوە.

ئـــەو نانی تیرییە کە زۆر تەنــک بوو و ژنان لە ماڵەوە دەیانکرد، ئەوەنــد ئەرکــی درووســتکردنی هەبوو و کاتی دەویســت هەر لەباســکردن نایەت. پاشانیش یەکسەر نەتدەتوانی بەکاریبهێنیت، دەبووایە تەڕبکرایە و داپۆشرایە بۆ ئەوەی نەرمببێتەوە و ئنجا بەکاربهێنرایە!

پێش ماوەیەک نووسینێکم لەسەر جۆرەکانی پەنیر لە فەڕەنسا خوێندەوە، جووتیارە فەڕەنسییەکان خاوەنی نزیکەی سێ هەزار جۆر پەنیری تۆمارکراون و تاوەکوو ئێســتا بەرهەمی دێنن! ئەم پەنیرانە هەموویان چۆنێتیی درووســتکردنەکەیان نووســراوە و پارێــزراوە. هەندێکیان بوونەتە مارکەیەکــی بازرگانی و تایبەتن بــە کۆمپانیا یان بنەماڵــە یان ناوچەیەکەوە. پــاش خوێندنەوەی ئەو نووســینە لە خۆمم پرسی فەڕەنسییەکان بۆچی سێ هەزار جــۆری پەنیریــان هەبێــت و ئــەوەی ئێمەش لە پەنیری ســەلک و پێســتە و چەنــد دانەیەکی تر تێپەڕنەکات! دیســانیش پرســیم بۆچــی پەنیری فەڕەنســی دەخۆیت هیچت بەســەر نایەت بەڵام لــە بەهاردا پەنیری ســەلکی "کوردەواری" بخــۆی، لەزۆر کاتدا تووشی سکئێشە، ڕشانەوە یان پیسبوونی گەدە دەبیت؟! لەمەوە گەیشــتمە ئەو ســەرەنجامەی جووتیارانی ئێمە و هیی فەڕەنسا جیاوازییەک لە بیرکردنەوەیاندا هەیە.

گوندییەکانــی کــورد لــە یەک دوو جــۆر ماســت زۆرتریان نەزانیوە، ئەویش جۆری شــیرەکە دیاریی کردووە، ماســتی مەڕ یــان مانــگا. زۆرزۆر لــەو دەشــتی هەولێرە کەنگر و ماســتیش کــراوە. بەڵام ئەوروپییــەکان و نەتەوەکانی تر هــەر لە کۆنەوە ماستی میوەیان درووستکردووە و هەمان ماستیان لەگەڵ دەیان جۆری میوەدا تێکەڵکردووە.

هۆی نەخۆشکەوتن بە بەرهەمە سپییاییە خۆماڵییەکان دیارە هەر پیسوپۆخڵیی جووتیارەکانی خۆمانە. ئەوان گوێنادەنە پاکوخاوێنی. من بەچاوی خۆم دەیان پشقلم لەناو مەنجەڵی بێریڤاناندا بینیوە و بێریڤانیش هەر بەدەستی دەریهێناون!، ئیدی چۆن تووشی ڕشانەوە و پیسبوون نابین!

قوتابخانەی دەرگەزێن کەوتووەتە دامێنی گەڕەکی سەرکارێزەوە. بیناکەی بە بەردی مەڵکەندی درووستکراوە. ئەو بەردە زۆر جوانە و زۆریش دەمێنێتەوە. کاتی خۆی بەردی مەڵکەندی سیمای دیوارەکانی شاری سلێمانی بووە. دیارە دیواری قوڕیش هەبووە. بەڵام بەردی مەڵکەندی گەلێک زۆر بووە. ئێستا کەمینەیەکی کەم نەبێت ئەو بەردە نەماوە، ئەو خانووە کۆنانەشی کە دەیڕووخێنن بەردەکانی فڕێدەدرێت و جارێکی تر بەکارناهێنرێتەوە. ئێستا سلێمانی شارێکە بەو لەبغ و نەتری چیمەتۆیە ڕەنگی مردووی لێنیشتووە و هیچ ڕووخسارێکی جوانی پێوەنییە!

هۆڵندییەکان سەدان ساڵە بۆ درووستکردنی خانوو و باڵەخانەکانیان خشتی سوور بەکاردێنن و هیچی لێنایەت و دیمەنیشی زۆر جوانە. لەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئابوورییەی ئەو وڵاتەدا هەر خشتە سوورەکانی خۆیان بەکاردێنن و نایگۆڕن. نازانم بۆچی لای ئێمە و بۆ نموونە لە سلێمانی وازمان لەبەردی مەڵکەندی هێنا! یان بۆچی هەموو هەولێر بووە بەردی حەللان و وازیان لەو خشتە سوورانە هێنا کە لە کۆندا قەڵاکەی پێدرووستکراوە. تۆ بڵێی ئەمەش پەیوەندیی بە لەرزۆکیی بیرکردنەوەمانەوە هەبێت!

دیمەوەســەر دەرگەزێن، لە حەوشــەکەدا تەنیا یەک شێرەی ئاوخواردنــەوە هەبــوو بۆ ئــەو هەموو منداڵــە. هەرکە زەنگەکە لێیدەدا لە هەمــوو پۆلەکانەوە وەکوو مێرووله ڕێچکە دەگیرا بۆ ئــەو شــێرەیە. منداڵ لەدوای منــداڵ دەمی بەو شــێرەیەوە دەنا و تــا تینوێتیی دەشــکا، هەندێکیش هەبوو فریــای قومێکی باش نەدەکــەوت و قوتابییەکــی بەهێزتــر بەپاڵێــک وەلایدەنا و خۆی دەمــی پێوەدەنــا. شــێرەی ئاوەکــە زەرد بوو، ئەوەندە دەســت و دەمــی منداڵانــی بەرکەوتبــوو وەک زێــڕ دەدرەوشــایەوە. بەڕاســتی ئەوە کێشــەیەکی گەورەی تەندرووســتی بوو، بەڵام نە مامۆســتاکان لەو ئاســتەدا بــوون ئەوە چارەســەربکەن، نە فەرمانگــەی مەعاریفی ئەوکاتیش ئەوەی بە کێشــە دادەنا. بەڵام بــۆ من ئەم ئاوخواردنەوەیە هەر هەمان مەرهەمی چاوەکە بوو! دەیخۆیتــەوە هەر وەی، نایخۆیتەوە هەر وەی! ئەوەی بیرم بێت قوتابخانــەی دەرگەزێن دوازدە پۆلــی تێدابوو. بۆ هەر قۆناغێک دوو پۆل. هەر پۆلەشی بەلایەنی کەمەوە سی و ئەوەندە قوتابی زۆرتر دەبوون، واتە هەمووی دەکاتە نزیکەی چوارسەد قوتابی. دەبێــت بەوەنــدە قوتابی یەک شــێرەی ئاوخواردنــەوە هەبێت؟! لە هەمووشــی ســەیرتر لە هەموو پشــوویەکدا مامۆستایەک لە گۆڕەپانەکــەدا چاودێر بوو، زۆربەی ئەو دارانەی لەو پشــووەدا دەیبەخشییەوە لەســەر ئەو شێرە نەگریسە بوو. پاش ساڵانێکی زۆر کە "لە کوێوە بۆ کوێ"ی مامۆســتا هێمنم لە کتێبی "تاریک و ڕوون"دا خوێندەوە، بۆمدەرکەوت منیش وەکوو هێمن کێشەی ئاوخواردنــەوەم لە قوتابخانەدا هەبووە!، کێشــەکەی ئەو لەوەی منیــش گەورەتر بــووە و ئەوکات بۆ ئەو هەمــوو قوتابییە تەنیا

یەک ئاودەســت هەبووە، بەڵام لە دەرگەزێن خۆشبەختانە چەند دانەیەک هەبوو. ئەوەی ئێســتا بیری لێدەکەمەوە ئەو مامۆستایە بوو کە بەدارێکەوە بەدیار ئەو شــێرەیەوە دەوەســتا، منداڵان لە هێرشدا بوون و ئەویش تەنانەت عەقڵی بەوە نەدەشکا ڕیزمانبکات و ئەو پاڵەپەســتۆیە درووســتنەبێت، ئــەو هەرئەوەندەی دەزانی بڵێت هەتیو لەســەرخۆ و دارێکی پێدابکێشــایتایە! ئەگەر ئەوکات مامۆســتاکەمان بــۆ ئاوخواردنــەوە فێــری نــۆرە و ڕێزکردنی بکردینایە، ئەوە پاشتریش کە گەورەبووین و بەپاس هاتووچۆی قوتابخانەمان دەکرد، هەموومان بەڕیز دەچووینە ناو پاسەکەوە و نەدەبــووە هــەرا و ئــاژاوە بۆ ســواربوونی پاســەکە و کەس نۆرەبڕیی لەوی تر نەدەکرد.

لە گوندی شەمە ژنان دەچوونە سەر کانیی ژنان بۆ جلشتن. جلەکەیان دەدا بە بەردێکدا، ئەم پڕۆسەیە بەردەوام بوو تاوەکوو پارچە جلەکە پاکدەبووەوە. لە هەندێک گوندی تر بە دار دەکەونە جلەکــە تاوەکوو پاکدەبووەوە، هەر بۆیە جلی گوندییەکان پینە و کونــی زۆری تێدابوو، چونکە ئەو لێدانە جلەکانی شــیدەکردەوە و دەیدڕانــدن. بــەڵام ئەوروپییەکان و میللەتانی ئاســیای دوور لە ئێمە ژیرتربوون لە جلشــتندا و ئەوان هەر دەمێک ســاڵ بوو ئامێرێکــی جلشــۆریان لــە تەختە درووســتکردبوو و لــە کاتی جلشــتندا هێزێکــی ئەوتۆیــان بەکارنەدەهێنا و جلەکەش باشــتر پاکژدەبووەوە و شی نەدەبووەوە. لەهەر جێیەک یان لە فیلمێکی کۆندا چاوم بەو ئامێرە بکەوێت، یەکســەر جلشــتنی لای خۆمانم بیردەکەوێتەوە. وەنەبێت لە شــار ئافرەتانیشــمان حەســاوەبن! ئەم چەند ســاڵەی دوایی لێدەرچێت، ئەویش لە هەموو ماڵێک نا،

جلشـــۆری ئەلەکتریکـــی هاتۆتەکایەوە، ئیتـــر ئافرەتی کورد نەک پیاو! هەر بەدەستەکانی جلی شووشتووە. پرسیارەکەم لێرەدایە، ئەوروپییەکان و ئاســیاییە دوورەکان بۆچـــی بتوانن ئامرازێکی واهیی درووستبکەن و ئێمە نەتوانین بیری لێبکەینەوە؟.

لـــە دەرگەزێـــن زۆر جـــار ڕوویـــدەدا کـــە مامۆســـتا دەهاتە پۆلەوە، دەیوت "بۆخۆتان ســـەعی بکەن". مامۆســـتاش دەچووە بەرپەنجەرەی پۆلەکە و تاس دەیبردەوە و دەچووە ژێری! یاخود هێشـــتا خوماری شەوی بەرینەدابوو و هێزی وتنەوەی وانەکەی نەبوو، یان لەگەڵ مامۆستای پۆلەکەی ئەودیوماندا دەکەوتنە قسە. بێگومـــان مامۆســـتاکەی پۆلەکەی ئەودیویـــش هەمان "بۆخۆتان ســـەعی بکەن"ی بە قوتابییەکانی ئەو پۆلـــە وتبوو. ئێمە ئەوکات پێمان خۆشبوو! منداڵ بووین و نەماندەزانی کە ئەوەی مامۆستا لەگـــەڵ ئێمـــەی دەکات، کارێکـــی ناڕەوایـــە، مامۆســـتا کارەکەی ئەوەبوو بەدڵسۆزی وانەکانمان پێبڵێتەوە، نەک لەبەر کێشەیەکی دەروونـــی یان تەمبەڵیی خۆی کارەکەی خۆی فەرامۆش بکات و ئێمەش زیانی لێوەبکەین. لەڕاستیدا وامدەزانی هەر مامۆستاکانی ئێمـــە وابوون، کەچی پاشـــتر لەهەر قوتابیـــی قوتابخانەیەکی تر، ئایـــا ســـەرەتایی بێت یان بەرزتر، پرســـیبێت، هەمان دابونەریتی تێدابـــووە و بەوانیش زۆرجار وتراوە "بۆخۆتان ســـەعی بکەن". لەوەوە ئیتر ئێمەش فێربووین کە دڵســـۆز نەبین بۆ کارەکانمان، تەمبـــەڵ بین. ئەو مامۆســـتایانەش هەمان خورەوشـــتیان هەر لە کۆمەڵگـــە دواکەوتووەکەی خۆمانـــەوە وەرگرتووە. دیارە ئەگەر سەعیشمان بکردایە، نە لە خۆشەویستیمانەوە بووە بۆ خوێندن، نە لـــە دڵسۆزیشـــمانەوە بووە! بەڵکـــوو لەبەر ترســـی دارەکەی دەستی مامۆستاکەمان بووە..

مامۆستای وانەی کوردیمان ڕۆژێک هاتە پۆلەوە، ئێمە هێشتا لــە "دارا دوو داری دی"دا بووین، مزراحێکی بەدەســتەوە بوو. نازانــم بەتــەواوی ئەو مزراحەی لە کوێ بــوو، بەڵام هەردەبێت لە قوتابییەکی ســەندبێت و دیارە بەدڵنیاییەوە تێیشــی هەڵدابوو. ئەو ڕۆژە ئەو مامۆســتایە هەرچییەکی بپرسیایە و نەمانزانییایە بەو مزراحە دەیکێشــا بەســەرماندا. مزراح تەمتەمەیەکی ئاسنی پێوەیــە لــە مێخی ناڵــی وڵاخ دەچێت، ئــەو وەنەبێت بە ســەرە پانەکەیدا بکێشــێت بەســەرماندا، بەڵکوو بە سەری تەمتەمەکەی پێیدا دەکێشــاین. ئیدی چۆن خوێندنمان خۆش بوویێت و دڵسۆز بیــن بۆی! هەڵبەت هەریــەک لە هاوتەمەنانی مــن و گەنجتریش چیرۆکــی لێــدان و ســووکایەتیی مامۆســتاکانیان زۆر لایــە و خــودی خــۆم هیــچ جیاوازییەکی ئــەو مامەڵانە لەگــەڵ ئەوەی ئەمنە ســوورەکەی ســلێمانیدا نابینم. دیارە نابێــت بڵێم تەواوی مامۆستاکانمان بەوشێوەیە بوون، بەڵام دەتوانم بڵێم ژمارەیەکی زۆر بەرچاویان بەوشێوەیە بوون و لەوانەیە خراپتریش!

پاش ســاڵانێک کە هاتمە ئەورووپا، بەگشتی مامۆستای ئێرەم بینی چەند دڵســۆزە بــۆ کارەکەی. چۆن هــەوڵ دەدات هەرچی چۆنێک و بەهەرشێوەیەک بێت خزمەتی قوتابیان بکات. کرێکاری ئێرەم بینی چۆن دڵسۆزە، چۆن هەموو ڕۆژێک بەلایەنی کەمەوە بــەردەوام هەشــت کاژێــر کاردەکات. چۆن ئەو دڵســۆزییەیان بووەتە هۆی درووستکردنی ئەو شارستانییەی کە ئەستەمە ئێمە پاش سەدان ساڵی تریش بیگەینێ!

نموونەیەکــی ســەیری دڵســۆزی بــۆ کارکــردن لەنێــو فەرمانگەکانــی کوردســتاندا، ئــەم چیرۆکە ڕاســتینەیەیە، کاتی

خـۆی لە یەکێک لە شـارۆچکەکانی سـەربە شـاری سـلێمانی، بەڕێوەبەری تاپۆی ئەو شارۆچکەیە زستانان هەموو ڕۆژێک لە فەرمانگەکەی دەسـتەوارەیەک دۆکومێنت و کاغەزی کاروباری هاولاتیانـی بردووەتە ماڵەوە تاوەکوو بیخاتە ناو سـۆپاکەیەوە بـۆ خۆگەرمکردنەوە! کە لێیان پرسـیوە ئەمـە نابێت و لەوانەیە بەهۆیـەوە تاپۆی موڵکی کەسـێک بفەوتێت!، ئەویـش لەوەڵامدا وتوویەتی ئەوەی مەبەسـتی بێت وەدووی کارەکەی دەکەوێت و دێتەوە سەرمان! بەراوردی ئەم ڕووداوە بکە بەو هەموو تۆمار و دۆکومێنتانەی کە سەدان ساڵ لەمەوبەر نەک لە شارۆچکەیەک بەڵکـوو لـە گوندێکـی ئەوروپـا و چیـن و ژاپۆنـدا دەربـارەی کێڵگەکانیان درووستکراوە و تاوەکوو ئێستاش پارێزراوە.

گوندی شـەمە کەوتۆتە بناری شـارەزوورەوە و پێموابێت لە سـلێمانییەوە هەر ٣٠ کیلۆمەترێک دووردەبێت، بەپێودانگی ڕێگاوبانـی ئێسـتا، نزیکـەی ٤٠ خولەکێـک لە سـلێمانییەوە دوورە. ئەو گوندە و گوندی "وێلەکە"ی دراوسـێی بە کاڵەکی چاک بەناوبانگن. ئێستا باوەڕناکەم بەرهەمی کاڵەکیان وەکوو جـاران مابێت، ئەدی ئەوانیش ئێسـتا دۆی لە ئێرانەوە هێنراو دەخۆنـەوە! مـن زۆرجار لە سـلێمانی لە مەیدانی سـەوزە و میوەفرۆشـەکان گوێم لێبووە کە فرۆشـیارەکان بۆ ناساندنی شـەمەکەکانیان هاواریانکـردووە "کاڵەکـی شـەمە و وێلەکە"! وەرزی کاڵـەک ڕنیـن خۆشـترین کاتـی گوندی شـەمە بوو. زۆرترینـی سـەردانیش بۆ گوندی شـەمە هەر لـەو وەرزەدا بوو. زۆرچاک بیرم دێت ئەوکاتەی کاڵەکەکان کۆدەکرانەوە و دەخرانە گوێنییەوە، گوێنییەکان نیوەی زۆری بەشی خوارەوەی

بریتیبــوون لە کاڵەکی نەگەییوو، بــەو کاڵەکانە دەوتران زرک یان زرکی کاڵ. لەســەری گوێنییەکەشدا چەند کاڵەکێکی جوان دادەنرا و دەیاندوورییەوە و پاشان ئۆتۆمۆبێلەکان دەیانبرد بۆ سلێمانی بۆ فرۆشتن. زۆرجار گوێم لێبووە کە سەری گونییەک نێردراوەتەوە گوندییەکان بەگاڵتەوە گوتوویانە "بەخوا وابزانم دوو کاڵەکی باشــی تێدایە"! دەمێکە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە دڵسۆزی جووتیارەکانمان بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی چاک هیچیان لە دڵســۆزیی مامۆستاکانی ئەوکاتمان زۆرتر نەبووە و نییــە. ناوچەیەکــی وەک بازیان باشــترین جۆری برنجی لە کوردســتاندا هەیە. ئەو برنجە پێــش ئامادەکردنی بۆ خواردن ئەوەندە پیســە، دەبێت چەند جارێک بیبژێریت و بیشــۆیتەوە، ئەگەرنــا دان لە دەمتدا نامێنێــت چونکە هەمووی وردەبەرد و داڕوجانە. لەخۆم دەپرســم برنجی بازیان بۆ ئەوەندە پیس و داڕوجانــاوی بێت و ئــەوەی تایلاند و کەمبۆدیــا بۆ ئەوەندە جــوان! ئەگــەر پێم بڵێیت لــە تایلاند بەرد نییە و کوردســتان هەمــووی بــەردە، ناچــارم بڵێم ئــەی تورکیا پڕە لــە بەرد و وڵاتێکــی شــاخاوییە، بۆچی تەنیا بەردێک لــە برنجی تورکیدا نابینرێت!

پەروەردە لای ئێمە چ لە قوتابخانە و چ لە ماڵ بەگشتی زۆر خراپ بوو، تا ئێستاش لە زۆر شوێن بەو شێوە دواکەوتووانەیە. منداڵ هەر لە منداڵییەوە سەرشکێن دەکرێت و کەسایەتیی لاواز دەکرێــت. لــە ماڵەوە پێی دەوترێت، دانیشــە تۆ گــەورەی، مەکە عەیبــە، لێیدەدرێــت. لــە قوتابخانــە کاتی خۆی هــەر قوتابییەک

وانەکەی نەزانیایە سروودی "تەمبەڵی بۆ تەلەبە"ی[٢] بۆ دەوترا. ئەمە بیرم دێت زۆر قوتابیی دەشکانەوە. یان ئەگەر ئەو قوتابییە هەڵەیەکی بکردایە مامۆستا دەیوت "ئادەی چەپڵەیەکی بە نینۆک بۆ لێدەن"! ئێمەش نینۆکمان دەدا بەیەکدا و بەو قوتابییەی هاوڕێمان پێدەکەنین تاوەکوو سووک و ڕیسوا ببێت!. بەڕاستی پەروەردەمان کارەسات بوو. ئەگەرچی ئێستا دیاردەی لێدان و جنێودان کەمبووەتەوە، بەڵام بیری پەروەردەیی و بنچینەی ماتریاڵەکانی هەر هەمان بۆنی ئاودەستەکانی ئەوسای قوتابخانەی دەرگەزێنە!

لای ئێمە کرێکار خواخوایەتی چاوی سەرکاری لێوە دیار نەبێت، تاوەکوو سەرخەوێک بشکێنێت! مامۆستا دەیەوێت چاوی بەڕێوەبەری لێوە دیارنەبێت تاوەکوو وانەکەی نەڵێتەوە. بەڕێوەبەریش دەیەوێت پشکنەر نەیەتە قوتابخانەکەیەوە، تاوەکوو لەهەر بەڵایەکی نادڵسۆزی لە کارەکەیدا بەدووربێت و تاوەکوو دەگەیتە ترۆپکی کارگێڕیی وڵات بەوشێوەیەیە. هەریەک هەوڵ دەدات کاری خۆی بەملی هاوکار یان خوارتری خۆیدا بدات و خۆیشی بێ هیچ ماندووکردنێک مانگانەی خۆی وەربگرێت. بەکورتی کۆمەڵگەی ئێمە، بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا کۆمەڵگەیەکی تەمبەڵە. دەمانەوێت

٢ سروودەکە ئەمە بوو:
تەمبەڵی بۆ تەلەبە، ڕەفیقان بەخوا عەیبە. هەرچی دەرس نەزانێ، لەتێ نانی نادەینێ. تەمبەڵ تەمبەڵ، پیس و چەپەڵ.
زۆر چاک بیرم دێت سروودی «تەمبەڵی بۆ تەلەبە» یەکەم سروود بوو کە مامۆستاکان فێریانکردین!، نەک ئەوەی بۆ نموونە دەڵێت: «چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم»!.

مانگانەمان هەبێت و لە ماڵەوە ببینە دابەستە و کە فێنکیشی کرد بچینە دەرەوە بۆ پیاسە و ئەملاولا و زستانیش بەدیار زۆپا بۆرەکەوە پاڵی لێبدەینەوە. هەر بۆیە پێش ئەوەی جەژن بێت، یەک دوو ڕۆژێک پێشەلەقەمان هەیە و دوای جەژنیش دوو ڕۆژ پاشەلەقە! ئەگەرچی لەوانەیە بەشێوەیەکی فەرمی جەژنەکە سێ ڕۆژ بێت کەچی نزیکەی دە ڕۆژ لە وڵاتدا پشووە! ئەوانە هەمووی لە تەمبەڵیی ئێمە و نادڵسۆزیمان بۆ کارەکانمان سەرچاوەی گرتووە، بەشێکی گرنگیشن لە نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش کە گرنگترین پێکهاتەکانی نەتەوەییانەی نەتەوەیەکە.

خانووەکانی گوندی شەمە لە خشتی کاڵ درووستکرابوون، سەربانەکانیشی بە دارەڕا و گڵەبان. تەیمانی یان گەوڕی ئاژەڵان هەر لەناو ماڵاندابوون، هەرچی پیسایی و پاشەڕۆکی ئەم گەوڕانە هەبوو دەکرانە بەردەرگای ماڵان و پێیان دەوت سەرەنوێلک، ئەم سەرەنوێلکانە شوێنی هەڵبژاردەی یاریی منداڵان بوون، چونکە وەکوو گردێک بەرزبوون. بەکورتی هەرچی دیاردەی پاکوخاوێنی و تەندرووستی هەیە لەو ماڵانەدا نەبوون. ئەو گوندییانە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بەو شێوەیە ژیاون. خانووەکانیان تاوەکوو بڵێی خراپ بوون، نزم و تاریک. لەو ماوە زۆرەدا گوندییەکانی کورد نەیانتوانیوە ئەو خشتە کاڵانە سووربکەنەوە تاوەکوو زۆرتر بەرگەبگرن و بە ئاوی باران نەشۆردرێنەوە. جگەلەوەش نەبنە ژینگەیەکی ئاسان بۆ مار و مێروو و مشک و جانەوەری تر. سەربانی گوندەکانی ئێمە گەلێک خراپ درووستکرابوون، لەو هەموو ساڵەی مێژووی گوندەکانی کوردستاندا تاکی کورد

بیری لـه ئەڵتەرناتیڤێکی تـر[٣] نەکردووەتەوە بۆ سـەربانەکان. سـەربانە قوڕەکان تەختن و دەبێت پاش هەر بارانێک کای پێوە بکرایـە و بـە بانگردێنیـش بگێڕدرایە تاوەکوو بپەسـترایەتەوە. ئنجا هەر دڵۆپەشی دەکرد. جگەلەوەی مەترسیی ڕمانی لە کاتی بەفربارینـی زۆردا هەبـوو. هەروەها دەبووایە سـاڵانە یان دوو ساڵ جارێک بە قوڕ سواغ بدرانایەتەوە. وڵاتی ئێمە وڵاتی بەردە، هیـچ ماڵی گوندییەکم نەبینی حەوشـەکەیی بەردرێژ کردبێت، چ نەبێت تاوەکوو بەهۆیەوە لە زسـتاندا حەوشـەکەیان نەبێتە قوڕ و لیتـە و هاوینانیـش نەبێتە خۆڵەپەتانی! باسـی سـەوزایی ناو گونـدەکان ناکەم، گوندم بینیوە بەهەمووی پێنج داری ڕێکوپێکی تێدانەبووە. ئەگەر تەمبەڵی نەبێت هەموو ماڵێک دوو داری تووی بڕواندایە نە ئاودانیشی دەویست و نەخزمەتیش.

لە زسـتاندا ئـەو زۆپـا تەنەکەیەی لـە ناوەڕاسـتی ژووردا دادەنرا هەموو ڕووبەری ژوورەکەیی دەکوشت. لە هەرلایەکەوە بڕۆیشـتیتایە دەبووایە خۆتت لـە زۆپا لابدایـە. نازانم، نەدەکرا لـە سـوچێکی ژووری دانیشـتندا بەجۆرێکـی تـر ئـەو زۆپایە درووستبکرایە!

زۆرتریـن ڕێژەی مەنگۆلەکان ڕەوەندن، ئەمانە هەر ماڵێکیان خێوەتێکـی گـەورەی هەیـە. ناوچەکانیـان زۆر سـاردە، لەناو خێوەتەکەیانـدا زۆپایەکی زۆر باشـیان ئافرانـدووە، ئەم زۆپایە لەهەمان کاتدا گەرمیاندەکاتەوە و خواردنیشی پێ ئامادەدەکەن، تەنانـەت لایەکی زۆپاکەیـان وا درووسـتکردووە کە وەک فڕن وایـە بۆ درووسـتکردنی نان. ئێمە تەنانـەت نەمانتوانیوە نیوەی

---

٣ چونکـە هەرگیز بیرمان لـە ئەڵتەرناتیڤ نەکردووەتەوە، بۆیە وشـەیەکی کوردیمان بۆی نییە و زۆجار وشەی «بەدیل»ی عەرەبیمان بەکارهێناوە.

بیرۆکــەی زۆپــای مەنگۆلــە ڕەوەندەکانیش بۆ خۆشــیی ژیانی خۆمان بئافرێنین!

تەلارســازیی کورد تاوەکوو ئەم ســەردەمەی ئێستامان زۆر دواکەوتووە. لە کوردســتان کەم خانوو یان پەرســتگایەک هەیە جێگەی سەرســوورمان و شــانازیی ئێمە بێت. دیارە مەبەســتم لەوانــە نییــە کە بۆمــان درووســتکراوە. وەک قــەڵای هەولێر و ئــەو کڵێســایانەی کە ئەرمەنییــەکان لە چــواردەوری گۆلی وان درووســتیانکردووە و هیــی تر. ئەمانــە نابنە شــانازی بۆ ئێمە چونکــە بەبیری کورد درووســتنەکراون، بەڵکــوو بەجۆرێکی تر دەبنە شــانازیی ئێمە چونکە لە وڵاتەکەی ئێمەدایە و ئێمە ئێســتا "خاوەنیانین". قەڵای هەولێر یەکێکە لە شوێنە نیشتەنییە کۆنەکانی نەک هەر کوردســتان بەڵکــوو جیهانیش، ئــەو قەڵایە ئەگەرچی کــورد لە بنەڕەتدا درووســتینەکردووە و زۆرتر پەیوەندیی بەو گەلە کۆنانەوە هەیە کە کاتی خۆی لە کوردستاندا ژیاون، لەگەڵ ئەوەشــدا نەمانتوانیوە ڕێزی بگرین و ئەو ماڵانەی تێیدابوون بە درێژایی مێــژوو نۆژەنیانبکردنایەتەوە. هەر بۆیە گەڕەکی قەڵای هەولێر دواکەوتووترین گەڕەکەکانی ئەو شــارە بووە. بەگشــتی بیری تەلارسازیی کورد چ لە شار و چ لە گوندەکان بریتی بووە لە دوو ژوور و هەیوانێک و کۆڵەکەیەکیش لە ناوەڕاستدا!

هەرچەنــدە زۆرتر لە چواردە ســەدەیە خەریکی هاتووچۆی مزگــەوت و درووســتکردنی مزگەوتیــن، بەڵام تاوەکوو ئێســتا نەمانتوانی ستایلێکی خۆماڵی بۆ درووستکردنی مزگەوتەکانمان دابهێنیــن. ئــەو کەمــە مزگەوتــە جوانانەی لــە کوردســتاندان، ئەرکیتێکتەکەیــان یــان ئێرانــی یــان عوســمانییە و ئێمــە هــەر

وەرگربووین. ئەوانی تر بریتین لە چەند بینایەکی گشتیی سادە و ساکار بەبێ ئەوەی هیچ دیاردەیەکی تەلارسازیی جوانی تێدا بەدی بکرێت. هەموو ئەرکیتێکتی مزگەوتی گوندەکانی ئێمە تەنیا هۆڵی نوێژکردن و ئەو حەوز و ئاودەستە پیسانە بوون کە پێشتر باسمکردن. لەمدوادواییانەدا ئەو مزگەوتە دواکەوتووانە بوونە ئەوانەی کە لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە درووستکران و ئەرکیتێکتەکەیان وەکوو بیرەکەیان، عەرەبیی تەواوە.

زۆرجار بەکەناری ئاوی "راین"دا چ بە شەمەندەفەر، چ بە ئۆتۆمۆبێل بۆ سویسرا ڕۆیشتووم. ئاوی ڕاین بە بەشێکی زۆری باشوور تاوەکوو ناوەڕاستی ئەڵمانیادا دەڕوات. ئەمبەر و ئەوبەری ئەو ڕووبارە هەردەڵێی بۆ ئەوە کراوە کوردێک پێیدا بڕوات و بەچاوی خۆی ئەوەی بۆ دەربکەوێت کە کوردستان و کورد چەند دواکەوتوون، خەڵکی کورد چەند بێ شانازین! لەو کەنارانەدا دەیان کۆشک و خانووی گەورەی کۆن لەسەر گردۆڵکەکانی دەبینیت، کە جێگای شانازی و تەلارسازیی ئەڵمانەکانن. بەڵام هەموو جارێک کە بەوێدا دەڕۆم و چاوم بەو کۆشکانە دەکەوێت، ئەو وڵاتە داماوەی خۆمانم بیردەکەوێتەوە کە چی وای تێدانییە. بیری میرانی بابان و سۆران و بادینان و ئەوانی ترم دەکەوێتەوە کە نەیانتوانیوە کۆشکێکی وا درووستبکەن، کە ئێستا ئێمە شانازیی پێوەبکەین و بڵێین ئەمە کۆشکی ئەو میرەی کوردە و ئەو تەلارسازییەشی بیر و هزری کوردەوارییە. هەر کۆشکێکی میر لە کوردستاندا ببێت، زۆربەیان بە دەستوپەنجەی وەستای ئێرانی و تورکی درووستکراون، دیارە ئێمە لە تارانەوە وەستا بێنین بۆ لانکێکی سادە[٤]، ئەدی چۆن خۆمان کۆشکمان

٤ وەستا بێت لە تارانێ، لانکێ درووستکا بۆ چاوجوانێ!

بۆ دروستبکرێت! هەر بۆیە ئێمە ئێستا مافی خۆمانە لە خۆمان و باپیرانمان بپرسین، ئێوە کە کۆنترین ڕەگەزی نیشتەجێی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوینن!، ئەی بە درێژایی ئەو هەزاران ساڵە چیتان کردووە؟!

چەند جارێک لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە هاتووچۆی وڵاتم کردووە، ئەو فڕۆکەخانەیە بەبیری تەلارسازیی تورک دروستکراوە، زۆرجار کارمەندی تورکم لەوێ بینیوە خەریکی فراوانکردنی فڕۆکەخانەکە بوون، واتە بیری وەرگرتن و هێنانی وەستای تورکی و ئێرانی هەر بەردەوامە.

لێرەدا بۆ کۆڵەواریی تەلارسازیی کوردەواری بەپێویستی دەزانم چیرۆکێکی ڕاستینەی ڕەوانشادی باوکم بگێڕمەوە. باوکم لە کاتی خۆیدا و بەپێوەری کوردستان یەکێک بووە لە وەستاباشییەکانی سلێمانی. لە کۆتاییی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سینەمای دڵشادی ئێستا نەماوی دروستکردووە و زۆرینەی گەرماوەکانی سلێمانی ئەو دروستی کردوون. کە دەستی کردووە بە دروستکردنی یەکەم گەرماو کە پێموابێت گەرماوی "سەرچیمەن" یان "نالی"ی چوارڕێیانی "نالی"یە لە شاری سلێمانی، کێشەی دروستکردنی گومبەزەکەی هەبووە. چونکە لە هەموو سلێمانیدا کەسێک یان وەستایەک نەبووە بتوانێت گومبەزی گەرماو دروستبکات. پاشان ناونیشانی وەستایەکیان لە کەرکووک بۆ هەڵداوە و چووەتەلای، ئەویش لەوکاتەدا خەریکی دانانی گومبەزێک بووە لە کەرکووک، بەڵام کابرا پڕکاربووە و نەیتوانیوە بێت بەهانای باوکمەوە، بەڵام باوکم خۆشبەختانە لەو گەشتەیدا بۆ کەرکووک، نهێنییەکانی دروستکردنی گومبەز لە کابراوە فێربووە و گەڕاوەتەوە بۆ

سـلێمانی، خۆی گومبەزەکەی درووسـتکردووە. بـەڵام دڵنیانیم لـەوەی کە وەسـتای کەرکووکی، کورد بـووە یان تورکمان یان ئاشووری یان کلدانی! ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت لەم چیرۆکەی هەڵبهێنجم ئەوەیە کە شـاری سـلێمانی مێژووی دووسەدساڵی هەبووە و وەستایەکی تێدانەبووە یان بیری لەوە نەکردووەتەوە بتوانێت گومبەزێک درووسـتبکات، کەچی مێژووی شارسـتانیی گەورەتریـن وڵاتی دنیا هەر چەند سـەد سـاڵێک دەبێت! لێرەدا پرسـیاری مـن ئەوەیە، دەبێـت جیاوازیی نێـوان بیرکردنەوەی کوردێک و ئەمریکییەک چی بێت؟! ئەوان بتوانن لەو ماوە کەمەی پـاش پەڕینەوەیـان لە ئۆقیانـووس! هەموو جیهـان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و ئێمەش لە شـارێکی وەک سلێمانیدا نەتوانین گومبەزێک درووستبکەین..

شاری سـلێمانی لە سـاڵی ١٩٦٩وە زانکۆی تێدایە، هەزاران دەرچووی کۆلیژی تەلارسازی و ئەندازە و پەیمانگای تەکنیکیی تێدایـە، چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر لەسـەر ڕووبار یـان جۆگەی چەقچەق بەستێکیان درووستکرد، بەستەکە بەرگەی یەک بارانی بەهێـزی نەگرت و ڕووخا!، بەهۆیەوە خەریک بوو چەند دێیەکی خوار بەسـتەکە ئاو بیانبات. دیسـان لەخۆم دەپرسم ئەو بەستە بچکۆلەیەی سـەر ئاوی چەقچەق کـە لە چاو هەردوو ڕووباری سـیروان و دوکاندا جۆگەلەش نییە و بە بیری ئەندازیاری کورد درووسـتکرا بۆچی بەرگەی یـەک لافاوی نەگرت!، ئەی ئەوانەی دوکان و دەربەندیخـان کە نیوسـەدەیە ملیۆنـان جاری ئەوەی چەقچەق ئـاو گلدەدەنەوە بۆچی ناڕووخێـن؟! دەبێت جیاوازیی نێوان ئەندازیارانی بەستەکانی دوکان و دەربەندیخان و ئەوانەی بەسـتی چەقچەق چی بێـت؟! ئەی دەبێت جیاوازیـی نێوان ئێمە

و تــورک چی بێت، ئەوان هەموو باکووری کوردســتانیان کردە بەســت و واخەریکــە شــوێنەواری حەســەن کێفیــش ژێرئاوی بەستەکانیان دەخەن!

پەندێکی "کوردی" هەیە دەڵێت "بزن بۆ تاکە ســەعاتێک جێی خــۆی خۆشــدەکات"، ئێمە نەک بــۆ تاکە ســەعاتێک! بەڵکوو بۆ هــەزاران ســاڵیش نەمانتوانــی جێی خۆمان خۆشــبکەین! و ئەو بزنەشــمان تێدانەبوو! هەر لەوەوە ئــەو پەندە بە کوردی نازانم، چونکــە لە هیچ کات و بارێکــدا ئەگەرچی وڵاتی ئێمە وڵاتی بزنە و بــزن و مــەڕداری هەر پیشــەمان بــووە، کەچی لــەو بزنەوە فێرنەبوویــن و شــوێن ئەو پەنــدە نەکەوتین. دیــارە پەندەکە لە دراوســێکانمانەوە وەرمانگرتــووە، وشــەی "ســەعات"ی بێگانە لەوانەیە پشتڕاستکەری ئەو ڕایە بێت.

شانازی بۆ مرۆڤێک یان نەتەوەیەک زۆر گرنگە، ئەم شانازییە دەبێتــە هێزکارێکــی دەروونــی بۆ خۆشویســتنی نیشــتمان. بۆ نموونە ئەڵمانییەک لە کاتێکدا ئۆتۆمۆبێلە "پۆرش"ەکەی لەســەر "های وەی"ە باشــەکانی ئەڵمانیا دەهاژوێ، ئەوپەڕی شــانازییە بــۆی، چونکە ئۆتۆمۆبێلەکە و هــای وەیەکە هەردووکیان زادەی بیــری خەڵکــی وڵاتەکەیین، ئەگەرچی ئەوان ئەســفەڵتیان نییە و ئێمە هەمانە! کە فەڕەنســییەک بەو پەڕی شانازییەوە لە کۆشکی لوڤەر بلیتی چوونەژوورەوەی ئەو مۆزەخانەیەت پێدەفرۆشێت، ئەوپەڕی ســەربەرزییە بــۆی کە لە وڵاتەکەیدا کۆشــکی واهیی و مۆزەخانــەی واهیــی هەیە. میســرییەک شــانازییەکی گەورە بــە هەوارگــەی شەرەمولشــێخەوە دەکات کە ڕۆژانــە هەزاران گەشــتوەری بــۆ دەچێت! هیندییــەک بۆی هەیە شــانازی بە تاج

مەحەلەوە بکات، چونکە بەبیری وەســتای هیندی دروووستکراون و جوانتریــن شــوێنەوار و مزگەوتــی دونیایــە و هەڵبــژاردەی سەرســوورهێنەرەکانی جیهانیــش بــوو. بــەڵام کــورد هیــچ شانازییەکی نییە. تاکی کورد جگە لە "هۆزەکەی" کە بە پێوەری خۆی جێی شانازییە! هیچی تری نەبووە، بۆ نموونە هەیە نازناوی جاف، قەراخی، شوکاکی بە هیچ سەروەرییەکی تری کوردستان ناگۆڕێتەوە. بەڵام نازانێت ئەوە شانازییەکی درۆیینەی ناو بازنە داخراوەکەی هۆزەکەیەتی و کەســێکی کەنەدی یان ژاپۆنی پاش هەزار ســاڵی تریش نازانێت جاف، قەراخ و شــوکاک بەریان لە کوێوەیە.

لە دەرگەزێن کە لە قوتابخانە دەهاتینە دەرەوە، ئەگەر بەیانیان بووینایــە هەمــوو هاوارماندەکــرد "نیــوەڕوان گــووی بەیانیان بەدەمتــان"، نیوەڕوانەکانیش بــە ئێمەیان دەوت "بەیانیان گووی نیــوەڕوان بەدەمتان" و بەپێچەوانەشــەوە، ئەمەمان بە ئاوازێکی حەماســییەوە وەک سروودێکی نیشتمانی بەکۆرس دەوت. ئەمە وەک دابونەریتێکــی لێهاتبوو، کەســێک نەبوو پێمــان بڵێت ئەمە نابێــت! ئــەم دووبەرەکییەی نێــوان هەردوو شــیفتی بەیانیان و نیوەڕوان شەڕی زۆری لێدەکەوتەوە.

چــاک بیری شــەڕە گەڕەکی ئەوکاتــەم هەیــە. ڕۆژێکیان لە قوتابخانــە بینیــم کۆمەڵێــک قوتابی یەکێک ســەری شــکابوو و یەکێک دەشــەلی و یەکێکی تر دەســتی بەســترابوو. ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو کە بیستم ئەوانە دوێنێ لەگەڵ گەڕەکی چوارباخدا شــەڕیان کــردووە و شــەڕەکەش زۆرتر بە بــەرد و بەردەقانی - قۆچەقانــی دەبــوو. کوڕانــی گەڕەکەکانی ســلێمانی زۆرجار

شــەڕەگەڕەکیان دەکــرد، بۆ نموونە ســەرکارێز و چوارباخ یان گۆیژە و سەرشەقام. ئەمە تا هەفتاکانیش زۆر باو بوو لە سلێمانی و بەردەوامیش ڕوویداوە. نموونەیەکی تری ئەو دەستەگەرییەی کوڕانی گەڕەک، جەژنان بوو لە شــوێنی یاری و سینەماکان. لە ســینەما هەر دەستەیەک چەند پشــتوێنێکی لە ڕیزە کورسییەک دەدا و بۆ کەس نەبوو دەستکارییان بکات، ئەگەرنا ئەوا دەبووە شەڕێکی گەورە!

لەڕاستیدا ئەم شەڕە گەڕەکەی ئەوکاتە، ئێستا گواستراوەتەوە بــۆ هەندەرانیــش. بەڵام بەشــێوەیەکی تر، بۆ نموونــە، کەمجار ڕوودەدات کە ئاهەنگی کوردی بکرێت و شەڕی تێدا ڕوونەدات! شەڕی ناو ئاهەنگە کوردییەکان وایلێهاتووە، کە لە وڵاتێکی وەک هۆڵندا، هەرکە لە هەر شوێنێک ئاهەنگی کوردی دەبێت کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبێلــی پۆلیــس ماوەیەک بەر لە دەســتپێکردنی ئاهەنگەکە پاسەوانیی شــوێنەکە دەکەن تاوەکوو تەواودەبێت. زۆر خێزانی کورد هەیە بەشــداری ئــەو ئاهەنگانە ناکەن، چونکــە نایانەوێت تووشی کێشە و بەزم ببن و لەوەشدا مافی خۆیانە.

لە شــەمە ئەگەرچی ئەو چەنــد هاوینەی لەوێ دەبووم هیچم نەبینی یان من منداڵ بووم هەستم پێیان نەدەکرد، بەڵام زۆرجار هەر لە شەمەییەکانەوە بیستوومە کە کاتی خۆی زۆرجار لەگەڵ گوندەکانی تردا شــەڕەتێڵا یان شــەڕەتفەنگیان کــردووە. هۆی زۆربەی شــەڕەکانی نێوان گوندەکانی کوردســتان دەگەڕێتەوە بــۆ جیاوازیــی خێڵەکی. بۆ نموونە ئەم گوند ســەربەم خێڵەیە و ئــەوی دی ســەربە خێڵێکی دی. یــان بەهــۆی ژنوژنخوازییەوە کێشــەیان دەبێــت و کوڕێــک، کچێــک هەڵدەگرێــت و هەرایەکی

گەورەی لێدەکەوێتەوە. کێشـــەی ئاو و ئاودێری چونکە لەوەتەی کورد هەبووە بەشـــێوەیەکی سەرەتایی و ساکار بەکاریهێناوە و نەیتوانیوە یەک هەنگاو پێشـــی بخات، گەورەترین کێشـــە بووە و لەوانەیە دەیان هەزاران کوژراوی لێکەوتبێتەوە. ئاو کێشـــەیەکە بەزۆری لە ســـێ شـــێوەدا خۆی بینیوەتـــەوە. گرتنەوەی ئاو یان گۆڕینـــی ڕێڕەوەکەی، بەردانەوەی ئاو بـــۆ خنکان و لەناوبردنی کشـــتوکاڵی خەڵکانـــی تر، بەردانی ئەســـتێڵ کە ئەمەشـــیان دوو کێشـــەی لێدەوێتـــەوە، ئەوانیـــش بەفیڕۆدانی ئـــاو و لەناوبردنی کشتوکاڵەکەی بەردەمین.

لەڕاســـتیدا ئەو ئاوەی لە کوردســـتاندا هەیـــە دەتوانرێت دوو بەرابەری ئەوەی لە کاتی ئاساییدا کشتوکاڵی پێدەکرێت، کشتوکاڵی پێبکرێت. بەڵام کورد هیچ جێدەســـتێکی بەسەر ئاودێرییەوە دیار نییە، ئەمەش پەیوەندیی بە بیرکردنەوە و تەمبەڵێتییەوە هەیە. هەر زەوییەک لە خوار ســـەرچاوەی ئاوێکەوە بووبێت، بەکارهێنراوە و بەشـــێوەیەکی ســـەرەتا و ســـاکار کشـــتوکاڵی تێداکراوە. ئیتر زەوییەکانی تریان خســـتووەتە بەر بەزەیی باران بۆ ئاودانیان. هەرگیز کورد بیری لەوە نەکردووەتەوە ئاو بۆ شوێنە بەرزەکان ڕاکێشـــێت. عەرەب لە کشـــتوکاڵدا زۆر لە ئێمـــە زیرەکتربوون و توانیویانـــە بەهۆی ئەو ئامێرەی پێـــی دەوترێت "ناعوور" ئاو لە ڕووبار و ســـەرچاوەکانی ترەوە بۆ زەوییە بەرزەکان ڕابکێشن و بیانکەنـــە زەویی بەراو. بـــەڵام جووتیارانی ئێمە ئەوەی بیریان لێـــی نەکردبێتەوە ئەوە بووە. تەنیا درووســـتکردنی ئەســـتێڵ لە کوردســـتان زانـــراوە و کارێکـــی تابڵێی ئاســـان بـــووە، ئەویش دانانـــی چەند بەربەســـتێک لەبەردەم کانییەکدا و ســـواخدانی بە قوڕ تاوەکوو ئاوەکە بەرەوخوار نەبێتەوە. ئەمە هەموو زانســـتی

ئاودێریی کوردەواری بووە! بەستەکەی ئاوی چەقچەقی سلێمانی گەواهیی نەبوونی هیچ سەرەتایەکی ئاودێری دەدەن لەناو کوردا. ئەم نەزانیی ئاودێرییە بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەر ساڵێک باران لە ڕێژەی ئاسایی کەمتر ببارێت، ببێتە وشکەساڵی و زۆرجاریش برسێتی و کارەساتی لێبکەوێتەوە. عەرەبەکان پێش هەزاران ساڵ بیریان لە ئاودێری و بەستی ئاو کردووەتەوە و بەستە بەناوبانگەکەی مەئرەب لە یەمەن بەڵگەیەکی دیاری ئاودێریی مێژووی وڵاتە عەرەبییەکانە، کەچی لە هەموو مێژووی ئێمەدا بەستێک نابینیت کورد درووستی کردبێت! ئەگەرچی تۆپۆگرافیی کوردستان زۆریش لەباربووە بۆ درووستکردنی بەستی ئاوی! ئەو پڕۆژە ئاودێرییەشی کە کاتی خۆی لە بەستۆرەوە ئاوی بۆ قەڵای هەولێر پێهێنراوە، ئەویش هەر کوردی نەبووە و ئاشوورییەکان لەسەردەمی سەنحاریبدا درووستیانکردووە!

کێشەی تریش لە ناو گوند و ڕەوەندەکانی کوردا زۆربوون، لەوانە سووتاندنی خەرمان و پاوانی یەکدی. ڕفاندنی ئەسپ وماینی یەکتری، بڕینی کلکی گوێدرێژی یەکتری، کوشتنی سەگی یەکتری و زۆری تر. بۆ نموونە یەکێک لەو چیرۆکانەی کە لەناو بنەماڵەکەی ئێمەدا باوە، چیرۆکی "تایەری هەیەر"ە. ئەم تایەرە خەڵکی شەمە بووە و کاتی خۆی بۆ ڕفاندنی ماینی خێڵێکی تر چووەتە گوندێکی ئەو شارەزوورە و لە تەیمانی ماینەکەدا خەریکی ئەوە بووە ماینەکە بفڕێنێت، بەڵام لەو کاتەدا مەیتەری ماینەکە دێتە تەیمانەکەوە بۆ ئاودانی، ئەویش لەژێر پووش و ئاخووڕی لای ماینەکە خۆی دەشارێتەوە. کە مەیتەرەکە ماینەکە دێنێتەوە مێخەکەی لە زەوییەکەدا بەڕانی ئەم تایەری هەیەرەوە دادەکوتێت. تایەریش فزەی بۆ نەکردووە و پاش

ڕۆیشتنی مەیتەرەکە مێخەکە لە ڕانی دەردەهێنێت و بەبرینداری و بەسـواری ماینەکەوە "سالم" و "غانم" دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شەمە. لەمەوە بزانن دیاردەی دوژمنایەتی و ویستی تالانی لەناو خێڵە کوردەکاندا تا چ ڕادەیەک بووە.

زۆرجـار لێرە و لەوێ بیسـتوومە گاڵتە بە عەرەب کراوە کە لەسەر کوشـتنی وشترێک نزیکەی چل سـاڵ شەڕیانکردووە و "جەنگی بەسـوس"یش بە نموونە دێننەوە. بەڵام لای خۆشـمان لەسەر کوشتنی سەگێک چەند کەسێکی لەسەر کوژراوە و دەیان سـاڵ دوژمنایەتیی بەچەند نەوەیەکدا بردووەتە خوارەوە. بەڵام عەرەبـەکان لەبـاری تۆمارکردنـەوە زۆر لە ئێمـە زرنگتربوون و چـاک و خراپـی خۆیانیـان تۆمارکـردووە، کەچی ئێمە شـتە باشـەکانی خۆشـمانمان تۆمار نەکردووە! بەڵام مەلا کوردەکان بەشدارییان لە تۆمارکردنی شتە باشەکانی عەرەب کردووە!

گەڕەکی گۆیژە، یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی، ئەوکات لەو گەڕەکەدا لە هەموو جۆرە توێژێکت دەبینی، توێژی شـاری، توێژی تازەشـاری کە لە ناوچەکانی دەروروبەری سلێمانییەوە هاتبوونـە شـار. ئـەم پێکهاتانە زۆر بەئاسـانی لـەو گەڕەکەدا گوزەرانیـان نەدەکرد، هەر بۆیە ڕۆژانە دەمانبیسـت لەو کۆڵان یان لەم کۆڵان یان لە کۆڵانی خۆماندا شەڕێک بووە. شەڕەکانیش لەسـەر شـتی هیچ و پووچەوە گەورە دەبوون و زۆر بەئاسانی دوو دراوسێ بە ژن و پیاو و منداڵەوە دەیاندا بەیەکدا. زۆرجار دوو دراوسـێی ماڵ بە ماڵەوە بۆ چەندین سـاڵ قسـەیان لەگەڵ یەکتریـدا نەدەکـرد. ئەو شـەڕانەی کە وەک پیشـەی ڕۆژانەی لێهاتبوو هەمان دووبەرەکیی هۆزەکان و ناوچەکانی دەوروبەری

سـلێمانی بوو و بۆ شـارێکی وەک سـلێمانی گوواسترابووەوە. تواندنـەوەی هـۆز و خێڵەکانی کـورد لەناو ڕەگـەزی کوردا بە درێژایـی مێـژوو پرۆسـەیەکی سـەخت بووە و ئێسـتاش هەر بەردەوامە. بنەماڵە هەیە سـەدان ساڵە لە شارێکدا دەژین کەچی ئێسـتاش کرمـی هۆزەکەیان لە مێشـکیاندا دەبزوێت!، هەر بۆیە مـن ئەگەرچی باوانم لە شـارێکی وەک سـلێمانی لەدایکبوون و مێژووی بنەماڵەکەمان لەو شارەدا لە سەدەیەک زۆرترە، کەچی زۆرجار بەهۆی ئەو بیرەوە لێم پرسراوە، "ئایا بە ئەسڵ خەڵکی کوێی"؟!

هەندێـک لە بیرەوەریی تری گەڕەکی گۆیـژەم لە هەفتاکاندا، بیسـتنی کوژرانـی دوو ئافرەت بوون بەناوەکانـی خاتوو فاتمە کـە پێیـان دەوت "فاتـە تەماتە" و ئەوی تریـان خاتوو کافێ کە پێیان دەوت "کافە کالۆس". من ئەو کات نەمدەزانی ئەوانە بۆچی کوژران و هۆیەکەی چی بوو. بەڵام پاشـتر چونکە خاتوو کافێ دراوسێمان بوو لە منداڵانی کۆڵانەوە هۆی کوشتنەکانیانم زانی، بـەڵام چونکـە زۆر منداڵ بووم هەر بەباشـی بـۆم نەدەچووەوە سـەریەک. ناوی ئـەو دوو ئافرەتـە داماوەم هـەردەم لەیادە و هەرگیز بیرم ناچنەوە. ئێسـتا سـی سـاڵێک زۆرتر بەسـەر ئەو دوو ڕووداوەدا تێپەڕیـوە، بـەڵام لەجیاتی ئـەوەی بکوژانی ئەو دوو مرۆڤـە دادگایـی بکرێـن، کەچـی ئێسـتا ژمـارەی ئافرەتە کوژراوەکانمان بوونەتە هەزاران و بووینەتە یەکەمین "نەتەوە"ی ژنکـوژ لـە جیهاندا، بەو حاڵەشـەوە هێشـتا داوای دامەزراندنی دەوڵەت دەکەین و خۆمان بە نەتەوە دەزانین!

هەر لە دەمێکەوە هەستم بەدیاردەیەکی سەیر کردووە، ئەویش لێکنەچوونی گشتیی ئەتنیی کوردە. ئەو هۆزانەی کە ئەمڕۆ پێیان دەوترێت "کورد" زۆر جیاوازن لە یەکدی. کورد هەیە ڕەشە، هەیە سپییە و زۆربەمان گەنم ڕەنگین. هەیە ئەستەمە بتوانیت لەگەڵ عەرەبێکدا جیای بکەیتەوە. هەمانە دەموچاوی هیندی یان پاکستانیی تەواوە. کورد هەیە دەڵێی ژاپۆنی یان چینییە. چاوی شین، سەوز، ڕەش و قاوەیی لە هەموو شوێنێک دەبینرێن. ئەمەم زۆر بۆ نەدەچووەوە سەریەک تا باشتر خۆم و کوردم ناسی.

گەلێک لە گەشتوەران و کوردناسان، کاتێک هاتوونەتە کوردستان، سەرنجی زۆریان لەو قەلا و قەلایچە و گردە دەستکردانەی داوە، کە بۆ زۆربەیان بووەتە مایەی سەرسوڕمان! هەر بەڕاستیش وایە، تەنیا سەرنجێکی دەشتی شارەزوور لە باشووری ولاتدا، ئەو ژمارە زۆرەی ئەو قەلایچە و تەپانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر زوو، هەموویان بەمەبەستی جەنگی و خۆپاراستن بەکارهێنراون. بەلام ئەوەی جێی سەرنجە، تەواوی ئەو قەلایچانە بۆ خۆپاراستن لە هێرشە دەرەکییەکان بەکارنەهێنراون، ئەگەر وابووایە، ئەوا دەبوو بۆ نموونە لە بەشی باشووردا ئەو قەلایچە و تەپانە زۆربەیان لە نزیک زنجیرە چیای حەمریندا بوونایە. کەچی بەپێچەوانەوە، زۆربەیان لە نێو قولایی کوردستاندان. دیارە ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر بۆ نموونە کاتی خۆی لە شارەزووردا یەک دەستەلات بەڕێوەی نەبردووە و لەو ڕووبەرە کەمەدا، چەند دەستەلاتێکی تێدابووە و بۆ خۆپاراستن لە یەکتری ئەو قەلایچانەیان دروستکردووە. ژمارەی ئەو تەپ و قەلایچانە لە کوردستاندا، دەتوانم بلێم بەسەدانە و

زۆرتریش، کەچی لە هەموو سنووره نەتەوەییەکانماندا، لەوانەیە تەنانـەت دوو قـەڵای ڕێکوپێـک نەبینین، ئەمە سـەرئەنجامێکی واهیی بەدەسـتەوە دەدات، کە خەڵکی کورد، یان کوردسـتانییە کۆنەکان، هێنـدەی گوێیان بەخۆپاراسـتنی خۆیان داوە لە دژی یەکتری، هێندە گوێیان بە هێرشە دەرەکییەکان نەداوە و هۆکاری جوگرافی کە لە چیاکاندا خۆی دەبینێتەوە، بەو کارە هەڵسـتاوە، هەرچەنـدە ئەمە لە هەموو شـوێنێکی کوردسـتاندا ڕۆڵی مەزن نابینێت، ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستان یەکێکە لەوانە.

هەڵبـەت لە سـەردەمی میرنشـینەکانی کوردیشـدا هەر بەو شـێوەیە بووە، زۆربەی ئەو قەڵا سـەربازییانەی لە کوردستاندا هەبوون لە نێوان سـنووری میرنشـینەکاندا بوون نەک لەسـەر سنووری "نەتەوەیی"ی کورد. لێرەدا بۆ نموونە قەڵا سەختەکەی پاشا کۆرەی میری سۆران لە ناوچەی قەشقۆڵیی دوکان بە نموونە دێنمەوە کە پارێزگاریی سنووری میرنشینی سۆرانی کردووە لە دژی هەر هێرشێکی میرنشینی بابان! شوێنکەوتەی ئەو قەڵایەش لـە کاتی خۆیدا سـنووری فەرمیی هەردوو میرنشـینەکە بووە. ئەم بیرۆکەی قەڵا سـەربازییانەی ناوەوەی کوردستان تاوەکوو ئێسـتا هەر بەردەوامە. لە ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا پارتی کۆمەڵێک قەڵای پتەوی لەسـەر شـاخەکانی نێوان کۆیە و سـەری ڕەش بۆ بەرگریی هەر هێرشـێکی یەکێتی دروستکرد. ئـەو قەڵایانە پارێزگاریی سـەری ڕەش دەکـەن و درێژدەبنەوە تاوەکـوو ناوچەکانـی حاجی ئۆمـەران، لە ناوچەی قەسـرێ و وەرتێش هەمان ئەو قەڵایانە بۆ هەمان مەبەست دروستکراون. ئـەوەی جێی سەرسـوورمانە نەپارتـی و نەیەکێتی بە درێژاییی ئەو هەموو ساڵە تەنیا یەک قەڵای سەربازییان لەنێوان هێزەکانی

خۆیان و داگیرکەری ئێراقدا درووستنەکردووە!

مێژوونووســان، بە کورد و بێگانەشــەوە، زۆربەیان لەســەر ئــەوە ڕێککەوتــوون، کــە ڕەســەنی کــورد دەگەڕێتــەوە ســەر مــادەکان. بــەڵام بــە بەراوردێکی ئەو نەتــەوە کۆنانــەی کە لە کوردســتاندا ژیاون، ماد توخمێکی گەلێک نوێیە لە کوردســتاندا و وامــان لێدەکات بڵێین، ئەگەر کورد لە مادەوە داکەوتووە، ئەی ئــەو ڕەگەزە کۆنانەی تری کوردســتان چییان بەســەرهات؟ کە هــەر یەکەیان لە ماوەیەکــی مێژوویی و ناوچەیەکی دیاریکراودا ڕۆڵێکــی زۆر کاریگەر و ترســناکیان لە مێژووی کوردســتان و خۆرهەڵاتــی نێوینــدا بینیوە. لۆللۆ، گۆتی، کاشــی، میتان، خوری و کاردۆخ و هتــد... نموونــەی ئەو ڕەگەزانــەن. هەڵبەت ناکرێت ئەمانــە هەموویــان نێوی جودابن بۆ ڕەســەنی نەتــەوەی کورد کــە مادەکانــن، چونکە بەتایبەتــی لۆللۆ و گۆتی و کاشــییەکان، ســێ ڕەگــەزی بەردەوامن بۆ ئــەو مرۆڤە کۆنانــەی کە هەر لە سەردەمی شانەدەرەوە، تا دوای هەزارەی چوارەمی پێش زایین، لە کوردســتاندا ژیاون. بەپێی ڕای زانایانــی ئارکیۆلۆژی و ئەو کەرەستە مادییانەی کە ئەو نەتەوانە یاخود ئەو کۆمەڵە مرۆڤانە بۆ ئێمەیان جێهێشتووە، یەک نەتەوە نین، بۆیە دەکرێت بوترێت، کە کــورد بریتییە لە پێکهاتوویەکی تێکەڵی ئەو ڕەگەزە کۆنانەی کــە لە کوردســتاندا ژیاون، لەگــەڵ ئەو هــۆزە ئارییانەی کە لە هیندســتانەوە کۆچیــان بۆ کوردســتان کردووە. پاشــان ئەمانە هەموویــان مادیــان پێکهێناوە و مادیش بووەتــە باپیرەی کورد. هەڵبــەت هەندێک ســەرنجی بایۆلۆژییانــەی دەم و چاوی کورد لــە کاتی ئێســتادا ئەوە دەردەخات. کە کــورد یەک ڕەنگ و یەک فۆڕمی باڵا و دەم و چاوی نییە. دیارە ئەم ســەرنجە لەســەدەی

نۆزدەدا باشــتر وەدەرکەوتــووە، لە کاتێکــدا (کلۆدیۆس جیمس ڕیــچ)ی نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا، کە گەشــتەکەی کردووە بە کوردستاندا، یەکەمین تێبینیی کە دەریبڕیوە لێکنەچوونی کوردی کۆچەر و کوردی نیشتەجێیە، تەنانەت (خاتوو ڕیچ)ی خێزانیشی ئەو ســەرنجەی بەرانبەر بە کوردەکان هەبووە. کوردی کۆچەر ڕەنگیــان لە کــوردی نیشــتەجێ تێرتر بووە، کــێ دەڵێت ئەمانە ئەوانە نین کە کاتی خۆی لە هیندستانەوە بۆ کوردستان کۆچیان کردووە! دیارە کەســێکی بێگانە لە دەرەوە ئێمە باشــتر دەبینێت تاوەکــوو خۆمان، هەر بۆیە من تێبینییەکەی میســتەر ڕیچ زۆر بەڕاست و لە هەمان کاتیشدا بە گرنگ دەزانم. هەر لەو ڕووەوە پۆلێنــی کــورد و گــۆران یان کــورد و کرمانــج دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆ. تەنانەت لە هەندێک شوێندا کرمانج لەلای کورد زۆر سووک بووە و وشەی کرمانج لەلای خودی کورد واتای جنێوی گەیاندووە. هۆزی کورد هەیە تەنیا بەئەندامانی سەربە هۆزەکەی خۆی دەڵێت میللەت و ئەوانی دەرەوەی هۆزەکەی "میللەت" نین! هەورامییــەکان بە هەورامان دەڵێن "وڵات"!، ئەمە دەبووایە وڵات لای ئەوان کوردستان بوایە.

ئاشکرایە لە سەدەکانی پێش زاییندا و لە کوردستان و لەیەک مــاوەی مێژوویــدا نەتەوەیــەک یــان زۆرتر ژیاوە. ئــەو هۆزە ئارییانەشــی کە لە ناوچەکانی هیندســتانەوە بەرەو کوردســتان کۆچیانکرد، هەموویان ســەربە یــەک لایەنی ئەتنی نەبوون. هەر بۆیە بەگەیشتنی ئەمان و تێکەڵاوبوونیان بە ڕەگەزە جیاجیاکانی کوردستان، نەیانتوانی هەموو بەتەواوەتی لە بۆتەی یەک ڕەگەزی ئەتنیدا خۆیان بتوێننەوە. من لەو بڕوایەدام ئێمە تاوەکوو ئێســتا هەمــان کێشــەمان هەیــە. هەر بۆیــە ئێســتاش دوو خێڵی کورد

پێکەوە ناحەوێنەوە. پێشــتریش دوو میرنشــینی کوردی پێکەوە گوزەرانیــان نەبــووە. شــەڕی ناوخــۆ و براکوژیــی مۆدێرنیش درێژکراوەی ئەو ڕەگەزە زۆرانەیە کە کوردیان پێکهێناوە.

پــاش پێکەوەژیانــی چەند ســەدەیەکی ئەم هــۆزە ئارییانە لەگەڵ ڕەگەزە کۆنەکانی کوردســتاندا، لە دەوروبەری ســەدەی هەفتەمی پێش زاییندا نەتەوە یان سـەیوانی "ماد"یان لێپێکهات و پاش ماوەیەکیش بوونە ئیمپراتۆرێکی بەهێزی ناوچەکە.

پەرتووکە مێژوویــیــەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە مادەکان یەکانگیرییەکــی نەتەوەییانــەی تەواویان نەبــووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیرانەی کە خودی ماد خۆیان پێکهێنابوو. دیارە هەریەک لــەم تیرانەش کۆمەڵە خێزانی جــودای لەدەرەوەهاتوو بــوون و تێکەڵی پاشــماوەی هۆزێکــی لۆللۆ، کاشــی، میتانی و ئەوانی تر بووبوون.

مادەکان هەرکاتێک یەک بووبن، ڕووداوێکی مێژوویی گرنگی لێکەوتووەتــەوە، یەکگرتنی یەکەمیان بــۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مــاد بوو. دووەمیشــیان بــۆ ڕووخانــی نەینــەوای ئیمپراتۆری ئاشوورییەکان بوو. ئیدی یەکبوون نەما تاوەکوو ڕۆژی ئەمڕۆ.

لــە ڕەوەنــدی مێژووی کــوردا، کەمێــک کاری هــاوکاری و هەماهەنگیــی تێدایــە. (پەیمانــی پیــرۆز)ی میــر بەدرخــان، کە لەگەڵ ســەرۆک هۆزەکانی کــوردا بۆ یەکڕیزیــی نەتەوەییانەی کــورد هاتەکایەوە، یەکێکــە لەوانە. تا هەموو هــۆزەکان پێکەوە جاڕی ســەربەخۆیی کوردســتان بدەن و بەهۆی ئەو پەیمانەوە، ناتەبابییەکانی نێوانیان ڕیشــەکێش بکەن... بەڵام ئەم پەیمانە هەر زوو هەڵوەشایەوە و هۆزەکانیش لە بەرژەوەندیی خۆیان گوێیان بەوەنــەدا کە لەســەری ڕێککەوتبوون و لەژێــرەوە پاڵیاندایەوە

بەدەستەڵاتی عوسمانییەوە. واتە ئەوەی لە دامەزراندنی مادەکاندا ڕوویدا، جارێکی تر مێژوو خۆی تێدا دووبارە نەکردەوە.

شۆڕشـــەکەی شـــێخ عوبەیدوڵـــڵای شـــەمزینی، کـــە خۆی و زۆربەی پێشمەرگەکانی، نیشتەجێی بەشی باکووری وڵات بوون و ســـەرەتا لە خۆرهەڵاتی وڵاتەوە شۆڕشـــەکەیان هەڵگیرســـاند و چەنـــد نێوچەیەکیشـــیان ڕزگارکـــرد، نموونەیەکـــی بەرچاوی هاوکاریی ڕیزی کوردە لەو سەردەمەدا...

هاتنی ســـمایلخانی سمکۆ، لە خۆرهەڵاتی وڵاتەوە بۆ باشوور و یارمەتیدانـــی بزووتنەوەکـــەی شـــێخ مەحمـــوودی بەرزنجـــی، کارێکە هەردەم شایانی باسکردنە.

ناردنی چەند دەســـتە پێشـــمەرگەی باشـــوور، لەلایەن شـــێخ ئەحمەدی بارزانەوە، بۆ شۆڕشـــی ئاراڕات، زێتر گیانی بزووتن و کوردایەتیـــی لە نێو ناخی کۆماری ئاراڕات و پێشـــمەرگەکانی ئاگریدا بەرزکردەوە...

پەیوەندیکردنـــی هـــۆزی بـــارزان، بەســـەرۆکایەتیی (شـــێخ ئەحمـــەد و مەلا مســـتەفا بارزانی) و چەند ئەفســـەرێکی کوردی باشـــوور، بە کۆمـــاری دیموکراتیکی کوردســـتانەوە لە مەهاباد، گوڕێکی ســـەربازی و بەرزکردنەوەی گیانی سەرخوابوون بوو، لەنێـــو جەماوەری خۆرهەڵاتی کوردســـتاندا... ئەگەرچی چوونی بارزانییـــەکان بەهۆی ئەوەوەوە بوو کە داگیرکەری ئێراق تەنگی پێهەڵچنیبـــوون و لە دیوی باشـــوور شـــوێنیان بـــۆ نەمابووەوە. واتە چوونـــی بارزانییەکان بۆ ناوچەکانی موکریان بەویســـت و هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو.

یارمەتییەکانـــی یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان، لە ســـاڵی ١٩٨٢دا، بـــۆ حیزبـــی دیموکراتی کوردســـتانی "ئێـــران"، لە دژی

داگیرکـــەری ئێرانـــی ئیســـلامی، تێکەڵاوبوونی خوێنـــی هەردوو بەشـــی لێکدانەبـــڕاوی وڵات بوو، لە دژی هێرشـــەکانی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی پێشمەرگە، لە کوردستانی بندەســـتی داگیرکەری ئێرانـــدا... ئەگەرچی ئەم هاریکاریکردنەش لە تاکتیکێکی ڕامیارییەوە ســـەرچاوەی گرتبوو تاوەکوو یەکێتی ســـەرنجی داگیرکـــەری ئێراقـــی بۆخـــۆی ڕابکێشـــێت و بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵیدا!

یارمەتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی "ئێران" و پارتی کرێکارانی کوردســـتان – پێـــکاکا، لایەنەکانی تری خۆرهەڵات و باکوور و خۆراوای وڵات، بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد لە باشووری کوردســـتاندا، لە بەهاری ١٩٩١دا، کارێکە مایەی خۆشـــبەختی و بەراییی سەرهەڵدانی سادەی یەکانگیربوونی ڕیزی نەتەوەییانەی کوردە...

ئەو نموونانەی کە باسکران لەژێر هەر بارودۆخێکدا بووبێت، کەمە نموونەیەکی شکۆداری ناو پەرتووکە مێژووییەکانمانن.

هەڵبـــەت بمانەوێـــت، دەتوانیـــن هەندێک نموونـــەی تری لەو بابەتە لە مێژووی نەتەوەکەماندا هەڵبهێنجین، هەرچەندە دەکرێت بوترێـــت، ئەوانـــە بەرچاوترین و ڕووتمەندترینیانـــن... بەڵام ئەو نموونانـــە زۆر نین؟!، ئەگەر بێـــت و بەراوردێکیان بکەین لەگەڵ جەنگی نێوخۆیی و لێکدابڕان و شەڕی براکوژی و بەشبەشیدا...

بەرانبەر ئەو کارە پڕ لە شـــانازییانە، تەنیا لە ماوەی ســـاڵانی ١٩٩٢ تـــا ١٩٩٦، کاری واهیـــی لـــە کوردســـتاندا و بەتایبەتی لە باشـــووریدا، ڕوویـــداوون، کـــە پەڵەیەکـــی ڕەشـــە بەنێوچاوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و پارتە کوردستانییەکانەوە. تەنیا لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، هەزاران کارەساتی کوردکوژی

و ماڵوێرانی لەنێو ئەو پارتانەدا ڕوویداوە، بەڕادەیەک داگیرکەران، بەو ماوەیە نەیاندەتوانی ئەو کوردکوژیی و ماڵوێرانییە، لە سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردا لە سەرتاسەری کوردستاندا پیادەبکەن؟!

هەڵبەت ئەو کارانە، بەتەنیا زادەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ نین و هەر داگیرکەران و زلهێزانیش نەبوونەتە هۆی ئافراندنی ئەو بارودۆخە بەشبەشی و کوردکوژییە، کە بووەتە هۆی ئەوەی ڕەوشێکی ترسناک لە یەکانگیریی نەتەوەییماندا بێتەکایەوە. بەڕادەیەک کە چارەسەری گەلێک گرانە و پێدەچێت چەند نەوەیەکی داهاتووشمان گرفتار و بێهوودە ببن بەدەستییەوە... هەر بۆ نموونە منداڵانێک لە سەدەی بیستودوو و دواتردا لەدایک دەبن و دەڵێن باپیرە گەورەمان لە شەڕی براکوژی لە بەرەی دێگەڵەدا کوژراوە..

دوورییەکانی ئەو پەرتپەرتی و کوردکوژییە، بنچینەکەی بەو نزیکی و نوێییە نییە. ڕاستە جەنگی کوردکوژیی نێوان پارت و ڕێکخراوەکانی تریش، هەریەکەیان بەهۆی چەند هۆکارێکی نوێوە، هاتوونەتە کایەوە. بەڵام هەر هێشتا ناتوانین، بڵێین ئەو ڕووداوانە ڕاستەوخۆ بوونە هۆی هاتنەکایەی ئەم پاشاگەردانییەی بزووتنەوەی نوێی نەتەوەکەمان. بەڵکوو دوورییەکانی ئەم بارودۆخە، گەلێک کۆنە و سەرەتاکەشی لە جەنگ و ناتەبایی میرنشینە کوردییەکانەوە دەست پێ"نا"کات، هەروەکوو هەندێک لە ڕووناکبیران وای بۆدەچن؟! دوورییەکانی ئەو ناتەباییەی ڕیزی نەتەوەییانەی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی هاتنە کایەی کورد وەکوو نەتەوەیەک، بەو پێیە

دەکرێت بڵێین، کە دەگەڕێتەوە پێش درووستبوونی مادەکانیش لە کوردستانی ئەوسادا.

دەگەڕێمەوە بۆ قوتابخانەکەم، بەڵام ئەمجارەیان گەورەبووم و قوتابخانە سەرەتاییەکانی دەرگەزێن و "شێخ سەلام"م جێهێشتووە و چوومەتە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی ڕۆشنبیری کوڕان هەر لە سلێمانی، ماڵیشمان لە گەڕەکی گۆیژەوە گواستوویەتیەوە بۆ گەڕەکی ڕزگاری. ئەو ماوەیە کۆمەڵێک کرێکاری بادینی خەریکی چاککردنی ئاو و ئاوەڕۆکانی گەڕەکی ڕزگاریی شاری سلێمانی بوون. من تا ئەوکاتە نەمدەزانی ئایا شێوەزمانێکی کوردیی وەک بادینی هەیە! وامدەزانی هەموو کورد وەک شێوەزمانی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری ئاخاوتن دەکات! ڕۆژێک کوڕێک لە دەرگاکەمانیدا و وتی "ئاڤ ڤەخۆم"!، من هەرچەندم کرد نەمزانی چی دەوێت! پاشتر بەئاماژەی دەستی زانیم داوای ئاو دەکات! ئێستا بیر لە وانەی "گڤەگڤی با دێت"ی پۆلی یەکەمی سەرەتاییم دەکەمەوە، مامۆستاکەمان تەنانەت ئەوەندە ئەرکی نەکێشابوو پێمان بڵێت لە زمانەکەی ئێمەدا شێوەزمانی واهیی هەیە و ئەوانیش کوردن! دەبووایە بەلایەنی کەمەوە پێی بوتینایە گڤەگڤ واتە وژەوژ! لە ماڵیشەوە کەسێک بەمنی نەوتووە بادینی چییە و چی نییە! پاشتر ناوی بادینی و شێوەزمانەکەیان لە گاڵتەوگەپی شاری سلێمانیدا بەهۆی ئەو وانەیەوە بووە "گڤەگڤ"!

لە ڕۆشنبیر وانەی مێژوومان دەخوێند. مێژووەکە، مێژووی عەرەب بوو. مێژووی ئەوان لە سەرەتاکانی ئیسلام و داگیرکارییەکانیانەوە دەستپێدەکرد تاوەکوو سەرکەوتنی

ئەوەی پێیدەوترا شۆڕشی حیزبی بەعس. لەو مێژووەدا ئەوەیان فێردەکردیــن کە نەتەوە چەند پێکهاتەیەکی هەیە. ئەوەی عەرەب، زمان، مێــژوو، ئایینی ئیســلام، بەرژەوەندی یان چارەنووســی هاوبــەش و خــاک بوو. ئەگەرچــی بەپێوەری چەمکــە نوێیەکان مێژوو و ئایین و تەنانەت لە هەندێک شــوێندا زمانیش پێکهاتەی نەتەوە و نەتەوایەتیــی ڕەگەزێک نییە، بەڵکوو خاک و بەتایبەتی بەرژەوەندیی هاوبەش گرنگترین پێکهاتەکانێتی.

زۆرجــار چوومەتە وڵاتــی بەلژیک، ئەگەرچــی ناکرێت بڵێین وڵاتی بەلژیک کێشەی نەتەوایەتیی تێدانییە. بەڵام بەلژیک وڵاتێکە پێی دەوترێت بەلژیکا، ئەم ناوە لەوەناچێت پەیوەندیی بە نەتەوەی بەلژیکییــەوە هەبێــت. زمانی فەرمیی بەلژیکییەکان فەڕەنســی و فلامییــە. فلامی جۆرێکی بەلژیکیکــراوە لە زمانی هۆڵندی. ئەمان وڵاتــن، پێیــان دەوترێت بەلژیکا و خەڵکەکەشــی پێیان دەوترێت بەلژیکی. ئایینی کریستیانیش ئەگەرچی ئایینی "زۆرینەیە"، بەڵام دەمێکە ئایین لە کۆتایی پێکهاتەکانی هەر دەوڵەتێکی ئەوروپییەوە دێــت. لەمەیاندا دەبێت ڤاتیکانی لــێ ڕیزپەڕبکەین کە دەوڵەتێکی بچووکی ناو شاری ڕۆمایە.

کەنــەداش دەکرێت نموونەیەکی گەورەکراوەی وڵاتی بەلژیکا بێت. وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرێکە لەوان، بەڵام فاکتەری زمان لە ئێســتادا تێیدا یەکگرتووە و بووەتە ئینگلیزی، ئەگەرچی پێشــتر هەردوو زمانــی ئیتاڵی و هۆڵندیــش زۆر بەرچاو بووە. هیندستان لە دەیان زمانی فەڕمی زۆرتری تێدایە!

ســاڵی ٢٠٠٥ بــۆ گەشــتێک چووینــە وڵاتــی ســوورینام لە باشووری ئەمریکا، ســوورینام کاتی خۆی هیندییە سوورەکانی تێــدا ژیــاون و پاشــان هۆڵنــدی و جوولەکــەکان کۆیلەیــان لە

عەرەبــە موســڵمانەکان کڕیــوە و لــە ئافریــکاوە بردوویانن بۆ ئەوێ تاوەکوو کشــتوکاڵی شەکر و قاوەیان پێبکەن. لە سەدەی بیستیشــدا خەڵکانــی زۆری چینــی، هیندی و جاڤانــی و هیی تر بۆ درووســتکردنی ژیانێکی باشــتر ڕوویان لەو وڵاتە کردووە. وڵاتەکــە ئەگەرچــی لە ڕیزی ئــەو وڵاتانەدایە کــە پیاندەوترێت جیهانی ســێیەم، بەڵام وڵاتە و ســنوور و قەوارەی سەربەخۆی خۆیی هەیە. ســوورینام زمانەکانی کریۆل، هیندییە سوورەکان، چینی، هیندی، جاڤانیی تێدایە، بەهۆی داگیرکاریی هۆڵندییەکانەوە هەموویان زمانی هۆڵندی دەزانن و زمانی هۆڵندی زمانی فەرمی و ســتانداردی ئەو وڵاتەیە. لە ســوورینام ئایینەکانی جوو، فەلە، ئیســلام، بودی، بتپەرستی و زۆری تری تێدایە. تەنانەت ئەوەی زۆر ســەیرە لــە شــاری "پاراماریبــۆ"ی پایتەختــی ئــەو وڵاتە مزگــەوت و ســیناگۆگی جوولەکەکان بەتەنیشــت یەکترییەوەن! خەڵکی سوورینام هەریەکەی ڕەنگێکە، هەیە چینییە، یان هیندییە یان هیندیی ســوورە، جاڤانییە، یان ڕەنگی ڕەشــە و نەوەی ئەو کۆیلانەیــە کە کاتی خۆی بەزۆر هێنراونەتــە ئەوێ. خەڵکی ئەو وڵاتە کەسیان لە کەسیان ناچن و چەند دوورگەیەکی مرۆیین و ناوی ســوورینام و بەرژەوەندیی هاوبەشیان وەک سوورینامی کۆیکردوونەتــەوە، هەر ئەو هۆیەش بوو وایکرد لە ناوەڕاســتی هەفتاکاندا خۆیان لەدەســت هۆڵندییەکان ڕزگاربکەن و دەوڵەتی سوورینامی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

کەواتــە "بەگشــتی" ئایین و زمان و تاڕادەیــەک مێژوویەکی کۆنیش نابنە پێکهاتەکانی نەتەوەیەک. دیارە ئەگەر ببن باشترە.

کە سەیری مێژووی خۆمان دەکەم و بەراوردێکی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانە دەکەم، دەگەم بەزۆر سەرئەنجام. ئەنجامگیرییەکەشم

ئەوەیــە ئێمەی کــە پێماندەوترێت "کــورد" هێشــتا بەتەواوەتی نەتەوە نین، یان هێشتا لە هەنگاوی درووستبوونی نەتەوەییداین. هەنگاوەکەی ئێمە زۆر درێژبووەتەوە، بەڕادەیەک هێزکاری زۆر نێگەتیڤیشــی کردووەتە ســەر پێکهاتــە نەتەوەییەکانمان، لەوانە زمان، خاک، ئایین و مێژوو.

زۆرجــار لەخۆمــم پرســیوە دەبێــت ئــەو نهێنییە چــی بێت بەهۆیــەوە عەرەب، فارس، تورک و بەلچیکییەک و پاراگواییەکی پێکردووەتــە دەوڵەت و ئێمەی کورد نا! ئایــا ئەو نهێنییە خاکە؟ ئێمە لەوەتەی پێماندەوترێت کورد، لەســەر خاکێک ژیاوین ناوی کوردستان بووە! ئەگەرچی پێشتر ئەو خاکە فراوانتربووە، بەڵام لە هــەر هەنگاوێکــی مێژووییــدا هەندێکیمان لەکیســچووە، یان لەکیســداوە. مێژووی نەتەوەی تورک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناگاتە هەزار ســاڵ. کەواتە خاک نییە. ئەگەر نەشتبێت، دەتوانیت وەک خێڵــە تورکــەکان کــۆچ بکەیت و خــاک داگیربکەیت. وەک باپیرەی ئەمریکییەکان لە ئۆقیانووس بپەڕیتەوە و ئەمریکا بکەیتە وڵاتی خۆت! یان وەک جوولەکە لەمپەڕ و ئەوپەڕی دونیاوە کۆچ بکەین بــۆ ئەو خاکەی کە دەمانەوێــت بیکەینەوە بەهیی خۆمان یان بەهیی خۆمانی دەزانین.

دەبێت ئەو نهێنییە زمان بێت؟ پێموانییە ئەمەشیان بێت. وڵات هەیــە لە زمانێکی فەرمی زۆرتری تێدایە. سویســرا چوار زمانی فەرمی تێدایە و لەســەر پاســپۆرت و کاغــەزی دراویان بەچوار زمانی جودا لەسەری نووسراوە و پێیشیان دەوترێت سویسری! دیــارە زمانێکی تایبەت بەو وڵاتەوە ببێت، دەبێتە یارمەتیدەرێکی بەهێــز، بۆ نموونە وڵاتی ئەڵمانیا خەڵکەکەی ئەڵمانین و بەزمانی

ئەڵمانی قسـەدەکەن. فەڕەنساش بەهەمان شـێوە. بەپێچەوانەی ئەمانـەوە نیـوەی وڵاتانـی ئافریـکا بـە زمانـە ئەوروپییـەکان قسەدەکەن و دەوڵەتیشیان هەیە و پێیشیان دەوترێت نەتەوە.

ناکرێـت نهێنییەکـە مێژوویەکـی دێرین بێـت. وڵاتێکی وەک وڵاتەیەکگرتووەکانـی ئەمریـکا مێژوویەکـی نوێـی هەیـە و لە مـاوەی تەنیا چەنـد سـەدەیەکدا بووەتە گەورەتریـن دەوڵەتی دونیا. مێژووی دەوڵەتی ئیسـرائیلیش، نـەک جوولەکە تەنیا نیو سەدەیەکە.

ئەلەمێنتی ئایین دەمێکە کاتی بەسەرچووە بۆ بەدەوڵەتبوون. باوەڕناکـەم جارێکـی دی ئەزموونێکـی تـری وەک دەوڵەتـی ئیسـرائیل درووسـتببێتەوە. ئەگەرچـی ئایینـی جـوو بەتەنیـا هێزکاری بەهێزی دامەزراندنی دەوڵەتی جووەکان نەبوو. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دامەزراند، ئایین نەبوو. بەڵکوو هەمان هزری سـەفەوییەکان بوو بـۆ بەردەوامیی دەوڵەتی ئێران بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوەی ڕژێمی شاهەنشاهی دەیویست.

ئایین وەکوو نەشبووەتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و هـۆکاری بـەرەو نەتەوەبوونـی کـورد. زیانێکـی زۆریشـی پێگەیاندووە. لە دوو توێی کتێبە مێژووییەکاندا ئەوە دەخوێنینەوە کە چۆن خودی ئایینی زەردەشـتی هۆکارێکی گرنگی ڕووخانی دەوڵەتـی مادەکان بووە. بەهۆی ئەو هەموو زۆر و زۆردارییەی موغەکانـی زەردەشـتییەوە کـە لـە خەڵکـی مادییان کـردووە. هـەر بۆیە کوردسـتان بووەتە زەمینەیەکی لەبار بۆ فارسـەکان تاوەکوو دەست بەسەر ئایینەکەشدا بگرن، هەرچەندە پەرتپەرتیی هۆزەکانـی ماد هۆیەکی گرنگـی ئەو کەوتنە بوو، بەڵام ڕەفتاری موغەکانیش یارمەتیدەرێکـی گرنگ بوو. تا لەئەنجامدا موغەکان

خۆشیان بەبێ ئاگر مانەوە.

ئــەوەی پێم ســەیرە هەر لــە منداڵیمەوە ئەوەیــان چپاندووە بەگوێمدا کە ئایینی ڕەســەنی ئێمە زەردەشتی بووە. بەڵام بێجگە لــە کورد خۆی، کەس ئایینی زەردەشــتیی وەکــوو ئایینی کورد نەناســیوە. بەڵکوو ئایینی زەردەشتی واناسراوە کە تایبەت بووە بە فارس و کلتووری فارســەکانەوە. تاوەکوو ئێستا نەمانتوانیوە دوو لێکۆڵینــەوەی بــاش لەســەر ئــەو ئایینــە و پەیوەندییــان بــە کــوردەوە گرێبدەین. لە زۆر لاش باســی ئــەوە دەکرێت کە ئایینزاکانــی ئێزیدی، کاکەیــی و عەلی ئیلاهی بەردەوامیی ئایینی زەردەشــتین لە کوردســتاندا، بەڵام ئەمەشــمان هەر قسە بووە و لێکۆڵینەوەیەکــی ئەوتۆمان لەســەریان نییــە. عەرەبەکان هەر بەدرۆش بێت ئێزیدی و ئایینەکەیان دەکەنە عەرەب و دەیانبەنەوە ســەر یەزیدی کــوڕی معاویە و چەندین کتێــب و لێکۆڵینەوەیان لەســەر ئەوە هەیــە. ئەدی ئێمــە چیمان هەیە، ئێمە "ســەنتەری لالش"مان هەبوو ئەویشمان سووتاند!

هــەر بــەم پێودانگە دەمەوێــت لایەکیش لە جەژنــی نەورۆز بکەمــەوە. ئێمــە وا پەروەردە کراویــن کە جەژنێکــی نەتەوەیی ئێمەیــە، کەچــی تەنانــەت لە ئێــران، ئەفگانســتان و هیندســتان و نیپاڵیــش هەمــان جەژن هەیە. ئێســتاش نازانین و کێشــەمان لەسەر ئەوە هەیە ئایا کاوە کوردە یان ئەژدەهاک. چونکە بەپێی ســەرچاوە مێژووییــەکان ئەژدەهاک یان ئاســتیاگ ماد بووە و کاوەش ناکورد! بەڵام ئەفســانە نوێیەکەی جەژنە نەتەوەییەکەی ئێمــە دەڵێــت کاوە کــورد! بــووە، تەنانــەت چەندیــن چیرۆک و شــانۆنامە و هەزاران هەڵبەستیشمان لەســەر کوردبوونی کاوە نووسیوە! ئەمەش یەکێکە لە کارەساتەکانی بیرکردنەوەی کوردی

کە تاوەکوو ئێستا بەتەواوەتی ڕاستینەی سەرهەڵدانی جەژنە نەتەوەییەکەمان نازانین. بەڕاستیش کەسێکی وەک پیرەمێرد نەبووایە جەژنی نەورۆزمان پێشتر بەو شێوەیە نەدەناسی. هەر بۆیە جەژنی نەورۆز کە پێی دەوترێت "جەژنی نەتەوەیی کورد"! شایانی چەندین پرسیار و گومانە. جەژنی نەتەوەیی و نیشتمانی جیاوازییان هەیە. نابێت مێژووی جەژنی نەتەوەیی کورد بگەڕێتەوە بۆ یاپراخەکەی گردی مامەیارەی شاری سلێمانی! لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە دەڵێن چوارشەممە سوورە کە دەکەوێتە دواچوارشەممەی ساڵی "کوردی"یەوە، جەژنێکی نەتەوەیی ئێمەیە. بەڵام من کە تەمەنم بووە سی ساڵ! ئنجا زانیم شتێکی واهیی هەیە و ناسیاویم لەگەڵیدا پەیداکرد!

دەمێکە "بەرژەوەندیی هاوبەش" وەک سەرچاوەیەکی چارەنووسی هاوبەشی پێکهاتەیەکی گرنگی نەتەوە و نەتەوایەتی و بیری دەوڵەت درووستکردن سەرنجی ڕاکێشاوم. بەجۆرێک ئەمەیان بەگرنگترین هۆکاری درووستبوونی نەتەوە و دەوڵەتی دەزانم، هەرچی ئەوانی تریشن دەبێت لە خزمەتی ئەمدابن. ئەم بەرژەوەندیی هاوبەشە سەیوانێکە بۆ زمان و خاک و هەموو ئەوانەی تر کە دەبنە پایە گرنگەکانی درووستبوونی نەتەوەیەک.
بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیەک شێوازێکی زۆر فراوانی بەرژەوەندیی خێزانێکە، دەبینیت کوڕێک و کچێک لەمسەر و ئەوسەری دنیاوە بەهۆی چاتی ئنتەرنێتەوە دڵیان پێکدا دەچێت و لە بەرژەوەندیی هاوبەشی خۆیان خێزانێک پێکدێنن. زۆرجار ئەو دوانە نەک سەربە یەک نەتەوە نین، بەڵکوو ناشتوانن بەزمانی دایکی خۆیان لەگەڵ یەکتردا ئاخاوتن بکەن. هەر بۆیە

ناچار زمانێکی سـێیەمی ناوکۆیـی بەکاردێنن! بۆ نموونە زمانی ئینگلیـزی. ئەوانە تەنیـا بەهۆی خۆشەویسـتی و بەرژەوەندیی هاوبەشەوە خێزان پێکدەهێنن.

بەرژەوەندیـی هاوبـەش بووەتە گرێیەکـی دەروونی بۆم، لە هـەر کات و جێیـەک بم خەریکی بەراوردی کـورد و نا کوردم، خەریکـی بـەراوردی کوردسـتان و دەرەوەییـم. سـەرئەنجام خۆخواردنەوەیەکـی دەروونییە و بووەتـە گرێیەکی گەورە لام. هـەر بۆیە هەندێک جار بەخۆم دەڵێـم: بۆچی ئێمە نەتەوە بین؟! هەرچی شانازی هەبێت لەم دونیایەدا نیمانە. بێدەوڵەتییەکەشمان نە لۆزانە و نە توران! بەڵکوو دواکەوتوویی و بەشبەشیی خۆمانە و هیچی تر..

هـەر ئـەم بەرژەوەندیی هاوبەشەشـە کـە هێزکارێکی زۆر نێگەتیڤانەی کردووەتە سەر پێکهاتە گرنگەکانی تری نەتەوەییمان. بۆ نموونە هەرگیز گوێمان بە زمانی خۆمان نەداوە، بیرمان لەوە نەکردووەتەوە ئایا بۆچی کەسێکی ئامەد لە کەسێکی شاری ئیلام تێنـاگات؟. چۆن دەبێت کارێکی واهیی بکرێت و سـازانکارییەکی واهیـی بێتە کایەوە ئـەو دوانە لەیەکدی بگـەن. وەکوو ئەوەش ناکەیـن، دێین هەردوو شـێوەزمانی سـۆرانی و بادینی دەکەینە دوو شێوەزمانی فەڕمیی قوتابخانەکانی باشووری کوردستان!

هەر لە کێشـەی زماندا کە گوێم لە لێدوانێکی لێپرسـراوێکی کـورد دەبێت، خەمم لێدێت، چونکـە دەزانم گوێناداتە زمانەکەی. ئەگەر ئەو لێپرسـراوە خەڵکی باشـوور بێت ئەوا یەکسەر خۆم دەخەمـە جێـی کوردێکی بندەسـتی داگیرکەری ئێـران، چونکە دەزانم لەبەرئەوەی ئەو لێپرسراوە ئەوەندە وشە و دەستەواژەی عەرەبـی بەکاردێنێت ئەو لێی تێناگات! ئەگەر لێپرسـراوەکە هیی

لای خۆرهەڵات بێت ئەوە نیوەی زمانەکەی فارسییە و بۆ هیی باشوور و ئەوانی تر تێگەیشتنی ئاسان نییە و بەوشێوەیە. کە لێپرسراوێکی باشوور بە "کوردی" بۆ کەناڵە جیهانییەکان لێدوانێک بدات بەشێوەیەکی واهییە کە کەناڵەکانی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە "بەڕای من" هیچ پێویست ناکات وەریبگێڕنە سەر زمانی عەرەبی! لەبەرئەوەی زۆربەی هێڵە گشتییەکانی لێدوانەکەی بەعەرەبییە! و خەڵکیش هەر ئەوەندەی بەسە. بۆ نموونە ئەگەر لێدوانەکەی لەسەر کێشەی سنووری بێت، ئەوا بەئاسانی ئەم دەستەواژانەت بەرگوێ دەکەوێت: "مەشاکیلی حدودی، حکومەتی مەرکەزی، مفاوەزات موستەمیررە، حکومەتی ئیقلیم، شەفافییەت، ئیستیفتا، مەبعوسی ئومەمی موتەحیدە، خیلافاتی داخیلی، حەللێکی تەوافوقی و زۆریتر" کە من خودی خۆم شەرم دەکەم..

بەرژەوەندیی هاوبەشە وای لە ئێمە کردووە لە هیچ کات و بارێکدا سنووری نەتەوەیی خۆمان نەزانین. دەیان و سەدان جۆر نەخشە بۆ وڵاتەکەی ئێمە هەیە. یەکێک لە کەنداوی ئەسکەندەروونەوە بە ئارەزووی خۆی دەیکێشێت تاوەکوو کەنداوی ماد، هەیە سەرێکیشی دەباتەوە سەر دەریای ڕەش و هەشە درێژیدەکاتەوە بۆ سەر دەریای کەزوێن! هەر ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەیشە بووەتە هۆی ئەوەی لە هەر سەدەیەک و سەردەمێک ڕووبەرێکی باشی خاکی کوردستان لە ناوبچێت و خەڵکی کورد بەرەو ناوەوەی کوردستان هەڵبێن یان بەزۆر ڕابگوازرێن. ئێستاش ئێمە لە گەرمەی ئەو سەردەمەدا دەژین و نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان نوێنەرانی کورد وایکرد بەشێکی زۆری خاکی باشووری کوردستان لەدەست

بچێت و ئەو پڕۆسەیەش هەر بەردەوامە.

بەرژەوەندیی هاوبەشــە بووەتە هۆی ئەوەی ئایینی ئیســلام بــۆ کورد خۆماڵــی نەبێت. نەبێتە کرۆکــی دامەزراندنی دەوڵەتی کــوردی. وەک ئــەوەی فــارس و تورک کردیان. هــەر بۆیە ئەم ئایینــە لەوەتــەی لەنــاو کــوردا باوە، جگــە لە خزمەتــی نەتەوە سەردەســتەکانی کــورد، هیچی تری بۆ کورد لێ شــین نەبووە. بەپێویســتی نازانم جارێکی تر بکەومە ناو ئەم باســەوە، چونکە بەدرێژی لە پەرتووکی "ئاڵای کورد"دا[٥] باسم لێوەیکردووە.

بەرژەوەندیــی هاوبەشــە مێــژووی کوردســتان و کــورد لــە دووبەرەکی و شکان زۆرتر هیچی تری تێدا نەبینین. بەڕادەیەک لە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی مێژوومان لە تەریقبوونەوە زۆرتر هیچی ترمــان چنگ ناکەوێت. چونکە خودی مێژووەکە هەمووی لە یەک پرسیاردا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش ئەوەیە "ئایا بۆ؟".. ئەو "ئایا"یە بووەتــە کرۆکی دۆزی کــورد و تەمومژی بــە درێژایی هەزاران ســاڵ نەڕەویوەتەوە. بەو هۆیەوە کە ئێســتا هــەر ناماقوڵییەک لە لێپرســراوێکی کوردەوە ببینم یان ببیســتم، ئەوا بە کارێکی نوێی نازانم، چونکە دەزانم بنەوانی ئەو بیرکردنەوەیە لە کوێوە هاتووە..

وەنەبێت مێژووی نەتەوەکانی تر، دووبەرەکی و شــکانی تێدا نەبووبێت. ئەوانە هەموویان دیاردەیەکی سرووشتین لە مێژووی هــەر نەتەوەیەکدا. بەڵام هەر دووبەرەکییەک یان تێکشــکانێک لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا تایبەت بووە بە هەنگاوێکی مێژووییەوە و بەســەرچووە. ئەوەی کورد بووەتە تایبەتمەندییەکی مێژوویی بە درێژایی سووڕی ژیانی کورد وەک "نەتەوە".

---

٥ بڕوانە: ئاڵای کورد – چاپی یەکەم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (١١٧) – سلێمانیساڵی ٢٠٠١.

که چوومه هەنگاوی ناوەندی له قوتابخانەی ڕۆشنبیر، لەگەڵ ناڵەناڵی هەڵبەستی "دێته گوێم دەنگێک به سۆز و شیوەن و گریانەوە"ی ئەحمەد موختار جاف، بوومه کەسێکی نەتەوەیی. ئەو هەڵبەسته و ڕووداوەکانی ئەوکاتەی کوردستان وایلێکردم وڵات و نەتەوەکەمم خۆش بوێت. پاشتر ئەگەرچی له هەنگاوی دواناوەندیدا بەهۆی خوێندنەوەی بیری چەپایەتییەوە خەریک بوو له خشته ببرێم، بەڵام هەر بیرم لەو هەڵبەستەی ئەحمەد بەگ دەکردەوە. زۆرم پێ گران بوو ئەو کاتەی ئەدەبیاتی یان مێژووی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیم دەخوێندەوە و لەسەرەتای درووستبوونیانەوە تاوەکوو ماوەیەکی باش کوردیان به "نەتەوە" دانەناوە. پرسیارێکی گرنگ بووە لای شیوعییەکان ئایا کورد ئوممەیە؟! ئێستا من بەشێوەیەک له شێوەکان و تاڕادەیەک هەمان پرسیارم هەیه و کورد بەتەواوەتی به نەتەوە دانانێم. بەڵام نەک بەو تێڕوانینه چەوتەی مارکسییه ئێراقی و کوردەکانی ئەوکات لەبەرژەوەندیی عەرەبی سەردەست، بەڵکوو بەو پێوەره دەڵێم کورد بەتەواوەتی نەتەوە نییه، چونکه بەهێزترین پێکهاتەی نەتەوەیی تێدا نییه! ئەویش نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەشه.

تاکی کورد به ئاستەم هەستی به گرنگیی ئەم بەرژەوەندییه کردووە، نەبوونی ئەم هەسته به ئاشکرا لەنێو بەیته کوردییەکاندا دیارن. بەیته کوردییەکان زۆر ڕاستگۆیانه هەستونەستی کوردەوارییان بەبێ هیچ ئارایشتێک بۆ ئێمه تۆمارکردووە. ئەگەر تاکی کورد کەمێک هەستی بەگرنگیی ئەو بەرژەوەندییه بکردایه نەیدەوت "به تفەنگی برنەو بانه چۆڵ دەکەم، ئەم شەڕه لەسەر نەرم و نۆڵ دەکەم"! دوور له هەر هەست و سۆزێکی

ئەويندارى، ئەگەر پياوى كورد لەسەر نەرم و نۆڵێك و بێگوێدانە ژيانــى خەڵكــى شــارێكى وەك بانە، ژيــان تێيــدا، بەرژەوەنديى خەڵكــى بانــە و زۆريتر، چۆڵــى بكات!، دەبێت بــۆ وڵاتەكەى كە كوردســتانە چ كەڵكێكــى ببێــت. ئەى دەبێت بۆ مشــتە ليرەيەكى سەفەوى و عوسمانى چى كردبێت!

بەيتــى كوردى كــە ڕۆژانە لەلايەن شــايەرەكانەوە وتراوون و بەيتــى تريان بــۆ زۆركراوە، زۆر گرنگــن. چونكە ئەو بەيتانە ڕەنگدانــەوەى ناخــى تاكێكــى ســادەى كوردە. تاكێــك دوور لە هەموو هێزكارێكى دەرەكى و لە ئێســتادا تەكنەلۆژى، هەر بۆيە بۆ خوێندنەوەى ناخى كورد لێتۆژينەوە لەســەر ئەو بەيتانە زۆر پێويســتە، شــايەر هەيە شــارێكى وەك كەركووك بــە قوربانى خەتوخاڵــى خۆشەويســتەكەى دەكات! ئەمە لە خــۆڕا نەهاتووە، بەڵكــوو لــەوەوە هاتووە كــە كەركووك بۆ كەســێكى دەرەوەى كەركــووك يان بــۆ ئەو هۆزانەى لــە دەرەوەى كەركووكن هيچ بەهايەكى نەبووە.

دێڕێكــى ترى هەڵبەســتەكەى ئەحمەدبــەگ دەڵێت "لانەواز و بێكەس و مەزڵومە ئێستاكە قەومى كورد، گا بەدەستى توركەكان و گا بەدەســت ئێرانــەوە". ئەوكات كە ئــەو هۆنراوەيەم ئەزبەر دەكــرد، زۆر بەزەييم بەخۆماندا دەهاتەوە. دەموت بۆچى دەبێت ئێمە ئەوە ژيانمان بێت بەدەســت تورك و ئێرانەوە. بەڵام ئێستا دەڵێم ســاڵێك، سەد ســاڵ، پێنجسەد ساڵ خەتاى تورك و ئێران بوو، ئەدى ئەوانى ترى كێ بەرپرس بووە لێى. لێ ئێستا بەو شێوە ســۆزدارييەى ئەوكات بيرناكەمەوە و دەڵێم بەڕاستى شايستەى ئەوە بووين لانەواز و بێكەس و مەزڵوم بووين بەدەســت تورك و فــارس و عەرەبــەوە بە درێژايى ئەو هەمــوو ماوە مێژووييە.

چونکــە خودی پەندی کوردە مەزلومەکــە دەڵێت: ئەگەر جارێک زوڵمــت لێکردم، خوا بتگرێت. بەڵام دووەمجار خوا خۆم بگرێت! بەو پێیە دەبێت "خوا" بە درێژایی مێژوو بمانگرێت!

کە گەیشــتمە قۆناغی هەرزەکاری و لە دواناوەندی ڕۆشنبیر دەمخوێند، شــانازییم بەزۆر شــتی نەتەوەکەمەوە دەکرد، بەڵام ئێســتا زۆر لەو شــانازییانەم پەشــیمانم، چونکە ئەو هەستانەم لەســەر بنەمایەکی تەســک و ســۆز و نەزانییەوە ســەرچاوەی گرتبوو، بەبێ ئەوەی لۆژیک و ڕاســتینەیەکی ژیرانە پشــتگیریی کردبێــت. ئــەو هەســتانەم زۆرتر لەو دایــک و باوکە دەچوو کە منداڵێکــی خراپیــان ببێت و لەبەر ســۆز و خۆشەویســتییان بۆ منداڵەکەی، هەر بە منداڵێکی باش و ڕێکوپێک ناوزەدی بکەن!

ئەو کات هەســتم دەکرد کورد نەتەوەیەکی زۆر ئازایە! بەڵام پاشــتر بۆم دەرکــەوت کە نە ئازاین و نــە قارەمانیش! گەر ئازا بووینایە چ نەبووایە وڵاتەکەمان داگیر و دابەشــنەدەکرا! ئێســتا بــە عەرەب و تــورک و فارس دەڵێــم ئازا کە چەندین ســەدەیە وڵات و سیستمی بەڕێوەبردنیان هەیە. بەتایبەتی بە تورک دەڵێم ئــازا! کە لە هیچــی نەبووەوە هاتنە ناوچــەی خۆرهەڵاتی نێوین و دەوڵەتی خۆیانیان درووســتکرد. کلتورێکی تایبەتیی خۆیانیان درووســتکرد. هەرچی دیاردە کلتوورییەکانی کورد و ئەرمەن و لاز و یۆنــان هەبوو بۆ خۆیانیان تێکەڵ کرد و ناویاننا کلتووری تورکی. نیوەی قوبروسیان کرد بەهیی خۆیان. داگیرکارییەکانیان لــە دەرگای ڤیێننایــدا! ئەگەرچــی زمانەکەیــان نیــوەی زۆرتری عەرەبی، کوردی، ئەرمەنــی و زمانەکانی تری ناوچەکەیە، بەڵام زمانــی ســتانداردی تورکییان هەیە. ســوپایەکی بەهێزیان هەیە.

خەلاتی نۆبڵیان هەیە. ســولتانەکانیان دەیان و سەدان کۆشک و سەرای جوانیان بەجێهێشتووە، مزگەوتە بەناوبانگەکەی سوڵتان ئەحمەدیان لە ئەســتەمبوڵ هەیە، وڵاتەکەیان لەبەر گەشــتوەری خۆراوایــی بەرناکەوێت و هاکا دراوەکەشــیان بووە یۆرۆ! ئێمە پاش چوارسەد ساڵ دوای مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، مزگەوتی جەلیــل خەیاتمان لە هەولێردا دروووســتکرد، ئــەو مزگەوتە جگە لە ئەرکیتێکتی لاســاییکردنەوەی هونەری تورکە عوسمانییەکان هیچــی تر نییە، لە بەهــا ئایینییەکەی گەڕێ بۆ ئەو کوردانەی کە موســـوڵمانن، لەباری هونەری تەلارســـازییەوە بۆ کورد هێندەی پووشکەیەک بەهایەکی نییە!

ئازایەتییەکەی ئێمە تەنیا بەکارهێنانی چەکی دروووستنەکراوی دەســتی خۆمانــە لە دژی خۆمان. ئازا ئەوانــە بوون کە چەندین داهێنانیــان لە زانســتی ســەربازیدا هێنایە کایەوە. لێ زانســتی ســـەربازیی ئێمە تەنیا خەنجەر بووە. بیرۆکەی تۆپەکانی وەستا ڕەجەبی میرنشینی سۆرانیش فڕی بەسەر کوردەوە نەبووە و لە دەرەوە هێنراوە، تەنانەت مێژووی دروووستکردنەکەشی بەزمانی عەرەبی و بە کەلێندەری هیجری لەسەری نووسراوە. هەر بۆیە زۆر ئاســاییە ئەگەر عەرەبێک بچێتــە ڕەواندز و لە چوارڕێیانی پادشــای کۆرە چاوی بەنووسینی سەر تۆپەکەی وەستا ڕەجەب بکەوێت، شــانازیی پێوە بکات چونکە بەزمانی ئەو و کەلێندەری ئەو لەسەری نووسراوە.

کە هاتمە ئەوروپا دووشت زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوانیش پیتــزای تورکی و نانی تورکی بوون. چونکە زیرەکن، دەســتێکی تورکییــان بە پیتــزای ئیتاڵیدا هێنــا و ناویاننا پیتــزای تورکی و

ئێستا لە هەموو ئەوروپادا ناوبانگی هەیە. ئەو جۆرە نانەشی لە ئەوروپا دەفرۆشرێت و پێی دەڵێن "نانی تورکی"! بێجگە لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا لە هیچ شوێنێکی تری تورکیادا نەمدیوە! کەچی ئەوان کردیانە نانی تورکی و ئەگەر بچیت بۆ هەر نانەواخانەیەکی ئەورووپی بڵێیت نانێکی کوردیم بدەریێ، پێت پێدەکەنێت! چونکە ئەو نانە بەناوی نانی تورکییەوە ناسراوە.

عەرەب ئازابوون، پێش چواردە سەدە تەنیا لە بیابانەکانی نیوەدورگەی عەرەبیدا بوون، کەچی ئێستا لە مۆریتانیاوە تاوەکوو ئەهواز و بە باشووری کوردستانیشەوە بەشێوەیەکی فەرمی عەرەبە! تەنانەت نیوەی ئیسپانیاشیان گرت.

فارس ئازا بوون کە بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێراندا ژمارەیان کەمترە، کەچی هەزاران ساڵە فەرمانڕەوایی ئێران دەکەن. کلتوور و شارستانییان لەچاو نەتەوەکانی تردا لە بەراوردکردندا نییە.

ئێستا چەمکی ئازایەتیش گۆڕدراوە. ئەو کاتەی کە ئێمە پێویستمان بە ئازایەتی هەبوو، ئازا نەبووین. ئازایەتیی ئەوسا شمشێر و تیر بوو و کەمێکیش ژیریتیی پێویست بوو. لێ ئێستا ئازایەتی لە ژیریتی بەولاوە هیچی تر نییە. کچە قژ زەردێکی چاوشینی خۆراوایی تەمەن هەژدە ساڵە دەتوانێت هەر لە ئاسمانەوە لە فڕۆکەکەیدا وەکوو یاریی "پلەی ستەیشن" لەشکرێک تەفروتونا بکات. دیارە ژیریتیی ئێمە ئەوەندە لەدوایە کە ئەستەمە بتوانین نەک فڕۆکەکە درووستبکەین، بەڵکوو بتوانین خۆشمان لە دەستی ڕزگار بکەین. باسی خستنەخوارەوەی هەرناکەم!

ئەگەرچی بەبیرەوەریی من نییە، بەڵام بەسەرهاتی دڕندەیەکی وەک "زەعیم سدیق"م لە باوانمەوە بیستووە و لە سەرچاوەکانیشدا هەندێکم لەسەری خوێندووەتەوە. ئەم زەعیم سدیقە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە شارێکی وەک سلێمانیدا هەرچی خوا پێی خۆش نەبێت کردوویەتی، کێیی ویستبێت کووشتوویەتی، سووکایەتییەکی زۆری بەخەڵکی ئەو شارە کردووە، بەڵام لەو شارەدا کەسێک نەبووە بتوانێت لە ئاستیدا بوێرێت بڵێت "لەل". ئەم زەعیم سدیقە پاش ئەو هەموو خراپەکارییەی گەڕایەوە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێراق و وەک ڕابردوویەکی تاڵیش لەناو نەستماندا ماوەتەوە. پاش زەعیم سدیق لە کۆتاییی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، عەرەبێکی تر بەناوی "مولازم موحسین" جێی زەعیمی گرتەوە و لەو شارەی کە پێی دەڵێن "هەڵمەت و قوربانی" ئەوەی کوشتی کوشتی، ئەوەی گرتی گرتی، ئەوەی لێیدا لێیدا، ئەوەی لاقەی کرد لاقەی کرد و کەسێکیش نەبوو لەو شاری هەڵمەت و قوربانییەدا گوللەیەکی پێوەبنێت! من ئەوکات مێرمنداڵ بووم و زۆرجار ڕێکەوتی ئەو کابرایەم کردووە بەسواری مۆتۆرەوە و تەنیا یەک کەسی لەگەڵدا بووە، ئەم کابرایە شەوان "لە شارەکەی پڕمەترسی" دەچووە مەترسیدارترین گەڕەکەکانی سلێمانی و کێیی بویستایە لە ماڵ دەیهێنایەدەر و سووکایەتییەکی زۆری پێدەکرد. کەچی پاش ئەو هەموو خراپەکارییەی ئەویش بێ دەستکاری گەڕایەوە بۆ بیابانەکەی خۆی، ئیدی دەبێت ئازایەتییەکەی ئێمە لەکوێدا بێت و بۆچی بە سلێمانی بوترێت شاری هەڵمەت و قوربانی! بەراوردی ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی موحسین بکەن لەو کاتەدا و ئەو هەموو کوشتنانەشی کە پارتی و یەکێتی لەدژی یەکدی پیادەیاندەکرد،

شــەرمەزارییە کە ئێمە هێشــتمان دوو کەســی وەک زەعیم سدیق و مولازم موحســین وەک بەرزەکی باران بۆی دەربچن. ئەو دوو نموونەیــە تەنیــا پەیوەندییان بە بیــرەوەری و دەوروبەری منەوە هەیە، ئەگینا لە هەر شــارێکی تری کوردستان لەهەر باروساتێکدا هەمان زەعیم سدیق و مولازم موحسین هەبوون.

ئــەو کاتەی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئێمە نەتەوەیەکی ئازانین، شانازییەکەشم بە ئاڕاســتەیەکی پێچەوانەی سەدوهەشتا پلەیی وەرگەڕا و هەســتمکرد ئێمە زۆر ترســنۆک بوویــن، ئەگەر ئازا بووینایــە تــورک خاکی شــارەزووری بۆ نموونــە توورەکەبێژ نەدەکرد و ســالمیش بە نالی نەدەوت "وەی پەیکی موستەعیدی هەمــوو ڕاهی پڕ خەتــەر!"، بەڵکوو دەیــوت "بەخێرهاتییەوە بۆ شــارەزووری پڕ لە عیلم و فەڕ!" ترســەکەی ئێمە هەر لەلایەنی ســەربازییەوە نییــە، بەڵکــوو ئێمــە هەردەم لــە بڕیاردانیشــدا ترســنۆک بووین و ترســنۆکین. ئەمــەی کۆتاییان ئێســتاش لە نوێنەرانی کورد و دەستەڵاتی کوردیدا زۆر بەخراپی دەبینمەوە.. ئازایەتیــی ئێمە زۆرتــر لەگەڵ خۆماندا بــووە. دوو جەنگاوەری کــورد لەمبــەر و ئەوبەری دێگەڵــەدا زۆر ئازان بــۆ یەکتری و تایەکتــری نەکوژن وازناهێنن. هەر هەمــان ئەو دوو جەنگاوەرە بەرانبــەر جەنگاوەرێکی بێگانە ئەگــەر نەکوژرێن ئەوا ئەمبەر و ئــەو بەری دۆڵەکەی دێگەڵە جێدێڵن و لە چیایەکانی دەوروبەری خۆیان دەشــارنەوە. شــەڕی براکوژی باشــترین نموونەی ئەو ترســنۆکییەی کــوردە. کورد تــا یەکێکی لە دوژمن کوشــتبێت، دەی لە یەکتری کوشــتووە. یەکێتی چەند "ئازا" بوو بەرانبەر بە پارتی! بەڵام هەر کە ســەربازی عەرەب خۆی کرد بە هەولێردا، سلێمانیشی جێهێشت!

کەمێک پارتی و یەکێتی جێدێڵم و دەچمە ناو گاڵتەجاڕییەکانی میرنشـینەکانی کـوردەوە. ئەمانـە ئەوەنـدەی خەریکـی یەکتر لاوازکـردن و تالانیـی یەکتـر و بوون بە غولامی عوسـمانی و سـەفەوی لـە دژی یەکـدی! بایی یـەک بۆ هەزاری ئـەوە دژی عوسـمانی و سـەفەوی نەجەنـگاون. ڕوویـداوە لێـرە و لەوێ میرنشینێک دژی سوڵتانێکی عوسمانی یان سەفەوی لاسارییەکی کردبێت، بەڵام لە ئەنجامدا سوڵتان هەر بە میرنشینە کوردەکانی دراوسـێی تەمبێـی کـردووە و ئەویـش گەڕاوەتـەوە دەرباری سوڵتان و تۆببەی کردووە. سـوڵتانیش "پیاوانە" کوشتوویەتی. ئەوەی پێم سـەیرە زۆربەی کات پاش سەرکێشییەکانی میرێکی کورد، میرەکە چووەتە ئەستانە بۆ خزمەتی سوڵتان. ئەویش یان خانەنشـینی کردووە یان ناردوویەتی بـۆ مەککە تاوەکوو لەوێ خەڵوەتگیـر ببێت! یانیـش لەناوی بردووە. ئـەم کلتوورە بێجگە لە میرەکان "نالی"ی شاعیریشـی گرتووەتەوە. نالی پاشـئەوەی میرنشـینی بابان لەلایەن تورکەکانـەوە کاول و خاپوور کراوە، ئەگەرچی خۆشـی خاوەنی فەلسـەفەی "تەبعی شـەکرباری من کوردی ئەگەر ئینشـا دەکا"یە، لە گەڕانەوەیـدا لە ڕێی حەجەوە بە "سـالم" دەڵێت "قوربانی تـۆزی ڕێگەتم ئەی بادەکەی خۆش مرور"، ئەویش بە "ڕۆمی ئەوەندە شـوومە لە شەخسـیش دەدا زەرەر" وەڵامـی دەداتەوە، سـەری خـۆی هەڵدەگرێت و بەرەو ئەستانە دەکەوێتە ڕێ. ئەم گرێکوێرەیەی نالی تێگەیشتنی ئاسان نییـە و نازانرێـت بۆچی بـەرەو ئەو خاکە ڕەوبکات کە شـاری شـارەزووری وێرانکرد! و شـاری شـارەزووی بەجێهێشت! و قوربانـی تۆزی ڕێگەکەی نەبوو. ئێسـتا ئەوانـە بەراورد دەکەم لەگـەڵ ئـەوەی ئەگـەر هونەرمەندانێکی کوردی وەک حەسـەن

زیـرەک و ماملـێ و کاوێـس ئاغا زیندووبکەیتەوە و لە شـاری سـلێمانی یەکـی کۆنسـێرتێکیان بـۆ ڕێکبخەیـت! باوەڕناکـەم نیـوەی ئەوەی لە کۆنسـێرتی شـەجەریاندا بەشـداربوون بچنە کۆنسـێرتەکانی ئـەو هونەرمەندانەی کـورد! هەربەپێی ئەمەش ڕاگەیاندنەکانی سـەربە پێکاکا پێیان ئاساییە گۆرانییەکی تورکی پیشـانبدەن، بەڵام پیشاندانی گۆرانییەکی شـڤان پەروەریان پێ بڤەیە!

مێـژووی ئێمـە بەتایبەتـی مێـژووی میرنشـینەکان و دەوڵەتۆکەکانمـان هەرچـی شـانازی هەبێت تێیـدا نییە، چونکە دەتوانیـت هەموویان لە یەک کورتە دێڕدا کورتبکەیتەوە! ئەویش "دووبەرەکی و سازشـکردنە لەگەڵ سەفەوی و عوسمانی". هەر بۆیە کە مێژووی ئەو میرنشـینانە دەخوێنیتەوە هیچی واهیت لێ چنـگ ناکەوێت جگە لـە دووبەرەکی و سـازش. ئەگەر میرێکی کورد بە ستەمی سەفەوی و عوسمانی نەسازابێت، ئەوا سەفەوی و عوسمانی هەربە میرە هاوزمانەکانی سەریان پانکردووەتەوە. هەر بۆیە پاش خوێندنەوەیەکی زۆری ئەو لاباسی ناو پەرتووکە مێژووییانەی کە باسی میرنشینەکانی کورد دەکات، بێزار دەبیت و نازانی چی بڵێیت!. من زۆرجار لەو خوێندنەوانەوە واملێهاتووە لەبەرخۆمەوە بڵێم "ئەی هاوووارررر"؟!..

ئێمـە چونکە هـەردەم لە شـاخ و دۆڵەکانی کوردسـتاندا بە درێژایی مێژوو خۆمان حەشارداوە! نەمانزانیوە لە دەوروبەرماندا چـی ڕوویداوە. هەر بۆیە ئێمە زۆر لـە دوای مێژووەوەین، یان لەدەرەوەیدایـن. ئێمـە هەرگیـز خۆمانمان لـە دەرەوە نەبینیوە تاوەکـوو بزانیـن چ باسـە و بـەراوردی خۆمـان و دەرەوەی ناوچەکانی خۆمان بکەین.

کــه هاتمــه دەرەوە، هەر زوو باوەڕم بەوە هێنا کە کورد ئەو ڕەگەزە زۆر جوانە نییە کە لە کاتی هەرزەکاریمدا باوەڕم وابوو. چونکــە بەراوردەکانی مــن زۆر بە عەرەب بوو و تەنیا ڕەگەزی نــا کورد، هەر عەرەبم دیبوو. بەڵام کــە خەڵکی نەتەوەکانی ترم دی، ئــەوکات بۆمدەرکەوت کە ئێمە نەتەوەیەکی جوان نین! هەر بۆیــە گاڵتەم بــەو گۆرانییانە دێت کە دەڵێت بۆ نموونە: "هەرچی کچی ســلێمانییە، سێوەسوورەی ســەرکانییە"! یان "لە بۆکانەوە تاوەکــوو هەولێر، هەر بەژنی بەرزە وەک شــەتڵە شــلێر"! بەڵام ئەگەر بەشــێوەیەکی ڕاستینە لە ئافرەتی کورد بەگشتی بڕوانیت تێکڕای ڕێژەی باڵایان ناگاتە مەترێک و شەست سانتیمەتر!

ئــەو کات کــە هەر گوێــم لە زمانــی عەرەبی دەبــوو و زۆر لەســەر زمانم قورس بوو، زمانی کوردیم زۆر لا شــیرین بوو. بەڵام ئێســتا بەزمانانی تر ئاشنا بووم و دەزانم زمان هەیە زۆر لە کوردی شــیرینترە، پاکژترە، لۆژیکــی ڕێزمانەکەی ڕێکترە. چ نەبێت زمانی ســتانداردیان هەیە و هەموو ئەندامانی نەتەوەکەی لێی تێدەگەن!

هــەر بۆیــە زۆر لام گرنگە چ تاکە مرۆڤێــک و چ نەتەوەیەک خــۆی لە دەرەوەی خۆی ببینێت. بــەڵام ئێمە ئەمەمان نەبووە و هەر لە شــاخ و دۆڵەکاندا خەریکی یەکتر کوشــتن و ڕەوەندێتی و یەکتــر تاڵانکردن بوویــن. بەخۆداچوونەوە گەلێک گرنگە، ئێمە ئەمەمان نەبووە، چونکە پێشتر و ئێستای خۆمانمان لە دەرەوەدا نەبینیوە. مرۆ کاتێک ئاخاوتنێک دەکات و هەمان ئاخاوتنی خۆی فیلم دەکرێت و پاشــان ســەیری دەکاتەوە، باشــتر دەزانێت چی وتووە و چ شتێکی دەبێت باشتر بکات. هەر بۆیە ئێمە لە هەموو

نەتەوەکانــی تــر چ وەک تــاک و چ وەک نەتەوە پێویســتمان بە بــەراوردکاری هەیــە. تاوەکــوو بزانین ئێمە بەتــەواوی چیین و چیمان دەوێت؟!

هەر لەم باســی بینین و بەراوردکردنــی کورد لە دەرەوەیدا، خزمێکم لە هاوڕێیەکی هۆڵەندیی پرسیبوو ئایا ڕات چییە بەرانبەر بــە گۆرانیی کــوردی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبــووی زۆرتر وەک دەنگی مەڕ و بزن دێتە گوێم! سەرەتا کە گوێت لەم وەڵامە دەبێت لەوانەیــە پێت ناخۆش بێــت و تووڕەببیت، من خــۆم یەکەمجار پێــم خۆشــنەبوو! بــەڵام ئەگەر باش بیــری لێبکەیتــەوە کە ئەو بێگانەیە تۆی لە دەرەوەی تۆ بینیوە! و کۆمەڵگەی کوردەواریش کۆمەڵگەیەکی کشــتوکاڵی و مەڕدار بــووە، لەوانەیە وەڵامەکەی تاڕادەیەک ڕاســت بێت. هەندێک حەیران و مەقامی کوردی هەیە کە دەڵێت "ئەئا ئەئا ئەئا" زۆر نزیکە لە باعە باعی مەڕ و بزنەوە! ئــەم ئەئــا ئەئایە لە زۆر لاوکــی بادینیدا بەرگــوێ دەکەوێت! بۆ نموونــە کاوێــس ئاغا و لاوکەکانی، تەنانەت ئــەم کاوێس ئاغایە هەندێک جار لە کۆتایی خوێندنی بەیتەکانیشــیدا "وو"یەک دەڵێت کە هەر شــوانەکان بــۆ کۆکردنەوەی مێگەلەکانیــان بەکاریدێنن. دیــارە هونەریــش ڕەنگدانــەوەی سرووشــت و دابونەریتــی نەتەوەیەکە، هەر بۆیە ئەو کابرا هۆڵەندییە زۆر باش بۆی چووە! تێکەڵاویــی مرۆڤی کورد و مەڕ و بزنەکانی بەو ڕادەیە بووە کە تــا ئەم دوادواییەش نێوانی نووســتن و حەوانەوەی گوندییەکان و ئاژەڵەکانیــان لە چەنــد مەترێک تێپەڕی نەکــردووە. ڕەوەندە مــەڕدارەکان شــەو و ڕۆژ لەگــەڵ ڕانەکانیان بــوون. هەر بۆیە ئــەو باعەباعــەش بەشــێوەیەک لــە شــێوەکان تێکەڵــی لاوک و حەیرانەکانمان بووە.

هــەر لەو خەیــاڵ پڵاوەی شــانازییەکانی جارانمدا، زۆر بیرم لــە دەوڵەتی مــاد دەکــردەوە و شــانازییەکی زۆرم پێوەدەکرد. بــەڵام ئێســتا دەڵێم ماد بە من چی، کە من ئێســتا بەو شــێوەیە ژێردەســتە و دابەشــکراوبم. ماد کاتێک شــانازی دەبوو بۆ من، ئەگەر ئێســتا "نیوەی" ئەو ســنوورەی ئەو کاتەی ماد دەوڵەتی کوردســتان بووایــە و ئێمــەش لــە مــادەکان زۆرتــر پێشــمان بخســتایە. بــەڵام من چــی لە ماد بکــەم کە دوو هەزار ســاڵێک لەمەوبەر لە کوردســتان ژیــاون و وەک دەڵێن یەکێکە لە باپیرە گەورەکانی کورد؟! گریکەکان بەشــانازییەوە باسی شارستانیی گریکی کۆن و ئۆلەمپیاد و فەیلەسوف و نووسەرەکانیان دەکەن، چونکــە چ نەبێت ئێســتا خۆیان بەردەوامیی ئەو شارســتانییەن، ژێردەســتە و بەشبەشــیی ئــەم و ئــەو نین. ئەگــەر وانەبووایە، ئۆلەمپیــاد و هەموو ئەو مێژووە گرنگەی گریکی کۆن نەدەبووە شانازیی گریکێکی ژێردەســتە! بەهۆی ئەو بێشانازییەی خەڵکی کوردەوە تێبینیی دیاردەیەکی ترم کردووە لە کوردی هەندەراندا، ئەویش شــانازیکردنە بەهەرچی هەیە و نییەی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشــتەجێیە، بۆ نموونە زۆرجار لە کوردی دانیشتووی ئەڵمانیام بیســتووە شــانازیی بــە ئۆتۆمۆبێل و هــای وەیــی ئەڵمانییەوە کــردووە، یــان کوردێکی دانیشــتووی سویســری شــانازیی بە جوانیی سرووشــتی سویسرا و تونێلەکانییەوە کردووە. کوردی بەریتانیا شانازی بە زمانی ئینگلیزییەوە دەکەن! وەکوو بنچینەی گرامەرەکــەی کــورد دایبنابێت! لە ڕاســتیدا ئەوانــە هیچیان نابنە شــانازی بۆ ئێمە، چونکە هیچیان بــە بیر و هزری خەڵکی کورد دروووســتنەکراون! لەو ڕووەوە ئەو شــانازییەش شــانازییەکی درۆیینەی خۆهەڵخەڵەتێنەرانەیە و هیچی تر.

ئێمە چونکە نەتەوەیەکی بێشـــانازین، ناچاربووین لە شارێکی وەک هەولێردا کە پایتەختی هەرێمی باشوورە، پانۆرامای جەنگی گەوگەمێلـــلا درووســـتبکەین و لـــە دیارتریـــن شـــوێنی ناوەندی هەولێر لەنێوان قەڵا و باڵەخانەی پارێزگای هەولێردا شـــوێنێکی دیاری بۆدابنێین! دەپرســـم، دەبێت گەوگەمێللا چ پەیوەندییەک و شـــانازییەکی بـــۆ ئێمەی کورد هەبێت و تێدابێت، دوو لەشـــکری زەبەلاحی وەک کۆرش و ئەســـکەندەر لە نزیک هەولێردا داویانە بەیەکـــدا و بووەتـــە هـــۆیماڵوێرانییەکـــی گەورە بـــۆ ئەوکاتەی کوردســـتان. دەبێت ئێمە شانازی بەو ماڵوێرانییەوە بکەین کە لە ئەنجامـــی پێکدادانی ئەو دوو لەشـــکرەدا هاتووەتەکایەوە؟! ئێمە تەنانەت لە سەرەتاکانی شانازی و شانازیکردنیش نەگەیشتووین.

کە هاتمە هەندەران یەکەم شـــت لێیان پرسیم خەڵکی کوێیت؟ منیـــش زۆر بەشـــانازییەوە وەڵامم دایەوە و وتم "کوردســـتان". دیـــارە ئەوروپاش وڵاتانی دۆکومێنت و کاغەزە، کوردســـتانیش لەســـەر هیـــچ نەخشـــەیەکی فەرمیـــی دنیـــا بوونـــی نییـــە. بەڵام هـــەر کەڕەتێـــک لێیان بپرســـیمایە بەشـــانازییەوە هەمان وەڵامم دەدایەوە. ئێســـتاش هەمان وەڵام دەدەمـــەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو شـــانازییەی ئەوســـام نییـــە، یان لەبەر ئـــەوەی تەمی خەیاڵ پڵاوم ڕەویوەتەوە لەبەرئـــەوە لەنێوان دوو کەوانەدا "باکورێکی ئێراق"یشی پێوە دەنێم. هەر بۆیە خواخوامە کەس ئەو پرسیارەم لێنەکات.

زۆرجـــار گوێم لێبووە لێرە و لەوێ لەلایەن خەڵکی کوردەوە گاڵتـــە بـــە ئەفغانـــی و بەنگلادیشـــی و ســـعودی و وڵاتانی تری "دواکەوتـــوو" کـــراوە. بەڵام ئـــەوان چ نەبێت کە لێیان دەپرســـن

خەڵکــی کوێن؟ تەریق نابنەوە و یەکســەر دەڵێن بەنگلادیش یان ئەفغانســتان. چونکە وڵات و ســنوور و پاسپۆرتیان هەیە. بەڵام من خواخوامە کەس ئەو پرســیارەم لێنەکات چونکە زۆر تەریق دەبمــەوە، لەبەرئــەوەی نامەوێــت بڵێم خەڵکی "ئێــراق"م. دیارە هەمــوو کاتێک پرســیارکەر شــارەزای ناوچەکە نییــە، لەوانەیە دیســان پرســیارێکی تــرت لێبــکات و بڵێت کوردســتان کوێیە؟ ناهەقیشــی نییە خۆ لەسەر نەخشــە نییە. ئەگەر شارەزاش بوو دیســان دەڵێت چ بەشــێک؟ ئەمەشــیان هەر تەریقبوونەوەیەکی ترە، چونکە یان دەبێت بڵێیت ژێردەستەی ئەو عەرەبانەی ئێراقم کــە خەڵکی وەکوو مەڕ ســەردەبڕن و ژنەکانیــان تەنیا چاویان بەدەرەوەیــە و ئێوە پێیان دەڵێن تیرۆریســت. یــان دەبێت بڵێیت ژێردەســتەی ئەو تورکانەم کە هەمووی چەند ســەد ســاڵێکە لە ناوچەکــەدان و لە هیچیی نەبوو هەموو شــتێک هیی ئەوانە. یان دەبێت بڵێیت ژێردەستەی فارسم، کە میدیا لە پارس کۆنترە!!

هەموو جارێک لە خۆم دەپرسم، ئەو هۆیە چی بێت بە درێژایی سەدان ساڵ میرنشینەکانی کورد بەربەرەکانێی یەکتریان کردووە و ئەم لە دژی ئەو پاڵی داوەتە تورک یان فارســەوە، دەبێت ئەو هۆیە چی بێت کە میرنشــینەکان یەکیاننەگرت بۆ دروووستکردنی دەوڵەتــی کوردی. دەبێت ئــەو هۆیە چی بێــت هۆزەکانی کورد هەردەم لەنێوان یەکتریدا لە جەنگدا بوون. تەنانەت چەند خێڵێکی نێــو هۆزێکیش لەگەڵ یەکتریــدا نەحەواونەتەوە. ئەو هۆیانە چی بێت کەســێکی وەک شێخ مەحموودی بەرزنجی ئەوەندەی باسی گونــدی داریکەلیی کــردووە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ئەوەندە باســی هەولێر و بادینانی نەکردووە! تەنانەت لە دۆکومێنتەکانی ئەوکاتی بەریتانیادا ئەوەندە باسی گوندەکانی شێخی تێدایە ئەوەندە باسی

هەولێر و بادینانی تێدا نییە. ئەو بیرە چی بێت وا لە شـێخ بکات یەکێـک لە بەندەکانـی گفتوگۆی نێوان ئینگلیـز و کورد، چوونی بابـا عەلی کـوڕی بێت بۆ خوێندن لە لەنـدەن! تۆ بڵێی ئەم بیرە و ئـەم هۆیە تێکەڵاونەبوونی بیری شـێخ و ڕەگەزی شـێخ بێت بە کوردەوە. مەبەسـتم ئەوەیە بڵێم شـێخ لـە یەکێک لە ڕەگەزە کۆنەکانی کوردسـتان بووبێت یان یەکێک بێت لە هۆزەکانی ماد و پاشان بیری بنەماڵەیی و بەرژەوەندیی خۆیان بە میرنشینێکدا بردبێتـە خوارەوە و پاشـانیش بـۆ بزووتنەوەکەی شـێخ. تەنیا خۆیانیـان بینیبێت و بەس. بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشـەیەم باشـتر ڕوونبکەمــەوە ڕەگەزی لۆللـۆ بە نموونە دێنمـەوە. ئەمانە هەر لـە کۆنەوە لە کوردسـتاندا ژیاون، دیارە پاشماوەکەشـیان هەر لە مادەکاندا ونبووە لە شـێوەی هۆزێکی ماددا، پاشـان بوونەتە میرنشینێک و ئنجا بزووتنەوەیەک لە سەردەمی شێخدا و ئێستاش بوونەتە پارتێکی سیاسـی و لەسەر کورد دەژمێردرێن. بەڵام لە ڕاستیدا بیرکردنەوەیان هەر میرنشینەکەیە، هەر هۆزەکەی مادە، لۆللۆکـەی جارانە! بۆیە تاوەکوو ئێسـتا هەمان پەرتپەرتی لەناو کوردا هەیە و بەرژەوەندیی هاوبەشی تێدانییە!

ئەگەرچـی هـزری خۆپەرسـتی لەنـاو مرۆڤـدا دیاردەیەکی سرووشـتی و بۆماوەییـە، هەمـان خۆپەرسـتی فراوانتردەبێت بۆ خێزان و پاشـان خێڵ، هۆز، گەڕەک، شـار یان هەرێم. بەڵام لە کۆتاییدا ئەو هزری خۆپەرسـتییە دەبێـت ببێتە بەرژەوەندیی هاوبەش لەسـەر ئاستی هەرێم، وڵات یان نەتەوە. کەچی ئەوەی لەنێـو کـوردا دەیبینیـت ئـەو بەرژەوەندیی هاوبەشـە هەرگیز لـە قۆناغی هـۆز یان لە بیـری هۆزایەتی تێپـەڕی نەکردووە و نەگەیشتووەتە ئاستی نەتەوە. تەنانەت نەبوونی ئەم بەرژەوەندیی

هاوبەشە لەسەر ئاستی هەرێمیش ڕۆژانە لە هەرێمی باشووری کوردستاندا بەبەرچاومانەوەیە. هەر نەبوونی ئەم بەرژەوەندیی هاوبەشەیە وای لە پارتی و یەکێتی کردووە لە هزری دوو هۆزی ماد یان دوو میرنشینی دواکەوتووی کوردەوە گەشەنەکەن و لەسەر سەرۆکی فەرمانگەیەکی ئاسایی شاری کەرکووک پێکنەیەن! دیارە وەنەبێت لەنێو هەمان دوو حیزبدا بەرژەوەندیی هاوبەشی حیزبایەتی بوونی ببێت، بەڵکوو خودی یەکێتی بریتییە لە چەند پارت و دەستەیەک لەناو یەکێتیدا و پارتیش وەک مۆزەخانەیەکە بۆ هۆز و بیری هۆزایەتی و کۆمەڵێک ئاراستەی زۆر جیاوازی ڕامیاری کە بەرژەوەندیی تایبەت کۆیکردوونەتەوە نەک بەرژەوەندیی گشتی. لەم باسی پەرتپەرتی و بێسەروبەرییەدا نابێت حیزبی دیموکراتی کوردستانی "ئێران"م بیربچێت! هەرچەندە من خۆم بەکابرایەکی دواکەوتەی زانیاری دەزانم! بەڵام لە حیزبی دیموکراتدا هەموو زانیارییەکانم لێ تێکەڵاوبووە و سەریان لێ تێکداوم و نازانم تاوەکوو ئێستا ئەو حیزبە چەند جار دابەشبووە و ئێستا چەند لک و باڵی هەیە و چەند دەستە بەناوی ئەو حیزبەوە "خەبات" دەکەن! من لەلایەن خۆمەوە تەریقدەبمەوە حیزبەکەی کۆماری مەهاباد بەو شێوەیە بووبێتە پەندی زەمانەی نەبوونی بەرژەوەندی و چارەنووسی هاوبەش.

پێشتر شێخ مەحموودم وەک نموونەیەکی خێڵەکی بۆ نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش هێنایەوە، کەمێک دوای ئەو مێژووە بزووتنەوەکەی قازی محەمەد دێت، ئەو کارگێڕییە بچووکەی کە ناوی لێنرا کۆماری کوردستان یان کۆماری مەهاباد، جگە لە هۆزەکانی دەوروبەری مەهاباد، هۆزێکی تری کوردی باشوور

تێیــدا بەشــداربوون. هۆزی بارزان بەخواهیشــتی خۆیان نەبوونە یارمەتیــدەری کۆمارەکە، بەڵکوو لە ئەنجامی ئەو فشــارانەوە بوو کە لەلایەن دەستەڵاتی ئێراقییەوە کرابووە سەریان و ناوچەکانیان وێرانکرابوون. هەر بۆیە باشــترین و نزیکترین داڵدە بۆ ئەو هۆزە مەهابــاد و ناوچەکانــی دەوروبەری بوون. ئەم هــۆزە وەک هەر هۆزێکی تری کورد، جگە لە بەرژەوەندیی خۆی هەر نەشیانزانیوە بەرژەوەندیــی هاوبەشــی کورد وەکــوو نەتەوەیەک لــە کوێوەیە. ئەگەرچــی هۆزی بارزان بە بەراوردکــردن لەگەڵ هۆزەکانی تری ســەردەمی کۆمار بەرەنگاری دەستەڵاتی ئێرانی بوونەوە، ئەویش زۆرتر وەک پاراســتنی ژیانی خــودی خۆیان بوو نەک کۆمارەکە، چونکە کۆمارەکە لەهەموو کات و بارێکدا ڕووخابوو، پاش ڕووخانی کۆماری کوردســتان و لەکاتی چۆڵکردنی مەهاباد، سەعید ناکامی بەرپرسی چاپخانەی کۆمار دەچێتە لای یەکێک لە سەرۆک هۆزەکان بۆ ئەوەی دوو ولاخی بداتێ تاوەکوو ئەرشیفی کۆماری مەهابادی پــێ ڕزگاربکات، ســەرۆک هۆزەکە لــە وەلامدا دەڵێــت "تاوەکوو خێزانێکی هۆزەکەم وەستابێت من ولاخم نییە بۆ تۆ"![٦] لە ڕاستیدا ئەگەرچی لەســەرێکەوە مافی ئەوە دەدەم بەو ســەرۆک هۆزە بۆ پاراســتنی خێزانێکی هۆزەکەی، بەڵام لەسەرێکیشەوە نموونەیەکی باشــە بۆ ئەوەی بزانین هۆزەکان تاوەکــوو چ ڕادەیەک بیریان لە بەرژەوەندیی هاوبەشــی کورد کردووەتەوە. ڕاســتە ڕزگارکردنی خێزانێکی کورد گرنگ بووە. بەڵام ڕزگارکردنی ئەرشیفی کۆماری مەهاباد ئەگەر لەســەر ئاســتی بەرژەوەندیی هاوبەشی کوردەوە سەیری بکرێت، لە خودی هۆزەکە گرنگتر بووە.

---

٦ ئەم چیرۆکە خودی مامۆســتا ســەعید ناکام لە سەردانێکدا بۆ شەقڵاوا لە هاوینی ساڵی ١٩٩٥دا بۆ کاک شێمحەمەدی باڵەک و کاک هەژار کامەلا و منی گێڕایەوە. سوپاسیش بۆ کاک هەژار کامەلا کە ئەم چیرۆکەی بیرخستمەوە.

ئەگەرچــی نامەوێت ســەری خوێنــەر بە نموونــەی زۆرەوە بئێشێنم، بەڵام هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەکی مێژوویی هۆزەکانی ماد، میرنشین و دەوڵەتۆکە و بزووتنەوەکانی کورد، نموونەیەک یــان زۆرتــری تێدایە. خودی جاشــایەتیی زۆرینــەی هۆزەکانی کــورد بــە درێژایــی مێــژوو هــەر هەمــان گوێزانــەوەی بیری هۆزایەتیی ماد و میرنشــینەکانی کوردە، هەریەک لەلای خۆیەوە تەنیــا هۆزەکــەی خۆی بینیــوە، مەترســی بۆ ســەر هۆزەکەی خۆی گەورەترین مەترســی بووە لای، ئیتر گوێی نەداوە بەوەی مەترسی بۆ سەر هۆزەکەی بەرانبەری بەشێوەیەک لە شێوەکان کاری خراپــی بۆ ســەر ئەم دەبێــت. چونکە ئەو بــەو پێوەرە لە ژیانی ڕوانیوە کە ئاگرە سوورە لە هۆزەکەی بەدووربووە. بیری هۆز و خۆشویستنی هۆز گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەکی کە وشەی "هــۆز" بشــبێتە ناوی کوڕانە لــە فەرهەنگی کوردیــدا. ئەم بیرە هەندێکجار لە هۆز و بنەماڵەشەوە پەڕیوەتە ناو تاکی کوردەوە، دەرهێنەرێکی سینەمایی کورد زۆر پێی ئاساییە تەنیا لەبەرئەوەی خۆی ناوبانگ و دەســتکەوتی مادی پەیدابکات، بە فیلمێک هەزار و یەک درۆ بەرانبەر کورد بکات و گوێنەداتە ئەوەی، ئەوەی ئەو دەیکات نەتەوەیەکی پێ سووکدەبێت! لە ڕاستیدا من پاش ئەوەی فیلمی "کیسەڵەکانیش دەفڕن"م بینی ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت. چونکە زۆربەی ئەو زۆرڕەوییانەی لەو ســیناریۆیەدا هەن زۆر دوورن لە ڕاستییەوە. بەڵام ئەو زۆرڕەوییانە زۆر گرنگن بەلای بینەری خۆراواییەوە، هەر ئەمەشــە نهێنیی ناوبانگی دەرهێنەری فیلمەکە.

بیری هۆزایەتی کوردی کردووەتە ئەوەی پێی دەڵێن "ئاردی ناو درک". ئەمە بووەتە هۆیەکی گرنگی ئەوەی کە خودی کورد لــە هەمــوو نەتەوەکانی تری دونیا زۆرتر هێڵی ســووری خۆی تێبپەڕێنێت. هێڵی ســوور بــەو واتایەی کە لۆژیکی نەتەوەییانەی سەردەم لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشدا پێناسە دەکرێت! ئەگینا خودی کورد ئەو ڕووداوانەی بە تێپەڕاندنی هێڵی ســوور دانەناوە، تاوەکوو ئەم دوادواییەش هێڵی سوور نەبوون، هێنانی پاسداری داگیرگەری ئێرانی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە کۆیە لەلایەن یەکێتییەوە و هێنانی هێزەکانی داگیرکەری ئێراق بۆ ســەر هێزکانی یەکێتی لە هەولێر لەلایەن پارتییەوە و هێنانی لەشــکری تورک بۆ ســەر پێکاکا چەند نموونەیەکن کە تاوەکوو ئێستاش ئەوەندە نوێن شوێنەواریان هەر ماوە. هۆزێک کە هێرشی کردووەتە ســەر هۆزێکی دی، بــە پاڵەوانێتی و ئازایەتیی زانیوە کە خانوو و ڕەشماڵەکانیان بسووتێنێت، خەرمانیان بسووتێنێت، تەنانەت ئافرەتیشیان لاقەبکات، ئەم لاقەکردنە ئێستاش هەرماوە و گوێزراوەتەوە بۆ لێپرسراوان! هەر بەو پێیە کاتێک یەزدانشێر لە دژی مامی بووە جاشی تورکەکان، ئەوە بەلایەوە هێڵی سوور نەبووە، ئەگەر هێڵی ســوور بووایە ئەو هەموو شــوێنکەوتەیەی نەدەبــوو و بزووتنــەوەی کوردیش لەو ســەردەمەدا شکســتی نەدەهێنــا. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە هەر ئەم یەزدانشــێرە، دوایی ســەرکردایەتیی شۆڕشــی کــوردی کــردووە و بووەتــەوە بــە "شۆڕشــگێڕ". دژایەتییەکەی مامی و جاشایەتییەکەشــی هەربە کوردایەتی لەلایــەن هەوادارانییەوە بۆ ژمێردراوە، ئەم ڕووداوە ئەو لێبووردنە گشتییەی بەرەی کوردستانیم بیردەخاتەوە کە لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ بۆ جاشــەکانی دەرکرد. جاشەکان گەردنیان

ئــازاد کرا و جاشایەتییەکەشــیان بۆ کرایە کوردایەتی و ئێســتا لــە ڕیزەکانــی پارتی و یەکێتیدا دەســتەڵاتداری گــەورەن و ئەو ماوەیــەی پێشووشــیان هەربــە کوردایەتــی بۆ ژمێــردراوە! لە نووسینێکی ترمدا نموونەیەکی ڕاستینەی سەیرم هێناوەتەوە، کە مەگەر لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنیا لە کورد بوەشێتەوە، ئەویــش پێش ڕووخانی بەغدا و لە کاتی شــەڕی ناوخۆی نێوان پارتــی و یەکێتی، ئەگەر داگیرکەری ئێراقی خێزانێکی کوردی لە کەرکــووک دەربکردایــە و ئەو خێزانە بۆنی بــۆ نموونە یەکێتیی لێبهاتایــە، دەریاندەکــرد بۆ هەولێر. لەوێش دەســتەڵاتی هەولێر هەمان خێزانی دەرکراوی جارێکی تر بۆ سلێمانی دەردەکردەوە چونکە یەکێتی بوون. پێچەوانەکەشی ئەگەر خێزانێک بۆنی پارتی لێبهاتایە، ئەوا بەعس دەریدەکرد بۆ سلێمانی و لەوێش دیسانەوە بەرەو هەولێر دەردەکرانەوە چونکە پارتی بوون!

ئــەم چیرۆکی "ئاگرە ســوورە لەخۆم دوورە"یە ئێســتا نەک لەنێوان هۆزەکانی کوردســتاندا، بەڵکوو فراوانتر بووە بۆ نێوان دووبەشــی کوردســتانیش. بۆ نموونە لە دەمەدەمی شــەڕەکانی زاپ لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨، سوپای تورک بە فڕۆکە و هەموو چەکێکی تر هێرشی سەر چەکدارەکانی پێکاکای دەکرد، تەنانەت هێزێکــی زۆریشــیان هێنایە ناو ســنووری فەڕمی کوردســتانی بندەســتی ئێراقەوە، کەچی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی باشــووری کوردســتان هەر ڕێکلامیان بۆ شــمەکە تورکییەکان دەکرد. لەو ڕۆژانــەدا بۆ نموونە لەســەر تەلەڤزیۆنەکانیان ڕێکلامی "ئاڵتون ســا"ی تورکی بەبەردەوامی دەبینران! هەر لەبارەی ئەم شمەکە تورکییانــەوە، ماوەیەکی زۆرە کۆمپانیــا تورکییەکان مۆنۆپۆلی بزووتنــەوەی تەلارســازیی باشــووری کوردســتانیان کردووە.

نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش کاریگەکی واهیی کردووە، گوێ بە کوالیتیی ئەو پڕۆژانە نەدرێت. هەر بۆیە من پێشبینیی ڕووخانی هەندێک پرد و باڵەخانەی گەورە دەکەم لە پاشەڕۆژدا کە لەلایەن ئەو کۆمپانیا تورکیانەوە دروستکراون و هیوادارم کارەساتیان لێنەکەوێتەوە. ڕوودانی هەر کارەساتێکیش بەو هۆیەوە، نابێت لۆمەی ئەو کۆمپانیا تورکیانە بکرێت، بەڵکوو بەرپرسیاری یەکەم "دەستەڵاتی کوردیی" و نەبوونی بەرژەوەندیی گشتییە. ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی ببوایە، کۆمپانیایەکی "تورکی" بەشداریی لە دروستکردنی "مۆنومێنتی شەهیدانی کوردستان"دا نەدەکرد لە هەولێر! دووبارەیدەکەمەوە، "مۆنومێنتی شەهیدانی کوردستان"!

بیری هۆز، تەنیا هۆزەکەی خۆی بینیوە و بەرژەوەندیی هۆز لە سەروو هەموو بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی ترەوە بووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، هێنانەوەی تەرمی بارزانییە ئەنفالکراوەکان پێش هەر ئەنفالکراوێکی تر لە بیابانەکانی باشووری ئێراقەوە بۆ کوردستان بەهۆی بیری هۆز و باڵادەستی هۆزێکی کوردییەوەیە لە کوردستان. شایانی باسە دەیان هەزار تەرمی ئەنفالکراوی تری کورد لەو بیابانانەی باشووری ئێراقن و تاوەکوو ئێستا نەکەس لێی پرسیوون و نە هیچ پلانێکیش بۆ دۆزینەوەیان هەیە، باسی هێنانەوەیان هەر ناکەم! هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو ئەنفالکراوانە، گەرمیانییەکان وەک نموونەیەک سەربە چەند هۆزێکن کە باڵا دەست نین و هۆزەکەیان کاریان بۆ ناکات. ئەگەر ئیبراهیم خانی دەلۆ و کوڕەکانی فەرمانڕەوای کوردستان یان بەشێکی بوونایە پێش هەموو کەس ئەنفالکراوەکانی ناوچەکانی کفری و کەلار بەشێوەیەکی شایستە دەهێنرانەوە کوردستان! ئەگەر دەستەڵاتی

کـوردی کەمێک هەسـتی بەرژەوەندیـی هاوبەشـی تێدابووایە، دەبووایـە بیزانیایە، ئەنفالکراو هەر ئەنفالکراوە، ئیتر ڕێکانی بێت و جاف یان بارزانی بێت، هەر کوردێکی ژینۆسایدکراوە و دەبێت هەمـان ڕێزی ببێت. بـەڵام ترسـناکیی نەبوونـی بەرژەوەندیی هاوبـەش لەوەدایە کە ڕێـزی ئەنفالکراوێک لە یەکێکی تر زۆرتر بێـت. ئێمە ئەگـەر هێندەی گەردێک بمانزانییایـە بەرژەوەندی و چارەنووسـی هاوبـەش چییە، دەبووایە بستبەبسـتی بیابانەکان بگەڕاینایە بۆ دۆزینـەوەی ئەنفالکراوەکانمان. لەبارەی گەرمیان و خزمەتکردنـی گەرمیانەوە ئەوەندە بەسـە بگوترێت تا سـاڵی ٢٠٠٨ و لـە مـاوەی ١٧ سـاڵدا تەنیا ٧١ کیلۆمەتر لـە ڕێگاکانی گەرمیـان قیرتاوکـراوە. کەچـی زۆرینەی قوربانییەکانی سـاڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی گەرمیاندا بووە. کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ لەو دەیان هەزار ئەنفالکراوەی گەرمیان ئێسـک و پرووسکی نزیکەی ١٥٠ گەرمیانییان هێنایەوە و سووکایەتیشـیان پێکردبوون بەوەی کە ئاڵای ئێراقیان دابوو بەسـەر تەرمی هەندێکیاندا! ئەوانە هەر بەو ئاڵایە و هەر لەژێر سووپای ئەو ئاڵایەدا ئەنفالکران!

جنێو و قسەی ناشـرین لەناو کوردا پیاوی لەسەر کوژراوە، تائێسـتاش هەروایە. ئەگەر لای جافێک قسـە بە کورد بگوترێت لەوانەیە ئاسـایی بێت، ئەگەر دەسـت بۆ جاف نەبەیت و قسە بە جـاف نەڵێیت! هەمان کەسـی جاف کە بۆ نموونە سـەربە خێڵی گەڵاڵییە لەوانەیە پێی ئاسـایی بێت قسـە بە جاف بوترێت بەڵام دەسـت بۆ خێڵی گەڵاڵی نەبەیت! چونکە بۆ نموونە خێڵی گەڵاڵی هــەر خۆی و بەرژەوەندیـی خێڵی خۆیی بینیـوە! بەرژەوەندیی ئـەم خێڵـە لە سـنووری هۆزی جـاف تێپەڕی نەکـردووە، هەر

بۆیــە زۆربەی بەگزادەکانی جاف بــۆ بەرژەوەندیی هۆزایەتی و بنەماڵەیی خۆیان یان سەربە تاران بوون یان بەغدا!

هەر لەم باســی جنێوەدا تاکی کورد پێی ئاســایی بووە هەر جنێوێــک بە کــورد بدرێــت، بــەڵام دەســتکاریی پیرۆزییەکانی هۆزەکەی نەکرێت، بۆ نموونە شــێخ یان ڕدێنســپییەکەی! ئێستا زۆرینــەی تاکی کورد بخــەرە هەڵبژاردەی نێوان شــێخەکەی و کــوردەوە، هــەر شــێخەکەی هەڵدەبژێرێت. چونکە ئــەو زۆرتر بــە پشــت و پەنای خــۆی دەزانێــت تاوەکوو ئەو کــوردەی کە دەبووایە سەیوانی بووایە! تاکی کورد شێخەکەی جاش بووبێت، ئەمیــش جاش بــووە! ئەگەر بــاش بووبێت، ئەمیش بــاش! واتە بیرکردنەوەی تاکی کورد پەیوەســت بووە بە ســەروو خۆیەوە. سەرەوە جاش بووبێت یان باش، ئەم بەگشتی گوێی نەداوەتێ و وەک مێگەل دوایکەوتووە! ئەم جاش و باشەی هۆزە کوردەکانم وەک هەڵپەڕکێــی کــوردی دێتەپێــش چــاو، دیــارە هەڵپەڕکێش ڕەنگدانــەوەی ژیانی هۆزایەتیی کوردە. لــە هەڵپەڕکێی کوردیدا کەســێک هەیە ســەرۆکایەتیی هەڵپەڕکێکــە دەکات و پێی دەڵێن ســەرچۆپی، ئــەم سەرچۆپیکێشــە هەمان ڕۆڵی ســەرۆک هۆز دەبینێــت و بەئارەزووی خــۆی ڕەوت و شــێوازی هەڵپەڕکێکە دیاریــدەکات، بەخاوی، بەخێرایی، بەســێپێیی، بە چەپی و بردنی هەڵپەڕکێوانــان بەشــوێنی خراپدا و زۆریتر، لەدوایی دواشــەوە کەســێک هەیە پێــی دەوترێت گاوان و بە کارەکەشــی دەوترێت گاوانی، ئەمەیان ڕۆڵی کوێخا یان پیاوماقوڵی هۆز دەبینێت و پاڵ بە هەڵپەڕکێوانانەوە دەنێت تاوەکوو دوای سەرچۆپی بکەون! واتە هەڵپەڕکێوانــان هەڵبژاردەیان نییە و تەنیا جێبەجێکەری فەرمانی سەرچۆپیکێشــن. هەر بۆیە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا زۆرترین ڕێز

دەدرێت بە سەرچۆپیکێش چونکە هەمان ڕۆڵی سەرهۆزی هەیە و زۆرترین گۆرانیی دەهۆڵیی کوردیش بەسەر ئەمدایە.

بەرژەوەندیی هۆزایەتی و نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش لەناو کوردا هەر لە سەدە کۆنەکانەوە تاوەکوو ئێستا وەکوو هزر هێندەی تاڵە موویەک نەگۆڕراوە، بەڵام لەوانەیە لە هەندێک شوێن ناوی هۆز کرابێتە حیزب یان دامەزراو یان کۆمپانیا. نموونەیەکی زیندوو لەلای من شێوەی پۆشاک و ڕەفتاری هەندێک لە لێپرسراوانی کوردە، ئەوانە تاوەکوو ئێستا وەک چۆن سەدان ساڵ لەمەوبەر هۆزەکانیان ڕەفتاریان کردووە، هەر لەو چوارچێوەیەدا ماونەتەوە و نەیانتوانیوە لەو چوارچێوەیەدا خۆیان بتوێننەوە کە پێیدەوترێت کورد.

کەسانێکی زۆر هەریەکەیان بەشێوەیەکی جودا پێناسەی بیری نەتەوەیی یان ناسیۆنالیستییان کردووە. من بیری نەتەوەیی بۆ کورد یان کوردایەتی بەوە پێناسەدەکەم کە "بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵکی کوردە بۆ پێکەوە ژیانێکی ئازاد و یەکسان" و هیچی تر، ئیتر با ئەو خەڵکە یەکیان موسڵمان بن و ئەوی دی یان ئاگرپەرست و یارسان، یەکیان زازاکی بێت و ئەوی دی هەورامی یان کرمانج و سۆرانی. ئەو گەرمیانی بێت و ئەمیش کوێستانی، هیچ بە گرنگی نازانم، گرنگ ئەوەیە ئەو خەڵکانە بەرژەوەندیی هاوبەشی خۆیان بزانن، کە ئەویش پێکەوە ژیانیانە و بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەمە جافە یان ڕێکانی و نێرەوەیی و شوکاک. دیارە بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵکی کوردیش پەرتبوونی هۆزایەتی، بنەماڵەیی، ئایینی، هەرێمی نییە.

بەڵكوو كۆكردنەوەی ئەو خەڵكانەیە لەژێر سەیوانی نەتەوەیەكدا كە پێی دەوترێت كورد یان كوردستانی.

هەمان بیری نەتەوەیی كە پێشتر وەک بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵكی كورد پێناسـەمكرد، بەهیچ جۆرێک لە هیچ بزووتنەوە و پارت و ڕێكخراوێكی كوردا نە هەبووە نە تاوەكوو ئێستا بوونی هەیـە. هەندێـک وردەكاری هەیە بۆ مـن زۆر گرنگن و لەوەوە دەیكەمـە پێـوەری زۆر شـت. لێپرسـراو هەیە لەوەتـەی هەیە لەناو بزووتنەوەی كوردایەتیدا بووە، كەچی ناوی سـەرلەبەری منداڵەكانـی عەرەبییە. من ئـەو ناوانە دەكەمە پێوەر بۆ نەبوونی هیـچ بەرژەوەندییەكی هاوبـەش لە ناو بزووتنـەوەی كوردیدا، دەنـا دەبووایـە تەنانەت ئەو وانەیـەی لێوەفێربووینایە كە ناوی كوردیمان لە منداڵەكانمان بنایە!

زەمینـەی هۆزایەتـی لەناو كـورددا زۆر لەبـارە، ئەم هزری هۆزایەتییـە ئەگەرچـی هەندێک جار كەمێـک لاوازبووە بەهۆی هێزكارگەلێكی دەرەوەی خودی هۆزەكان. بەڵام كەی بویسترێت بەهاسـانی زیندوودەبێتەوە، لەبەرئەوەی پاشـخانێكی مێژووی هەزاران سـاڵەی هەیە. نموونەی ئەوەش دامەزراندنی سوارەی حەمیدیەیە لەلایەن توركەكان و هەروەها دامەزراندنی ئەو فەوجە سووكانە بوون كە داگیركەری بەعسی لەسەر بنەمای هۆز و خێڵە كوردەكان لە هەشـتاكانی سەدەی بیسـتەمدا دروستی كردن. ئێستاش هەر بەهۆی هەمان هۆوە دەستەڵاتی كوردی لە باشووری كوردستاندا چونكە لە بەرژەوەندیی هاوبەش نەگەیشتووە، بۆیە بەئاسانی بیری هۆزایەتیی بەهێزتر كردووە، فێستیڤاڵی ساڵانەی جـاف لە ناوچەی سـلێمانی جۆرێكـە لەو بەهێزكردنـە، چونكە

پۆلێنکردنی خەڵکی کورد بۆ هۆزەکان بەئاسانتر بەهۆی سەرۆک هۆزەکانەوە دەســتەڵاتیان بەســەردا دەگیرێت. ئەمە هەموو ئەو وانانەیە کە دەستەڵاتی کوردی لە بیری مەکیاڤیللی تێگەیشتووە! دامەزراندنی هەردوو مەکتەبی کۆمەڵایەتییەکانی ســەربە پارتی و یەکێتیش هەر بۆ ئەو مەبەســتەیە، ئەمانە لەســەرێکەوە دەڵێن یاســا ســەروەرە و عیلمانین و لەســەرێکەوە بەهــۆی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە خەریکی سوڵحی عەشایەرین. ئەم سوڵحی عەشایەرییە ترسێکی گەورەی سەر بەرژەوەندیی هاوبەشە. لەو ســوڵحانەدا هەســتێکی واهیی بە هۆز و بنەماڵەکان دەدرێت کە هەر بە هۆز و بنەماڵەیی بمێننەوە و ســەیوانی یاســای وڵات کە بەرژەوەندی هاوبەشــی هەموو لایەکە فەرامۆش بکەن و ڕێزی لێنەگرن. ســوڵحی عەشــایەری بە تاکی هۆزەکانــی دەڵێت، ئێوە هۆزەکەتان ڕێکتاندەخات، بەڕێوەتاندەبات، یاسای ژیانتان یاسای هۆزەکەتانە، لەکاتی تەنگانەدا هەر هۆزەکەتان بەتەنگتانەوە دێت، یاســای وڵاتیــش کەنارگیرکراوە و هیچ ڕۆڵێکــی نییە لەو تاوانە ترســناکانەی دەربــارەی هەمان تاکــی هۆزدا دەکرێــت، لەوانە کوشــتن، خەتەنەکردنی ئافرەتان و ســووتاندنیان بۆ شتنەوەی تاوانــی ئەوەی پێی دەوترێت "شــەرەف"، تاوانــی پیدۆفیلی یان بەشوودانی خوار هەژدە ساڵی و زۆریتر.

بیــری هۆزایەتی لەنــاو کــوردا ئەوەندە بەهێــزە، تاکی هۆز ئەوەندەی هەستی بەهۆزەکەی کردووە، ئەوەندە دڵی بەگشتی بۆ کورد لێینەداوە. تێبینی ئەوە بکەن لە کۆتایی هەشتاکاندا ژمارەی هەموو هێزی پێشــمەرگەی باشــوور دەهــەزار نەدەبوو، کەچی ژمارەی جاشی ســەربە فەوجی سووکی هۆزەکان نیو ملیۆنێک دەبــوون. ئەمە ئەو دیاردە ترســناکەیە کە پێمان دەڵێت، یەک بۆ

ســـەدی کورد ئەوەندەی هۆزە ئەوەندە کورد نییە. خەڵکی کورد بە درێژایی مێژوو ئەوەندە بۆ هۆزەکانیان خۆیان بەکوشـــتداوە و قوربانییـــان بۆ داوە، تنـــۆک بەدەریایەکی ئەوە وەک کورد بۆ کوردیان نەکردووە. ئەو خۆبەکوشـــتدان و قوربانیانەش هەر لە دژی هۆزەکانی تر بووە.

گوندەکانی قامیش و گەڵاڵەی دۆڵی شینکایەتیی نزیک ماوەت هەردەم دوژمنایەتییان هەبووە. لەیەکێک لە مەســـڵەحەتەکانیاندا ئاغـــای گەڵاڵـــە و دەســـتوپێوەندەکانی دەچنـــە دیوەخانی ئاغای قامیش. یەکێک لە پیاوەکانی قامیش بۆ ئەوەی بۆ ئاغای گەڵاڵەیی بسەلمێنێت کە چەند دڵسۆزی هۆزەکەی و ئاغای قامیشە، دەست دەکات بـــە زۆپـــای دیوەخاندا و پشـــکۆیەکی گەورە بەدەســـتی ڕووتی دەردێنێت و بە دیوەخاندا لەمسەر بۆ ئەوسەر دەگەڕێت، تاوەکوو هەموو ئامادەبوان قەننەکەیان بەو پشـــکۆیەی دەســـتی دابگیرســـێنن! ئەمـــە چیرۆکێکی ڕاســـتینەیە و ڕادەی دڵســـۆزیی تاکی هۆزەکان بۆ هۆزەکانیان دەردەخەن، لەلایەکی تریشەوە بۆ دواکەوتوویی هۆزەکانی کورد ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە.

هـــەر ئەم بیری هۆزایەتییەیـــە کە وای لە تاکی کورد کردووە هەردەم یاخی بێت، گوێنەداتە هیچ یاســـایەک، چونکە یاســـا لای ئەو یاسای هۆزەکەی بووە. هەمان بیری هۆزایەتیش لە ئێستای دەســـتەڵاتی کوردیـــدا دەیبینین، لێپرســـراوێکی کـــورد ئەگەرچی دەبێت یەکەمین پارێزەر و ســـەلمێنەری یاسا بێت! کەچی خودی خۆی هێشـــتا هەر یاخییە و یاســـا لای ئەو یاسای هۆزەکەیەتی، ئۆتۆمۆبێلەکـــەی بە ئارەزووی خۆی دەئاژوێ بەبێ ئەوەی گوێ بە یاســـای ڕێگاوبان بدات و بڵێـــت، دەبێت لێرەدا چاوەڕێ بکەم چونکە چراڕێیەکە سوورە!

که گەیشــتمە قۆناغی دواناوەندی، گەرمەی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی بوو. لەیەکێک لەو خۆپیشاندانەدا تاقیگەی کیمیای قوتابخانەکەمان ســووتێنرا، من ئەمەم زۆر پێناخۆشبوو. چونکە بە هیی قوتابیان و قوتابخانەکەمم دەزانی، نەک هیی ڕژێم. بەڵام ئــەوکات نەمدەزانی ئەوە هەمــان بەردەوامیی تاڵانیی هۆزەکانی کوردە بۆ یەکتر، نەمدەتوانی بەراوردی ئەوە بکەم لەگەڵ تاڵانیی هۆزی شــوکاکدا لە شــاری مەهاباد. نەمدەزانی تاڵانی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هۆزەکانی کورد. هەر ئەم هزرەیە وایکردووە ئەو تاقیگەیەی قوتابخانەی ڕۆشــنبیری پێ بســووتێنرێت. بەڵام ساڵانێک پاشتر و کە بەهاری ١٩٩١ شاری کەرکووک ڕزگارکرا، بەچاوی خــۆم دیتم کە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی گرتنی ئەو شارە تاڵانی بوو! لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەوانەی لە گرتنی ئەو شارەدا تێداچوون و ئامانجێکــی پیرۆزیان هەبوو. لە کەرکووک بینیم چ دزێکین، یەکســەریش هەستم کرد ئەو شارە بۆ ئێمە نییە و هەر ئــەو تاڵانییــەش بوو ڕێی گــرت لە دابینکردنــی هێڵێکی بەرگری بۆ بەدەســتەوەنەدانی شارەکە. کەم کەســم بینی کۆڵێک تاڵانیی نەدابێت بەملیدا، لە کەرکووک چوومە ماڵی عەلی حەسەن مەجید، کۆمەڵێک خەریکــی لێکردنەوەی دەرگاکانی بوون! واتە گســکی تــەواوی لێدرابوو. لە بەدەســتەوەدانی کەرکووکدا ژێر نەبووین و ســاڵی ٢٠٠٣ش کاتێــک کەرکووک گیرایــەوە، هەمان دزی و تاڵانیمــان دەســتپێکردەوە و هیچ بیری ئەوەمــان نەکردەوە ئەم شــارە هیــی ئێمەیە و چۆن دەبێت کارێکــی واهیی بکەین بێتەوە سەر ئێمە.

ئێستا لەم کاتەی ئەم دێڕانە دەنووسم (٢٠٠٨)قەیرانی نێوان داگیرکەری ئێران و ئەمریکایە و بەهۆی کارە ئەتۆمییەکانی ئێران و بەرژەوەندیی خۆراوا لە ناوچەکەدا "ئەگەری" لێدانی ئێران هەیە. هیچ بەدووری نازانم کەسانێک هەبن لە ئامادەباشیدابن بۆ تالآنی! کەچی شتە ئەنتیکەکانی ناو کاخی شاهی، ساڵی ١٩٧٩ لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا گەردی بەرنەکەوت! من خۆم نەمدیوە بەڵام دەڵێن دوا جگەرەی شای ئێران لەو کۆشکەدا هەر لەسەر تەپڵەکەکەی ماوە! وەنەبێت ئێمە هەر بۆ تالآنیی دوژمن ئازابین. لێ تا تالآنیی نێوخۆی خۆمان وەستابێت کەمجار لە سنووری خۆمان چووینەتە دەرەوە. پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، حیزبە کوردییەکان هەموو وڵاتەکەیان بە ئێران تالآنفرۆش کرد، باوەڕناکەم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاوەکوو ئێستا بەنداوێک تالآنکرابێت. لێ ئێمە بەستی بەخمەمان تالآنکرد و هەر کونە شاخەکانیمان هێشتەوە! ئەوەیە ترسناکیی نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش. چونکە ئەوانەی تالآنکران ژێرخانی ئابووری و بژێویی خەڵکی ئەو وڵاتە بوو. تالآنکەر لە تالآنییەکەی ئەو زیانەی بەبەرانبەرەکەیی دەگەیەنێت، هەمان زیانیش بەخۆی دەگەیەنێت، چونکە ئەوە سامانی هاوبەشە و بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەو وڵاتەیە. بیری هۆز بوو پاشخانی بەستی بەخمەی تالآنکرد، چونکە ئەو بەستی بەخمەیە ئەو هۆزانەی ناوچەکەی ژێرئاو دەخست!

تالآنی کە دزییەکە لەسەر ئاستی هۆز، لە سەردەمانێکدا دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو بووە، هیچ هۆزێکی کوردی نییە ئەم تالآنییەی ئەنجام نەدابێت، هیچ شوورەییش نەبووە لەلایان. بەڵکوو لەکاتی شەڕی نێوان هۆزەکان، ئەم تالآنییە

دەستخۆشیشــی لێکــراوە و بووەتــە پلە و پایەیەکــی گرنگ بۆ ئەو کەســانەی کە بە تالآنییەکە هەڵستاون. واتە دیاردەی تالآنی یەکێک بــووە لە تایبەتمەندییەکانی هۆزە کوردییەکان بەگشــتی. هەر بیری تالآنی هۆز بوو لە کاتێدا لە ســاڵی ١٩٨٨ کە شــاری هەڵەبجە بەکیمیایی خاپوورکرا، پێشمەرگەش شارەکەی تالآنکرد، تەنانــەت وەک "دەڵێــن" پێشــمەرگە هەبــووە پەنجــەی ئافرەتی کوردی قرتاندووە تاوەکوو مستیلە ئاڵتوونەکەی دەستی بدزێت. ئەم پەنجە قرتاندن و دزینی مستیلەیەم لە زۆرلاوە بیستووە، من نازانم تا چ ڕادەیەک ئەمەیان ڕاســتە. ئەگەر ڕاست بێت، نەفرەت لەو پێشمەرگەیە، نەفرەت لە بیروباوەڕی ئەو بزووتنەوەیەی کە نەیتوانیوە پێشمەرگەکانی پەروەردە بکات.

پێشتر کەمێک نموونەی پیس و پۆخڵیی گوند و قوتابخانەکانی کودســتانم هێنایەوە، چونکە بە بابەتێکی گرنگم زانی و هۆیەکی گرنگــی دواکەوتوویی ئێمەیە. ئێســتاش بیرۆکــەی پاکوخاوێنی هەروەک ئەوسا وایە. ئێستا شارەکان گەورە بوون و پێویستیی بــە هێــزی پاکوخاوێنیــی زۆرتــرە. بــەلآم چونکــە بیــری هۆز فەرمانڕەوایــی ولآت دەکات. نەنگییە هەر پیشــەیەک پەیوەســت بێــت بــە پاکوخاوێنییەوە. ئەوە هــەر بیری هــۆزە وا لە خەڵکی دەکات پێــی شــوورەیی بێــت ببێتــە کارگەرێکی شــارەوانی بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشــاکی شــارەکان. هەر بۆیە ئەم پیشەیە کۆمپانیــا بێگانــەکان پێی هەڵدەســتن. ئەو بیری هــۆزە بەتاکی کــورد دەڵێــت تــۆ نابێت کارێکی لــەو جۆرە بکەیــت، چونکە تۆ ســەربە هۆزێکی واهیت و نابێت هۆزەکانی تر بتبینن کە کارێکی واهیی دەکەیت. پاکوخاوێنی و پاراســتنی ژینگە بەشێکی گرنگی

بەرژەوەندیی هاوبەشــە، هەر بۆیە باشــووری کوردستان وەک نموونە، ژینگەیەکی زۆر پیســی هەیە. چونکە خۆشەویستی نییە بــۆ وڵات و کــەس خۆی بەخاوەنــی وڵاتەکە نازانێــت. هەریەک بەگشــتی لای خۆیەوە خەریکی بازنە داخراوەکەی خۆیەتی، ئیتر دەرەوەی بازنەکەی دەبێتە زبڵدان! ئەوا باکی نییە!

کــە هاتمــە دەرەوەی کوردســتان، زانیم هــەر کارێک ڕێزی تایبەتیــی خۆیــی هەیە. کار هــەر کارە و گرنــگ ئەوەیە مرۆڤ بێــکار نەبێت. هەر بۆیە لەو ڕوانگەیەوە لە ئەوروپا کوڕ و کچی واهیــی دەبینیت کاری پاککردنەوە دەکەن، ئەگەر لە کوردســتان بــن، دەبێــت دکتــۆر و ئەندازیار بــن! لەوەش گەڕێ کــە ئەمانە بەرانبەر کاری پاککردنەوە بژێویی ژیانیان دەستێنن، بەڵام وەک پێشــتریش باســمکرد من زۆرجار پیاوی بەتەمەنــم بینیوە و بە کیســەیەک و مەقاشێکەوە خۆبەخشــانە خەریکی پاککردنەوەی کۆڵانەکــەی خۆی و دەوروبەرەکەیەتــی، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشــتێک بکەن! چونکە ئەوروپییــەکان دەزانن ژینگەیەکی پاک بەشــێکی دانەبــڕاوی بەرژەوەندیی هاوبەشــیانە. بەڵام لای ئێمــە لەهەر گەڕەکێــک کەلاوەیەک هەبێت، ئــەوا دەبێتە زبڵدانی گەڕەکەکــە و هەمــووماڵەکان خۆڵ و خاشــاکی تێدا فڕێدەدەن، بەبــێ ئەوەی بیر لەو ماڵانە بکەنەوە کە لە تەنیشــت کەلاوەکەدا دەژین، یان تەنانەت بیر لەخۆشــیان بکەنەوە چونکە پاشــتر ئەو میکرۆبانە بەرەوڕووی خۆشیاندەبێتەوە.

لــە کۆتایــی قۆناغی ناوەنــدی و چوونم بۆ زانکۆ، باشــتر لە هــزری هۆزایەتــی و پەرتپەرتیــی کــورد تێگەیشــتم، ئــەو کات

گەرمەی شـــەڕی براکوژیی نێوان حیزبە کوردییەکان یان حیزبە هۆزهزرییەکان بوو. تا دەمانبیســـت سەربازێک کوژراوە هەواڵی کوژرانی چەندین پێشـــمەرگەمان بەدەســـتی یەکدی پێدەگەیشت. شاکاری ئەمانە لەو شاخانە لاوازکردنی ئەویتر بوو، بۆ کوشتنی یەکدی هەزار و یەک فێڵی گڵاویان بەکاردەهێنا. تەنانەت یەکترییان بۆ خـــوان بانگدەکـــرد و لەکاتی نانخواردندا دەیانکوشـــتن. ئەمە جگە لە شـــێوازێکی مامەڵـــەی هۆزەکان و میرنشـــینەکانی کورد زۆرتر بەهیچی تری نابینم. پاشـــتریش کە بەرەی کوردستانییان بەناچـــاری دامەزراند، هـــەر درۆیان لەگەڵ یەکـــدی دەکرد. هەر بۆیـــە پاش ڕاپەڕیـــن ئەمجارەیان براکوژییەکەیـــان کردە جەنگی بەرەیی! و هەزاران کەسیان کردە سووتەمەنی.

کۆتایی ســـاڵی ١٩٨٧، ڕێمکەوتە شـــارۆچکەی قـــەراخ، قەراخ وێـــران و چـــۆڵ بووبـــوو. گوندەکانـــی دەوروبـــەری زۆر کـــەم خەڵکـــی تێدابوون و ڕوویانکردبووە شـــار و ئـــۆردوگاکان. ئەو ڕۆژە لـــە قەراخدا کارەســـات بـــوو. نزیکەی پازدە پێشـــمەرگەی یەکێتی لەو شـــەڕەی کـــە پێیاندەوت "شـــەڕی بورجەکە" کوژرا بوو. زۆربەشـــیان فەرماندەی کەرت و تیپ و یاریدەدەرەکانیان بـــوون. لە مزگەوتەکەی قەراخ تەرمی یەکێک لەو پێشـــمەرگانەی لێبوو. هەندێک پێشـــمەرگەی پارتیشـــی لێبـــوو، یەکێکیان هەرکە زانی من یەکێتی نیم و پاسۆکم، یەکسەر چپەیەکی کرد بەگوێمدا و وتی: "قســـەی خۆمان بێت برادەرانی یەکێتی خۆیان کێشـــاوە بە داری گۆڵەکەدا"! ئەمە ئیدیۆمێکی خەڵکی سلێمانییە، مەبەستی ئـــەوە بوو بڵێـــت "برادەرانی یەکێتی خۆیانیان کـــردووە بەپەند"! من زۆر پەســـت بووم بەم قســـەیە و شوێنی وەڵامدانەوە نەبوو، چونکە ئەو خەڵکەی ئەوێ بەهۆی ئەو کارەســـاتەوە دڵیان گەرم

بــوو و دەمزانی قســەیەک بکــەم دەقەومێت. لەبەرئــەوە ڕووم لێوەرگێــڕا و فەرامۆشــمکرد. بڕوانە لە کاتی کارەساتەکانیشــدا هەر بیرمان لای هۆزەکەی خۆمانە و بەکارەساتی هۆزەکانی تر خۆشحاڵدەبووین. هەر لەم ڕووانگەیەوە هێرشەکانی داگیرکەری تورک بــۆ بادینان بەبەهانــەی پکک، هەردەم جێی خۆشــحاڵیی یەکێتی بوو. چونکە ئاگرە ســوورەکە لــە یەکێتی دووربوو. ئەم هەستە دوور لە پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی شارەکانیش هەر بەو شێوەیەیە، ئێستا ئەگەر خودانەکردە زەمین لەرزەیەک نیوەی هەولێــر خاپووربــکات، ڕۆژی هەینیی داهاتــوو ئەگەر ئاووهەوا لەباربێت، شــاخی ئەزمەڕ لەبەر ســەیرانکەرانی خەڵکی سلێمانی بەرناکەوێت! هەر ئەو بیرەیشە کەسانێک تەنانەت سووکایەتیش بــە کەســێکی وەک "هۆمــەری خــاوەر" دەکــەن و ناویاننــاوە "گۆڵچییەکــەی هەڵەبجە"! چونکە نە هۆمــەر لە هۆزی وانە و نە هەردوو کۆرپەکەی ناو هەردوو شــانی! کــە هەڵەبجەش وێران بوو، لە ســلێمانی گەر مانگایەک ســەریبکردایە بەتەنەکەیەکدا بۆ لــەوەڕ، پێیان دەوت، "ئــەوە هەڵەبجەییە بۆ خانــوو دەگەڕێت"! ئەوانەی واهیی بیردەکەنەوە، هۆمەر و هەڵەبجە بە هۆزی خۆیان نازانن، کوردبوونی هۆمەر و خۆشیان نابێتە هۆی ئەوەی ڕێز لەو هۆمەرە داماوە بگرێت و سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دابنەوێنێت. من لەلایەن خۆمەوە داوای لێبووردن لە هۆمەری خاوەر دەکەم.

هۆزەکانی ماد هەریەکەیان سەرۆکێک و چەند کاربەدەستێکی تری یاریدەدەری سەرۆکی هەبووە، ئەم سەرۆکایەتی و پۆستانە لە باوکەوە بۆ کوڕ هەروەک پادشاکانی ماد هاتووەتە خوارەوە. ئەم سیســتەمی کارگێڕییە گواســتراوەتەوە بۆ ناو دەوڵەتۆکە و

میرنشـــینەکانی کورد، هەر بۆیە زۆرجار میر کابرایەکی لێهاتوو بـــووە و پاش خـــۆی نەزانێـــک بووەتە میر و میرنشـــینەکەی بە قوڕدا بردووە. هەمان دەستەڵاتی باوک بۆ کوڕ تاوەکوو ئیستێ لەنـــاو هۆزەکانـــی کـــوردا ماوە. هەمـــان سیســـتەمیش پەڕیوەتە ناو حیزبەکانی کوردســـتان. ســـەرۆکایەتی، پۆســـتێکە تاوەکوو مـــردن. تاوەکـــوو ئێســـتا نەبیســـتراوە ســـەرۆک حیزبێک وازی لـــە ســـەرۆکایەتی هێنابێـــت بـــۆ کەســـێکی لەخـــۆی گەنجتر یان لێهاتووتـــر. ئەگەر گۆڕانکارییەک لە پۆســـتی ســـکرتێریی حیزبی دیموکراتی ئەودیودا لەم دوادواییەدا کرابێت، ئەوا زۆرتر بەهۆی دابڕانەکانـــی ناو ئەو حیزبەوە بووە، نەک ســـکرتێر بڵێت من پیر بووم و کەســـانی لەمن بەتواناتـــر هەیە و ڕێیان بۆ چۆڵدەکەم و من خانەنشین دەبم.

دیاردەی گواســـتنەوەی دەســـتەڵات لە باوکـــەوە بۆ کوڕ هەر بەتەنیـــا بەســـەرۆکایەتیی ئـــەو هـــۆز و حیزبانەوە نەوەســـتاوە. بەڵکوو بۆ پۆستەکانی تریش هەمان ڕێچکەی گرتووە. بۆ نموونە ئەو پێشـــمەرگانەی کاتی خۆی پاســـەوانی لێپرســـراوێک بوون، ئێســـتا کوڕی ئەوانە پاســـەوانیی کوڕی ئەو لێپرســـراوە دەکەن، چونکە ئێســـتا کوڕەکەی لێپرسراوە. ئەم کلتوورە خێڵەکییە لەناو پەڕلەمانـــی کوردســـتان و وەزارەتەکانیشـــیدا ڕەنگیداوەتـــەوە. پەڕلەمانی کوردســـتان زۆربەیان خزمی یەکن. برا و خوشـــک و کـــوڕ و کـــچ و ئامـــۆزا و برازا و زاوا و ئاوەڵـــزاوای ئەوانەن کە لە حیزبەکاندا باڵادەســـتن، هەر بۆیە بڕیار و یاساکانی پەڕلەمان هەمـــان بڕیاری ســـەرۆک هۆزەکانە. بۆیـــە ناکرێت بە حکومەتی هەرێـــم بوترێت دامەزراوێکی حکومی! بەڵکوو هەمان سیســـتمی هۆزایەتـــی و میرنشـــینییەکەی جارانە. ئەم ”پۆســـت-خزمیزم“ە

لەنــاو حکومەتۆکەکەی شــێخ مەحمود و کۆماری مەهابادیشــدا دیاردەیەکی بەرچاو بووە.

کلتووری نەخشــەدانان و کاری سیســتەماتیکیی گشــتگر لە بەرژەوەندیــی هاوبەشــی ئێمــەدا نەبووە و نییە. بــۆ نموونە لە باشــووری کوردســتان بۆ ماوەیەکی زۆرە لەباتی وەزارەتێکی ڕۆشــنبیری دوان هەبــووە! ئــەم وەزارەتانە تەنانــەت بیریان لە درووستکردنی فۆنتێکی کوردیی هاوبەشیش نەکردووەتەوە لەم ســەردەمی جیهانگیری و تەکنەلۆژیایــەدا تاوەکوو خەڵکی کورد بەکاریانبهێنن و پێی ڕابێن. بزانن زۆرینەی ئەو فۆنتانەی ئەمڕۆ (٢٠٠٨) خەڵکی کورد بەکاریاندێنێت بە خودی ئەم نووسینەشەوە! فۆنتەکانی عەلی، دیلان و یونیکۆد و هەندێکی ترن کە خەڵکانێک لە دڵســۆزیی خۆیانەوە بەبێ بەرانبەر! درووستیانکردووە. ئەوە کاری حکومەت بوو کە دەبووایە لەگەڵ کۆمپانیایەکی سۆفتوێردا ڕێکبکەوێــت بۆ درووســتکردنی فۆنتی کوردیــی هاوبەش! نەک تاکــە کەســانێکی خۆبەش. ســەیر لەوەدایــە خەڵکانێک هەبوون داوای دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی کوردییان لەو وەزارەتانە دەکرد! کارەسات ئەوەیە.

پــاش ڕاپەڕیــن و ڕەوبەتاڵەکەی بەهــاری ١٩٩١ لە ناوچەی دیانا بەرەی کوردستانی کارگێڕییەکی دانا. ئەم کارگێڕییە بریتی بوو لە دەســتەیەکی هەفت لایەنی کە هەریەک لە پارتی، یەکێتی، شیوعی، حســک، گەل، پاسۆک و زەحمەتکێشان نوێنەریان تێیدا هەبــوو. ئەم دەســتەیە کە مــن ماوەیەک نوێنەرایەتیی پاســۆکم تێیدا دەکــرد، فەرمانڕەوایی ناوچــە ئازادکراوەکانی دەکرد. ئەو

هەفــت لایەنە وەک هەفت میرنشــین یان هەفــت هۆز ڕەوتاریان دەکرد. تەنانەت شەڕیان بوو لەسەر ژمارەی چاودێرەکانی بەرە کــە لە بازاڕی شــارۆچکەی ســۆراندا ڕۆڵی پۆلیســیان دەبینی. هەریەک دەیویست بەشی شێری لەو چاودێرانەدا ببێت! شەڕیان بوو لەســەر ئــەوەی ئیمــزای کامیــان لــە کۆنترۆڵەکانی هێزی پێشــمەرگەدا کاری پێبکرێــت. ئەمانــە هەریەکەیان دەیانویســت زۆرتــر خەریکــی کاروباری ئەو خەڵکانەبن، کــە بە پلەی یەکەم خزمی خۆیان بوون و بەپلەی دووەمیش سەربە حیزبەکەی ئەو بوون، ئەوە ســەرەتای گەندەڵیی حکومەتی هەرێمی کوردســتان بوو! ئەو دەســتە هەفت کەســییە پاشــتر گەورە بوو و پاسۆکی لێدەرچێــت بوونــە پەرڵەمــان و حکومەتــی هەرێــم. چونکە ئەو هەفت کەسە، دیارە "بەخۆشــمەوە" فریان بەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشــی نەتەوەییەوە نەبوو، ململانێیەکەشیان لەسەر ژمارەی چاودێرەکانی ناو بازاڕەوە، بووە هۆی ئەوەی کە چۆن یەکلایەنە فەرمانڕەوایی هەموو کوردســتان بکەن! هەر بۆیە هەرکاتێک کە باســی پەرڵەمــان و حکومەتی هەرێمی کوردســتان دێتەکایەوە، من یەکسەر ئەو دەستەیەی بەرەی کوردستانیم بیردەکەوێتەوە، چونکە هەر ئەوانەن بوونە تۆوی ئەم دەستەڵاتەی ئێستا و زۆربەی ئەندامانی ئەو دەســتە بەڕێوەبەرەی ئەوکاتیش، ئێســتا وەزیر و ئەندامانــی پەرڵەمان و کاربەدەســتی میرین. لێ مێشــکی ئەوان هەر مێشــکەکەی ئەوســای بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکانە و هەر گۆڕانکارییەکیشــیان بەســەردا هاتبێت ڕووکەشییە و بۆ نموونە جلە کوردییەکانیان بووەتە ئەوەی پێی دەوترێت چاکەت و پانتۆڵ! بەڵام ئەگەر هەمان ئەو کەســانە بۆ ئەو ســەردەمەی ئەوکاتیــان بگەڕێنیتەوە، دیســانەوە دەکەونەوە ململانێ لەســەر

ژمارەی چاودێرەکانی بەرە لە بازاڕێکی دواکەوتووی ئەوسای شارۆچکەی سۆراندا! هەر بۆیە ئێستا ئەگەر تۆ سەربە هۆز نەبیت لە دامەزراوێکی حکومی دانامەزرێیت، خەڵکانێکی زۆر تەنیا بەهۆی بژێوی ژیانیان و دامەزراندنیان لە فەرمانگەیەکدا بوونەتە پارتی یان یەکێتی، ئەگەرنا ژیانیان ئاسان نییە و بێکار دەمێننەوە.

هەرچەندە نامەوێت زۆرتر لەسەر ئەو چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان و ئەزموونی حکومەتی هەرێم بنووسم. بەڵام ئەوەندە دەڵێم هەرچی خراپە و هەڵەی ئەو ئەزموونە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش. وڵاتێک ئەگەر بەرژەوەندیی هاوبەشی تێدابێت، ئەوا دەبێت بەلایەنی کەمەوە ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتییان مسۆگەر بێت. بەڵام بە درێژایی ئەو ئەزموونە نەتوانراوە تەنانەت ئاوی پاکی خواردنەوەش دابینبکرێت. یەکێکی تر لە دیاردە خراپەکانی نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش، بوونی ئەو هەموو زانکۆ و پەیمانگایانەی کوردستانە. کەچی لە ڕاستیدا هەموو باشووری کوردستان تەنیا دوو زانکۆی باشی بەسە. بەڵام لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان یەک سیستم بەڕێوەبەری نییە و لەهەر لایەک هۆزێکە، هەر هۆزێک خوازیاری بوونی زانکۆیەکە لە شارەکەیدا، ئەگەریش ناوەندی هۆزەکەی شاریش نەبێت و شارۆچکە بێت! هەر لەو ڕوانگەیەوە هۆزایەتی، کوردایەتیی وەک بارزگانی کردووە، لە بەرژەوەندیی هۆزەکەی. ئەگەر لە بەرژەوەندیی هۆزدا بووبێت بووەتە "پێشمەرگە" ئەگەریش نا ئەوا شانبەشانی سەربازی عەرەب ئەنفالی تەنانەت گوندەکانی خۆیشی کردووە.

ئەگەرچـی قۆناغـی میرنشـینەکانی ئەوسـا و حیزبەکانـی ئێسـتا لەژێـر چوارچێوەی دەسـتەڵاتیاندا لە هۆزێـک زۆرتری لەخۆگرتـووە، بـەڵام نەیانتوانیوە هـزری هۆزایەتـی نەهێڵن و بەرژەوەندیـی هاوبـەش پیادەبکەن. هەر بۆیە خۆشـیان وەکوو هۆزێکی گەورەتـر ڕەفتاریانکردووە یـان ڕەفتاردەکەن، یەکێک لـە هۆزەکانـی ناوچەکـە بووەتـە سـەرهۆزی هەموویـان و بەنـاوی حیزبەوە ڕەفتـاری هۆزایەتیی پیادەکـردووە. تەنانەت نەشـیانتوانیوە دووبەرەکیـی نێوان هۆزەکانی ژێر دەسـتەڵاتی خۆیـان بنەبڕبکـەن. لەمـەوە دژایەتیـی هەمەوەندییـەکان بـۆ بزووتنەوەی شێخ مەحموود و دژایەتیی ڕێکانی، زێباری، هەرکی و سـوورچی و ئەوانی تر بۆ پارتی باشترین نموونەن. تەنانەت پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هەمان دوژمنایەتی هەرماوە، هێرشـی پارتی بۆ سەر سوورچییەکان و تاڵانکردنیان باشترین نموونەیـە و هەمـان کۆنەقینی بارزانییەکانە بۆ سـوورچییەکان و بەرەی حسـێن ئاغای سـەرچیا، چونکە ئەوەی لـە پارتیدا بۆ نموونە دەیبینین هۆزی بارزان وەک سـەرهۆزێک ڕەفتار لەگەڵ هەمـوو هۆزەکانـی تـردا دەکات. ئەمـە ڕەنگدانـەوەی تەواوی ڕاسـتینەی ژیانی مادەکانە. لەناو مـاددا چەند هۆزێک هەبوون، ئەو هۆزەی پادشـای مادی تێدا هەڵکەوتووە بووەتە سەرهۆزی هەموو هۆزەکانی ماد. سەرهۆز هەمیشە بەشی شێری لە هەموو شتێکی میدیادا هەبووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبینین دیاردەی کەنارگیری و وازهێنان نـە لە کلتووری حیزبایەتیـدا هەیە، نە لە کلتـووری حوکمڕانیی کوردیشدا لە هیچ کات و شوێنێکدا بەرچاو کەوتووە، چونکە ئەو

دیاردەیە لەناو هۆزایەتیدا نەبووە. بۆ نموونە وەزیر یان ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکان هەیە، نەک دزە بەڵکوو سەرکردەی دزانیشە! لە کارەکانیدا زۆر ناسەرکەوتووە، کەچی ئەو مافە بە یەکێکی تر ڕەوا نابینێت جێگاکەی بگرێتەوە و لەو باشتر کاروبارەکان ڕابپەڕێنێت. لە دەنگوباسە جیهانییەکاندا زۆر ئاسایی دەبیستیت، ئەم وەزیر و ئەو فەرمانبەری بەرزی ئەو وڵات یان ئەم وڵات بەهۆی خراپیی کارەکانییەوە خۆیی کەنارگیرکردووە، بەڵام ئەم کلتوورە تاوەکوو ئێستا لەناو ئێمەدا نەبینراوە، من خودی خۆم تاوەکوو ئێستا شتی واهیم نەبینیوە. وەزیر یان ئەندامی سەرکردایەتی پیاوماقوڵی سەرۆکە، پیاوماقوڵیش بەپێوەری هۆز هەردەبێت بە پیاوماقوڵی بمێنێتەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە، هۆز هەر کەسێک بۆ پۆستێکی پەرلەمان یان هەر شتێکی تر دەستنیشان بکات، گوێناداتێ ئەو کەسە پاشخانی پسپۆڕیی چییە! بەڵکوو ئەوە گرنگە بۆ هۆز کە ئەو کەسە سەربە هۆزەکەیەتی و لە کاتی هەر قەیرانێک کە ڕووبەڕووی هۆزەکەی دەبێتەوە، ئەو کەسە داکۆکیی لێدەکات. لەمەوە بەگشتی بڕواننە پاشخانی پسپۆڕیی ئەندامانی پەرلەمان، حیزب و وەزارەتەکانی باشووری کوردستان.

چەند ساڵێک لەمەوبەر هاوکارێکی هۆڵەندیم هەبوو بەناوی "دیک زڤارت"، ئەم هاوکارەم چەپ بوو و ئەندامی پارتی چەپی سەوز بوو. ساڵی ٢٠٠٢ لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا لیستێکی ڕاسترەو بەناوی لیستی "پیم فۆرتاون"ەوە جەماوەرێکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ بهێنێت لە پەرلەماندا و حکومەتی هۆڵەندییان بکەویتەدەست. بەڵام لە ئاپریلی هەمان ساڵدا پیم فۆرتاون کە سەرۆکی لیستەکە بوو کوژرا و لیستەکەشی کەوتە

قەیرانێکــی گەورەوە. دیکی هاوکارم زۆر دژی ئەو لیســتە بوو، ڕۆژێک لە منی پرســی دەنگ بۆ کــێ دەدەیت، منیش وتم چەپی سەوز چونکە لە بەرنامەکەیاندا باسی کوردیان وەک نەتەوەیەکی ژێردەســتە کــردووە. ئەو لە وەڵامدا وتی ڕاســتە من ئەندامێکی چالاکــی پارتی چەپی ســەوزم بەڵام ناچــارم ئەمجارەیان دەنگ بــۆ پارتی کرێــکاران بدەم و ئەوان پارتێکی لــە ئێمە گەورەترن و باشــتر دەتوانن بەرانبەر لیســتەکەی پیم فۆرتاون بوەستنەوە و بەرژەوەندیــی هۆڵنــدا وادەخوازێت کە من دەنگ بۆ پارتەکەی خــۆم نــەدەم و دەنگ بــۆ پارتێکی تر بــدەم. ئەمە بــۆ من زۆر نــوێ بــوو و وانەیەکی زۆرباش بوو، یەکســەر بیــری پارتی و یەکێتییەکەی لای خۆمانم کەوتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بەڕێکەوت کادرێکــی ژمارە یەکــی یەکێتیم بینی و باســی هەڵبژاردنمانکرد، لێمپرســی تۆ ئامادەیــت لە بەرژەوەندیی کــورد دەنگ بۆ پارتی بدەیت، بێگومان وتی: نەخێر. وتم: ئەی خزمەکانت، وتی: ئەوانیش هەموو دەنگ بۆ یەکێتی دەدەن. لەمەوە تێگەیشــتم کە جیاوازیی بیرکردنــەوەی ئێمــە و ئەوروپییــەکان چییــە و بەرژەوەندیــی هاوبــەش دەبێــت چۆن ڕەفتارمــان بگۆڕێت. دەڵێــن کاتی خۆی کادرێکــی پارتــی لەو دەشــتی هەولێرە خەڵکــی کۆکردووەتەوە تاوەکوو بنەماکانی پارتی و شۆڕشــیان بــۆ ڕوونبکاتەوە، لەناو خەڵکەکــەدا کابرایەکی پیر وتوویەتی: "کاکە تۆ چی دەڵێیت، ئێمە ســەگی بەر ماڵەکانیشمان پارتییە"! واتە تۆ بڵێیت و نەڵێیت ئێمە هەر پارتین. ڕەوانشاد حەسەنی شیرین، قسەخۆشی بەناوبانگی شــاری ســلێمانی کاتی خۆی وتوویەتی: "مەســعود و ئیدریس-یــش ببن بــە جەلالی، من هــەر مەلاییــم!" ئەم قســەیە لەوانەیە وەک گاڵتــە وترابێــت، بــەڵام ڕەنگدانــەوەی ڕاســتینەی ژیانــی

کوردەوارییە. لەمـــەوە تێدەگەین کە بیری هۆز و دواکەوتەیییان بـــۆ هـــەر لایەنێک چەند نەگـــۆڕە. نەبیســـتراوە هۆزێکی کورد لە لایەنێکـــەوە چووبێتە لای لایەنێکی تـــر، هەر بەو پێودانگە هۆزی هەرکیش بەگشـــتی هەتاماون نابنە پارتـــی. چونکە بەرژەوەندیی هۆزایەتی واهیی خواستووە و شتێک نەبووە و نییە پێی بوترێت بەرژەوەندیـــی گشـــتی. هەر بۆیـــە هۆزەکان زۆجـــار تەنیا لەبەر بەرژەوەندیـــی هۆزایەتیـــی خۆیـــان دووفاقییەکیـــان تێکەوتووە، بـــۆ نموونە بەگزادەکانی جاف هەندێکیـــان پیاوی ئێراق بوون و هەندێکیان پیاوی ئێران. تاوەکوو هیچ لایەکیان لەخۆیان نەکەن و ئامادەبن بۆ بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی پاشەڕۆژ، پێشتریش لە ســـەردەمی میرنشینەکان و بۆ نموونە بابانەکان زۆرجار یەکێک لە برا یان ئامۆزاکانی میر لای دەرباری سەفەوی یان عوسمانی بـــوون، تاوەکـــوو لەهـــەر گۆڕانکارییەکـــی چاوەڕواننەکـــراودا بەرژەوەندیـــی بنەماڵـــەی خۆیـــان پارێزراوبێـــت. دیـــارە هەمان بیر لەناو هۆزەکانیشـــدا هەبووە و ئێســـتا هـــۆز هەیە هەموویان یەکێتین و وەک ســـپێر چەند کەسێکی ئاست بەرزی هۆزەکەیان پارتیـــن! ئەمە فرِی بەســـەر هەڵبژاردەی ڕێـــڕەوی ڕامیارییانەوە نییە، بەڵکوو پاراستنی هۆز و بنەماڵەی بەڕێوەبەری هۆزە. هەر لە خوولگەی پاراستنی ســـەرانی هۆزەکانی کوردستان، دەبینین لە باشـــووری کوردســـتاندا بەهێزترین دەســـتەڵات دەســـتەڵاتی دەزگاکانی ئاسایش و پاراستن و زانیارییە. بەهێزی ئەم دەزگایانە ناگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی گشـــتیی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو بەپلەی یەکەم بەهۆی پاراســـتنی ژیانی لێپرســـراوان و سەرانی ئـــەو دەســـتەڵاتەیە. پێشـــتریش ئاغای گوندێـــک کۆمەڵێک پیاوی هەبووە بۆ پارێزگاریی خۆی و بنەماڵەکەی، لە میرنشینەکانیشدا

هەربەو شێوەیە بووە. ئەگەر ئەو دەزگایانە بەهۆی بەرژەوەندیی هاوبەشی کوردەوە بهاتنایەتە کایەوە، دەبووایە بەلایەنی کەمەوە یەکبوونایە. سەرانی ئێستای دەستەڵاتی کوردی هەر هەمان بیری سەرانی هۆزیان هەیە و خۆیان و هۆزەکەیانیان لەهەموو شت پێ لەپێشترە، لەکاتی ڕوودانی هەر قەیرانێکدا تەنیا خۆیان و بنەماڵەکانیان دەبینن. هەموویان پلانی ڕوودانی هەر قەیرانێکیان هەیە تاوەکوو لەکاتی ڕوودانیدا بۆیدەربچن و ژیان و سامانی خۆیان بپارێزن، خەڵکەکەش چی بەسەردێت ئەوە ئەوکات نابێتە کێشەی ئەوان. باشترین نموونەش ڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستانە، سەرانی حیزبەکان و خزمەکانیان پێش هەموو کەس لە دەرگای سنوورەکانیاندا و ڕەشە خەڵکەکەش چی بەسەردەهات کێشەی ئەوان نەبوو! ئەگەر کێشەی ئەوان بووایە یەکسەر نەدەکەوتنە گفتووگۆوە لەگەڵ داگیرکەری ئێراقیدا. کە یەکێتیش لە ڕووداوەکانی ١٩٩٦دا سلێمانی چۆڵکرد، سەرانی یەکێتی لە چاوتروکاندنێکدا چوونە ناوچە سنوورییەکان و تەنانەت ئاوڕیان لە هەوادارانی خۆشیان نەدایەوە!

حیزبە کوردییەکان لە سنووری دەستەڵاتیاندا کۆپییەکی تەواوی میرنشینە کوردییەکانن. یەکێتی لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری، کۆپییەکی میرنشینی بابان. پارتی لە ناوچەکانی بادینان، کۆپییەکی میرنشینی بادینان. ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەریشی شوێنی ململانێ. کۆمەڵەی ئەوسا لە ناوچەکانی سنە و دەوروبەری، کۆپییەکی میرنشینی ئەردەڵان. حیزبی دیموکرات لە مەهاباد و دەوروبەری، کۆپییەکی ئەوەی دەستەڵاتی موکریان! پێکاکاش لە باکوور جۆرێک بوو لە بۆتان.

که گەیشتمە قۆناغی زانکۆ دیاردەیەکی ترم بەرچاوکەوت و شایانی بەراوردکردنە. ئەوکات لە شاری موسڵ بەشی نێوخۆیی قوتابیان هەبوو. ئەوەی تێبینیم دەکرد، زۆربەی قوتابییەکانی خەڵکی سلێمانی هەموو پێکەوە بوون. هەولێر، دهۆک و کەرکووکیش بەهەمان شێوە. دیارە ئەمە دیاردەیەکی ڕەها نەبوو. جارجارێک تێکەڵاوییەک دەبینرا، من خودی خۆم زۆرتر لەگەڵ خوێندکارە هەولێرییەکاندا بووم. بەڵام ئەو دیاردەیەم بۆ نموونە لەناو خوێندکارە عەرەبەکاندا نەدەبینی. زۆر ئاسایی دەتبینی عەرەبێکی کوت، بەسرە و نەجەف و بەغدا لە یەک ژووردا یەک ساڵی خوێندنیان بەسەر ببردایە و تێکەڵاویی عەرەبەکان دیاردەیەکی زۆر بەرچاو بوو. هەمان دیاردە ئێستا لە هەندەرانیش هەیە. بۆ نموونە کەلارییەکان کە زۆربەیان لە بەریتانیان و زۆربەشیان بەردەوام پێکەوەن و پێکیشەوە کاردەکەن و زۆر تێکەڵی کوردی ناوچەکانی تر نابن. تەنانەت لەم هۆڵندایە ئاهەنگی تایبەتی ڕێکخرابوو "تەنیا بۆ کوردە کەرکووکییەکان". لەمدوادواییەشدا لە کوردستان کۆمەڵێک خەریکی دامەزراندنی پارتێکی تایبەتن بە هەورامانەوە و هەورامی و هەورامان بە شتێکی جودا دەزانن لە کورد و کوردستان.

ئەگەرچی هاوڕێیەتی و هاوسەرگیری دیاردەیەکە پەیوەندیی بە کەسایەتیی کەسێکەوە هەیە. بەڵام ئەوەشی ئەوکاتانەی لە موسڵدا دەمبینی، ژمارەیەکی زۆری کچی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی سلێمانی بوون، هاوڕێیەتیی کوڕی عەرەبیان دەکرد. کەچی لە هەموو زانکۆی موسڵدا چەند کچێکی عەرەبت نەدەبینی کوڕێکی کوردی خۆشبوێت و هاوڕێیەتیی بکات. هەر

بۆیە لەخۆم دەپرسـم، تۆ بڵێی ئـەم هاوڕێیەتییەی کچانی کورد لەگـەڵ عەرەبەکاندا کە وەک دیـاردەی لێهاتبوو و پێچەوانەکەی نەدەبینـرا، هەمان هەسـتی خۆ بەسـووکزانینی میرنشـینەکانی کورد نەبێت لەبەردەم سەفەوی و عوسمانیدا. هەمان ترسنۆکیی نوێنەرانـی کـورد بێت لە بەغدا لەگەڵ نوێنـەرە عەرەبەکانی ناو پەرلەمانی ئێراقی "فشـەفیدراڵ"دا! و ئەوکات لە کچەکانی ئێمەدا ڕەنگیدابێتەوە. ئەم هەستی ترسنۆکی و خۆبەسووکزانینە تەنانەت لە زمانەکەی خۆشـماندا دەیبینمەوە، زۆرجار دەسـتەواژەکانی "پاک و تەمیز، حازر و ئامادە، شـەو و ڕۆژ لەیل و نەهار، شەڕ و ئـاژاوە، گـوێ قـوڵاغ" و زۆریتـر بەرگوێماندەکەوێت، چونکە باوەڕمان بەخۆمان و زمانەکەمان نەبووە هەر بۆیە پاشـگر یان پێشگرێکی هەمان وشەی بە زمانێکی بێگانەوە پێوەدەنێین! تێبینیی "حازر و ئامادە" بکەن کە لە مارشی نەتەوەییی "ئەیڕەقیب"ماندا هاتـووە و لـە کۆتاییەکەییدا جەخـت لەسـەر گیانفیداییی لاوی کوردی پێدەکاتەوە![٧]

لە پاش ڕاپەڕینەکەی باشـووری کوردستانەوە، لە دەرەوەی کوردسـتان دەژیم. ئەو ماوەیە بووە هۆی ئەوەی کە بەزۆر بیر و بۆچوونی خۆمدا بچمـەوە. ماوەیەکی زۆر خۆم و نەتەوەکەم لە دەرەوەی ئەو بازنە تەسـکەی کوردستان دەبینم. ئەو بینینەم زەمینەیەکی باشی بۆ درووستکردم کە بەراوردی ورد و درشتی کورد و ناکورد بکەم.

هۆڵنـدا، ئـەو وێسـتگەیەی ژیانمـە کـە وچان و بـەراوردی زۆری ژیانمـم تێیداکـردووە، ئـەم وڵاتە لەبەرئـەوەی لە خوار

---

٧ لاوی کورد، هەر حازر و ئامادەیە
گیانفیدایە گیانفیدا، هەر گیانفیدا

ئاســتی ڕووی دەریاوەیــە، هەردەم کێشــەی ئاوبردنی هەبووە. هۆڵەندییــەکان چونکــە زۆر ژیرانــە لــە بەرژەوەندیــی هاوبەش گەیشــتوون، هــەر زووبەزوو بــە درێژایی هەمــوو کەنارەکانی هۆڵنــدادا بەســتیانکردووە. خــودی شــاری ئامســتەردام چەند مەترێک لە ژێر ئاســتی دەریاوەیە. ئەگەر ئامســتەردام شارێکی کوردستان بووایە دەمێک بوو ئێستا وەک ئەتڵەنتیک لەژێر ئاودا بوو! فڕۆکەخانەی ئامستەردامیش بەهەمان شێوە چەند مەترێک لە ژێر ئەو ئاستەدایە، ئەو فڕۆکەخانەیە ئەگەر هیی ئێمە بووایە، ئێستا لەجیاتی بەندەری ئاسمانی، بەندەری ئاوی دەبوو! و دیارە ئەو بەندەرەش زۆر پێشــکەوتوو نەدەبوو و ئێســتا چەند کەچە بەلەمێکی ژەنگاویی ڕاوەماسی لەنگەریان لێیدەگرت!

که لە کوردســتان بووم، وامزانی هەرچــی ئەوروپییە زانان! بەڵام کە هاتمە ئێرە پاش ماوەیەک بۆم دەرکەوت وانییە. ئەمانە هەموویــان زانــا و ژیــر نین! بەڵکوو ئەو کەســانەی کــە ئەمانە بەڕێوە دەبات زانان. ئەمانە کەســانێک هەن بیریان بۆ دەکاتەوە و بەباشــی و لــە بەرژەوەندیــی "بەرژەوەندیــی هاوبەش"یــان بەڕێوەیاندەبــەن. هــەر بۆیە دڵســۆزی، ڕەوشــت، ڕێکوپێکی و پاکوخاوێنی و زۆر دیاردەی تر بەگشتی بووەتە یاسا و ڕێسای ئەوروپییەکان. خەڵکی ئەورووپاش چونکە لە بەرژەوەندیی خۆیان وەک هۆزەکانی کورد بیرناکەنەوە و بەرژەوەندیی هاوبەشــیان هەیــە، چاودێریــی ئەوانــە دەکەن کــە بەڕێوەیاندەبــەن، ئەگەر ســەرکەوتوو نەبوون، ئەوا لە خوولی ئایندەدا ئەســتەمە ببنەوە بە بەڕێوەبەری وڵات. بەڵام لەلای ئێمە بیر، بیری هۆزە. خوولی ڕابردووی پەرڵەمان چۆن بوو، ئەوەی دوای ئەو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر نایەت، هەر بۆیە ئەگەرچی یەکێک لە نوێنەرەکان

شایەنی کورســی پەڕلەمانیش نەبێت، بەڵام ئەندامانی هۆزەکەی گوێیان لێی نییە و بە ئاسانی هەڵیدەبژێرنەوە، چونکە بوونی ئەو لەو شــوێنەدا ســەرکەوتنی هۆزەکەیەتی. لێــرەدا هۆز وەک واتا گشــتییەکەی، ئەگینــا دەکرێت هۆز بێت، یــان بنەماڵە و حیزب و ئایینزا و هەر گروپێکی تر.

ئایین ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو پێویستییەکی گیانی هەموو مرۆڤایەتــی بــووە، کەچی ئەوروپییەکان گەیشــتوون بەوەی کە ئاییــن لەگــەڵ بەرژەوەندیــی هاوبــەش و خۆشــگوزەرانییاندا ناگونجێــت و بەرەبەرە لــە ئەوروپا ڕووی لــە کەمییە. تەنانەت ژمارەی کڵێساکان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لە کەمیداوە. بەڵام لە ناو کوردا چونکە هیچ هەســتێکی بەرژەوەندیی هاوبەش نییە، ئەگەرچی ئەو ئایینەشی کە پەیڕەوی دەکات یەکێکە لە هۆیەکانی پەرتپەرتی و نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش تێیدا، کەچی بیری ئاییــن و خولیای ئایینگەری لەم دونیای تەکنۆلۆژییەدا بەرەبەرە لەناویاندا زۆرتر دەبێت. بەجۆرێک ئێستا هەر شارێکی کوردستان هیچــی وای لەگەڵ شــارێکی عەرەبیدا جیاواز نییــە! تەنانەت لە شــارێکی وەک هەولێردا هەندێک پزیشــک دەچنە لای مەلایەکی جادووگەر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان! لەوەوە بڕواننە خەڵکە سادە نەخوێندەوارەکەی کوردستان.

بیرۆکــەی دامەزراندنی یەکێتیی ئەوروپا، بازاڕی هاوبەشــی ئەوروپا و یەکخســتنی دراوی وڵاتە ئەوروپاییەکانیش بۆ یۆرۆ، هــەر لــەم بەرژەوەندیی هاوبەشــەوە هاتووە. ئــەو یەکێتییە لە بەرژەوەندیــی (بەرژەوەندیــی هاوبەش)ی وڵاتــە ئەوروپییەکان بوو، هەر بۆیە هەســتیان بەوە کرد کە بەرژەوەندیی هاوبەشــی ئەوروپــا هێزکارێکــی پۆزەتیڤــە بــۆ بەرژەوەندیــی هاوبەشــی

وڵاتــە ئەوروپییــەکان. تورکیش لەبەرئەوەی هــەر لە دەمێکەوە لەبەرژەوەندیــی هاوبەشــی نەتەوەیــی خــۆی تێگەیشــتووە و یەکێکیشە لە پایەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی تورک، هەر بۆیە داوای بە ئەندامبوونــی ئەم یەکێتییە دەکات، چونکە ئەو ئەندامبوونە لە بەرژەوەندیــی هاوبەشــی نەتەوەی تورکدایە و ئەندامێتیشــی لە پەیمانی ناتۆدا هەر بەهەمان بەهانە بووە. کەچی کورد تائێســتا لەوە دەترسێت تەنانەت بشڵێت لەگەڵ ئیسرائیل "نەک هاوڕێیەتی بەڵکوو ناسیاویمان" هەیە!

لایەنــی ئابووریی ئەورووپا و کوردســتانی خۆمان گرنگترینی ئــەو بەراوردانەمــە کە ڕۆژانە بیریــان لێدەکەمەوە. پێش ئەوەی باسی ئەمەیان بکەم ناچارم ڕووداوێکی زۆر بچووک، بەڵام زۆر گرنگ بگێڕمەوە. وابزانم دوو تا ســێ مانگ بوو لە هۆڵندا بووم، ڕۆژێک چووم بۆ ســوپەرمارکت بۆ کڕینی چەند پێویســتییەک، یەکێــک لــەو پێویســتییانە تەماتــە بــوو. خەریــک بــووم چەند تەماتەیەکم دەکردە ناو کیســەیەوە و ئامادەمدەکرد بۆ کێشانی، لەولاوە پیرێژنێکی هۆڵندی هاتە لام و دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵمدا و پەنجەشــی بۆ تەماتەکە ڕادەکێشا! منیش فرم بەسەر زمانی هۆڵندییەوە نەبوو، بەڵام پاشتر هەرچۆنێک بێت بە ئاماژە و بــە ئینگلیزی تێیگەیانــدم کە ئەمەی من دەیکــەم وانابێت! ئەو وتی: نابێت تەماتە بە قنچکە سەوزەکەیەوە بکێشیت، ئەوانە چەند ســەنتێکت بۆ دەگەڕێنێتەوە و ساڵانەش دەبێتە چەند "گڵدەر"ێک و بــۆ گیرفانت باشــترە! دیــارە ئــەوکات دراوی هۆڵندی گڵدەر بوو. ڕووداوەکەم زۆر پێ ســەیر بــوو، چونکە نەخۆم و نەهیچ کوردێکی تــرم نەدیوە واهیی بیربکاتەوە. لــەوەوە زانیم کە ئەم هۆڵندییانــە ئــەو شارســتانییەیان چۆن درووســتکردووە، چۆن

حســـاب بۆ تەنیا ســـەنتێکیش دەکەن. ئنجا بەڕاستیش وایە. پاش ماوەیـــەک لە قوتابخانـــەی زمانی هۆڵندی فێری پەندێک بووم کە دەڵێت "ئاگات لە ســـەنت بێت، گڵـــدەر ئاگای لەخۆی دەبێت"! لەو پەندەوە ئەو پیرێژنە هۆڵندییەم بیرکەوتەوە. ئەوەیە بیرکردنەوەی ئـــەوان بۆ ئابـــووری، لەمەوە بڕوانـــە دابینکردنی بودجەی وڵات و چۆنێتـــی خەرجکردنی! بەڵام مـــن چونکە پەروەردەکەم واهیی نەبووە، ئێســـتاش تەماتە هەر بە قنچکە ســـەوزەکەیەوە دەکێشم و بەپێوەری ئەو پیرەژنە تاوەکوو ئێستا بەدڵنیاییەوە چەند سەد گڵدەرێکم و پاشانیش چەند سەد یۆرۆیەکم هەر لە تەماتەدا زیان کردووە! ئێســـتا بیردەکەمەوە ئەم خانمە هۆڵندییە بەســـاڵاچووە بچێتـــە ماڵێکی کورد لە کوردســـتان و ببینێت ڕۆژانە چەند برنج فڕێدەدرێـــت و لـــە هەمـــوو بنە پیاڵەیەکدا چەند شـــەکر خەســـار دەبێـــت! لـــەم نەبوونی ئـــاو و کارەبایەی ئێســـتادا، چـــۆن ئاو و کارەبا بەفیڕۆ دەدرێت! لەم کۆتایی ساڵی ۲۰۰۸دا لە باشووری کوردســـتان خەڵکی بەگشـــتی لە خەمی ئەو ڕێـــژەی ٪۲ەدان کە حکومەتی هەرێم خســـتوویەتییە ســـەر قەرزی درووســـتکردنی خانووبـــەرە و پێیـــان حەرامە چونکە زانا نەزانەکان بە ســـووی دەزانن! واتە ئێمە ئێســـتاش لە ســـەرەتا و بنەماکانی ئابووری و سیستمی بانکی نەگەیشتووین، چونکە هەمووی لەسەر سوودی دراو بەڕێوەدەچـــن. تەنانەت ئەو قەیرانەی کە ئێســـتا ئابووریی جیهانی تێیکەوتووە هەر بەهۆی ئەو قەرز و سوودانەوەیە. ئێمە ئەوەندە لە دارایی و دراودا کۆڵین تەنانەت وشەیەکی کوردیمان بۆ "قەرز" نییە و لە عەرەبییەوە وەرمانگرتووە و کوردانددومانە.

لـــە وڵاتەکـــەی ئێمەدا و حوکومەتی هەرێـــم بۆ نموونە، کەس نازانێـــت بودجە چەنـــدە، گومرگ چەندە، باج چەنـــدە، پڕۆژەکان

چەندیـان تێدەچێت، یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان چەند وەرگیراوە! بودجـە چەنـدی بـۆ لێپرسـراوانە و چەندی بۆ خەڵکـە و زۆر پرسیاری تر. ئێمە تاوەکوو ئێستا تێڕوانینێکی نەتەوەییانەمان لە دیدی بەرژەوەندیی هاوبەشەوە بۆ بودجە و بەکارهێنانی نییە، کە یەکێکە لە کرۆکەکانی حوکم و حوکمڕانی و سەروەریی وڵات. لە هیـچ کات و بارێکدا گرنگی بەمە نەدراوە وەک بەرژەوەندییەکی هاوبەشـی وڵاتەکە، ئەو گرنگییەشـی تاوەکوو ئێسـتا پێیدرابێت ئـەوە وەک داهاتێکی ڕووتی سـەرانی کورد بووە وەک دزییەک لـە بەرژەوەندیی هاوبـەش و هیچی تر. هەر بۆیە تا پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی گشتی لە کوردستان تەواودەبێت، سەدانی تر بۆ قازانجی لێپرسراوان تەواوبووە.

پایەیەکی گرنگی تری بەرژەوەندیی هاوبەش، یاسـا و ڕێسـا و پراکتیککردنییەتی. ئەو یاسـا و ڕێسـایەی لە ئەورووپادا هەیە، تێیـدا نەمێنێـت وەک کوردسـتانی لێدێـت. یاسـاکانی ئەورووپا چونکە لە بەرژەوەندی هاوبەشـەوەیە، هەر بۆیە پراکتیکدەکرێن. چونکە نووسـینەوەی یاسـا، نیوەی مەبەسـتی یاسـاکەش نییە. بەڵکـوو پراکتیککردنی تەواوکەری تەواوی نیوە گرنگەکەی تری یاسـاکەیە. دڵنیام لەوەی لە کوردسـتاندا یاسایەکی واهیی هەیە کە دژی گەندەڵی و زۆربەی دیاردە ناشـرینەکانی کوردسـتانە. بەڵام چونکە وڵاتەکە بیری بەرژەوەندیی هاوبەشی تێدانییە، هەر بۆیە پراکتیککردنی یاسـاکانیش بوونیان نییـە، ئەمە وایکردووە کە کوردستان ببێتە گەندەڵستان. هەر ئەو یاسایەشە کاتی خۆی لە کوردسـتان تفەنگ و شمشـێری دایە دەست مەلایەکی کورد و ئێسـتاش هەر ئەو مەلایە لـە وڵاتێکی ئەورووپی، چونکە وڵاتی یاسایە، لاپتۆپی پێیە و خەریکی چاتکردنە!

هۆز زەمینەیەکی واهیی دەئافرێنێت کە یاسای دەرەکی تێیدا باڵادەست نەبێت، چونکە یاسا و ڕێسا و دابونەریتی خۆی لە هەموو شت بە بەرزتر دەزانێت. تاکی کورد لە هەندەران چونکە لە دەرەوەی هۆزەکەیەتی پێی ئاساییە یاسا پراکتیک بکات، بۆ نموونە کە بە فڕۆکە چوو بۆ هەر شوێنێکی دوور لە وڵات و هۆزەکەی خۆی وەکوو سەرنشینەکانی تر پەیوەست بێت بەیاساکانی فڕینەوە. بەڵام هەمان تاک کە سواری فڕۆکە بوو و بەرە و هەولێر یان سلێمانی کەوتەڕێ، وادەزانێت ئیتر دەبێت بکەوێتەوە لاساری و بێیاسایی، بۆیە زۆر ئاسایی دەچێتە تەوالێتی فڕۆکەکە و جگەرەیەک دەکێشێت، کە کچی سێرڤسی ناو فڕۆکەکە دەمبەپێکەنین داواکارییەکەی بۆ جێبەجێدەکات، پێکەنینەکە بەهەڵە تێدەگات و بیر لە شتی تر دەکاتەوە. لەکاتی هەڵسان و نیشتنەوەی فڕۆکەکەدا کە ترسناکترین کاتەکانی فڕینە، پشتوێنەکەی دەکاتەوە و هەڵەسێتە سەرپێ! کە فڕۆکەکە پێشئەوەی بنیشێتەوە دۆڵابەکەی لای ژووسەری بکاتەوە و جانتاکەی دەربهێنێت و زۆری تر! کە گەیشتیشەوە کوردستان جامی ئۆتۆمۆبێلەکە دەکاتەوە و بوتڵی کۆلاکەی فڕێدەداتە کەنار ڕێیەکە، کەچی لە هەندەران هەر بەدەستییەوەیەتی تاکوو تەنەکەی خۆڵەکە دەبینێت و دەیکاتە ناوی! هەر ئەم هۆیەشە کە تاکی کورد لە گەڕانەوەیدا بۆ ناو سنووری هۆزەکەی خۆی هەست بە دڵنیایی و ئازایەتی دەکات، هەر بۆیە هەرکاتێک بەپێوەری خۆی کچەکەی کەمێک سەری ببزوێنێت! بەزۆر دەیهێنێتەوە ناو سنووری هۆزەکەی، یان بەشوویدەدات بۆ نموونە بە ئامۆزایەکی، یان تیرۆری دەکات!

نیشتمان، کەرەســتەیەکی بێتاوانە! دواکەوتوویی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکەکەی، ئەگینا دەبێت چ جیاوازییەکی سروشتی نێوان کوردســتان و ئیسپانیا هەبێت! ئیســپانیا بەهۆی زیرەکیی خەڵکەکەیەوە بووەتە باشــترین وڵاتی توریستی و کوردستانیش بەهــۆی دواکەوتوویی خەڵکەکەیەوە بووەتە باشــترین تاقیگەی ســەربازی بە درێژایی مێژوو! هەر بەم پێیە کوردستان لە کورد چــۆڵ بکە و بەهەمان دراوســێکانی تورک و فارس و عەرەبەوە بیدەرە دەست یەک ملیۆن ژاپۆنی، ئینجا پاش چەند ساڵی تر لێی بڕوانە و بزانە چی لێهاتووە و گەیشتووەتە کوێ!

کۆمەڵگــەی ئێمــە وەک هەر یەکێکی تر دابەشــبووە بەســەر شــار و گوندەکاندا. ئەوەی گوندەکانیــش یان ڕەوەند بوون یان گوندنشین. گوندنشینەکان بە درێژایی ئەو هەموو مێژووە تەنانەت نەیانتوانیــوە خانویەکــی کەمێک باش بۆ خۆیان درووســتبکەن. ڕەوەندەکانیــش ئەگەرچی مەڕدار بــوون و کارەکەیان هەرئەوە بــووە، نەیانتوانیــوە تەنانەت دە جۆر بەرهەمی ســپیاییان ببێت! شارەکانیشــمان هەر بەناو شــار بــوون، ئەگینا یەکێــک لە پایە گرنگەکانی شار بازاڕ بووە، بەڵام بازاڕ تا ئەم دواییەش بەواتای ئابووریــی بازاڕ بوونی نەبووە. هەر بۆیە دەکرێت بە دڵنیاییەوە بڵێین ئێمە خەڵکێکی دواکەوتووین و لە هیچ کات و سەردەمێکدا هەوڵی پێشکەوتن و ژیانی باشترمان نەداوە!

نامەوێــت بەراوردەکانــم بکەمــە کارێکــی بێهــوودە، ئەگینــا بــەراوردی نێــوان هۆڵندا و ئەورووپا و وڵاتەکەی من بە هەزاران و زۆرتریشــە، زۆرینەی ئەو بەراوردانەش لە بیرۆکەی بوون و نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەشەوە سەریهەڵداوە.

مێنتاڵیتــی یان ژیریتیی کوردی هەردەم پەرتپەرت بووە. هەر بۆیــە بەرژەوەندیی هاوبەش دیاردەیەکــی نامۆ بووە بەوەی کە ئێســتا پێیی دەگوترێت کورد. لە هیچ کات و ســەردەمێکدا یەک ڕیــز نەبووە، یەک هێز نەبووە، یەک بیری گشــتیی نەبووە. هەر بۆیە دەوڵەتیشــی نەبووە(٨). دیارە هەرگیز نابێت کورد بەهیوای "لۆتۆ"یەکــی نێودەوڵەتــی بێــت و هەروەکوو چــۆن منداڵ پێی پێدەگــرن، ئاواهیی نەخشــەی چوار تاوەکوو پێنــج دەوڵەتی بۆ تێکبدەنــەوە و دەوڵەتی بۆ دروووســتبکەن! ئەگەر درووســتیش ببێــت، ئــەوا هەربەهــۆی نەبوونــی بەرژەوەندیی هاوبەشــەوە دەوڵەتەکــەی تێکدەچێــت، چونکــە هەربەهــۆی دووبەرەکییەوە دەبێتــە نێچیرێکــی بێهێــزی دراوســێکانی. باشــترین نموونەش ئــەو حکومەتۆکەیەیــە کە پێــی دەگوترێت "حکومەتــی هەرێمی کوردستانی ئێراق". لەم حکومەتەدا بەهیچ جۆرێک بەرژەوەندیی هاوبەشــی نێوان پێکهاتەکانی نەبینراوە و هەستیشی پێنەکراوە. هــەر بۆیە ســەرەتای گەشــەکردنی بە شــەڕێکی ناوخۆیی زۆر خراپ خەریککرا، پاشــانیش وەنەبێت لایەنە پێکهێنەرەکانی وەک دڵســۆزییان بۆ بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵکی کورد کۆتایی بە شــەڕی ناوخۆ بهێنن! نەخێر، بەڵکوو وەستانی شەڕی ناوخۆیان بەهۆی ئەو هاوکێشە نێودەوڵەتییەوە بوو کە هێزەکانی خۆراوا لە ناوچەکەدا هەیانبوو، ئەگینا هیچ بەدوورم نەدەزانی ئێستا بەرەی شــەڕ یان قۆناغی نە شــەڕ نە ئاشتی هەرلە ئارادابووایە. هەمان حکومەتی هەرێم هەر بەهۆی نەبوونی بەرژەوەندیی گشــتییەوە، نەیتوانی ڕەفتاری ڕێکوپێک بێت لەدوای ڕووخانی بەغداوە، هەر

---

٨ تێبینیــی: نەبوونــی وشــەکانی دەوڵــەت و حکومــەت بکەن کە لــە زمانی کوردیدا بوونیان نەبووە و لەم دوادواییەدا وشەی «میری»مان بۆ حکومەت داڕشتووە، بەڵام تاوەکوو ئێستا وشەی دەوڵەتمان بەکوردی نییە؟!.

بۆیە کەوتە قەیرانی لەدەستدانی ناوچە دابڕاوەکانەوە. تێڕامێنن شارێکی وەکوو مەخموور کە زۆرینەی هەرە زۆری کوردە و کاتی خۆشی سەربە هەولێر بووە، نەتوانراوە لەو ماوەیەدا بهێنرێتەوە سەر هەولێر.

نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان خەڵکی کوردا بە درێژایی مێژوو، بووەتە هۆی ئەوەی پرسیارێکی گەورە بەلایەنی کەمەوە لەلای من لەسەر بەتەواوەتی نەتەوەیەتیی کورد درووستبکات. هەر ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشەیشە، کەوای کردووە خەڵکی کورد، بیری هاوبەش، زمانی هاوبەش، چارەنووسی هاوبەشیان نەبێت و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.

هیچ ڕەگەزێک بەبێ بەرژەوەندیی هاوبەش ناکرێت بەتەواوەتی پێی بوترێت نەتەوە، کوردیش ئەو گروپە ئەتنییەیە کە ئەم بەرژەوەندیی هاوبەشەی تێدانییە. کورد تەنیا بە وتەی شاعیرەکانی نەتەوە بووە، ئەگینا خودی خۆی لە هیچ کات و بارێکدا هەستی بە نەتەوایەتیی خۆی نەکردووە، یان وەکوو نەتەوە ڕەفتاری نەکردووە. دابڕانەکانی ناو مێژووی کۆن، ناوەڕاست و نوێی کورد و شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان و ڕەفتارە دوور لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی باشووری کوردستان بەرانبەر بوویەرە گرنگەکان، ئەو ڕایە دەسەلمێنن کە هێشتا لە ناو کوردا تەنانەت پێشەنگی بەرژەوەندیی هاوبەش هەر لە سەرەتایدایە. هەر بۆیە پێش هەر شتێک کورد دەبێت ئەو پێکهاتە گرنگەی بیری نەتەوایەتیی خۆی بئافرێنێت کە ئەویش بەرژەوەندیی هاوبەشە. بەبێ "بەرژەوەندیی هاوبەش" ئێمە نە بەتەواوەتی "نەتەوە"ین و نەدەشبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.

دیسان دەیڵێمەوە بەرژەوەندیی هاوبەش سەیوانی نەتەوەیە، ئەم سەیوانە، زمان، مێژوو، خاک، یاسای فەرمانڕەوایی، نەخشەی ستراتیژی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆری تر لە ژێریدا لە بەرژەوەندیی گروپێکی ئەتنی ڕێکدەخات.

هەستی کوردبوون و نەتەوەبوون لەناو خودی کوردا هەستێکی گشتی نەبووە، ئەم هەستە زۆرتر لای تاکە پەرتەوازەکانی کورد بووە و تاوەکوو ئێستا نەگەیشتووەتە ئاستێکی گشتی. لەم ڕووەوە ئەو ڕۆژەی سەرۆکێکی کورد لە یەکێک لە دیمانەکانیدا کە پرسی دەوڵەتی کوردییان لێپرسی، لە وەڵامدا وتی: دەوڵەتی کوردی خەیاڵی شاعیرانە! لە ڕاستیدا کە یەکەمجار گوێم لەم وەڵامە بوو تووڕە بووم. بەڵام دواتر کە بەباشی بیرم لێکردەوە، وەڵامەکەی ڕاستە، چونکە ئەو هەستە تەنانەت لە خودی ئەو سەرۆکەشدا نییە کە ڕابەرێکی دیاری "کورد"ە! هەر ئەو وەڵامە بەسە کە ساڵانێکە کورد کۆمەڵێک پۆستی گرنگی لە بەغدا هەیە، کەچی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتییاندا سەدان جار هێڵی سووری کورد لەلایەن ئێراقی فشەفیدرالەوە تێپەڕێنراوە. ئەگەر پرسی دەوڵەتی کورد خەیاڵی شاعیرانە نەبووایە، ئەوانە چییان دەکرد لە بەغدا، یان چ نەبووایە لەو ماوەی دەسەڵاتەیاندا ئەو هەموو تاوانانە دژی پرسی کورد نەدەکرا، بەڵکوو بەهەموو حوکمێک دەبوو بارودۆخی کوردستان لەکاتی پێش ڕووخانی بەغدا باشتر و لەپێشتر بووایە. بەڵام ئێستا کەسانێکی زۆر هیوای ئەو بارودۆخەی پێش ڕووخانی بەغدا دەخوازن!

هەر کەسە و بۆ خۆی دەڕازێنێتەوە هەستی دەروون
زەردەپەڕ، کاروانکووژە، تاریک و ڕوونی سەبحەدەم

هەریەکــە و بەجۆرێــک لە ژیــان و دەوروبــەری دەڕوانێت، مــن تائێســتا بەو شــێوەیە لە کێشــەی نەتەوەکەم گەیشــتووم. ئەگەرچی نەمدەزانی چۆن ئەم نووسینەم دەستپێبکەم و کۆتایی پێبهێنــم، چونکــە زۆرتــر یاداشــت و دەربڕینــی ناخــی خودی خۆمــە بۆ کەمێک لــەو ڕووداوانەی لە دەوروبــەرم ڕوویانداوە. یاخــود بــەراوردی خودی خۆمە بــۆ ڕووداوێکــی مێژوویی کە لێــرە و لەوێ لە دووبەرگی مێــژووە پەرتەوازەکەماندا بینیومە. بەپێویســتم زانی کەمێک ناخم بۆ هاوزمانانم بکەمەوە و خۆشم لــە بــاری دەروونییــەوە کەمێــک ئاســوودە ببــم، لەوانەیە بەم نووســینەم کەســانێکم تووڕە کردبێت، کەســانێکی کە تاوەکوو ئێســتا "بەلای منەوە" لەو خەوەدا دەژین کــە "ئێمە بەتەواوەتی نەتەوەیــن و دەبێت دەوڵەتمان هەبێــت"! دیارە منیش وەک تۆی "لەوانەیە تووڕە"، هاوبیری ئەحمەد بەگم و خەوم بەوەوە دەدی "ڕێگای ئاسنین بچێتە شــاخی هەورامانەوە" و ئێستاش خەونی پێوەدەبینــم! دەشــێت کە ئێســتا هاتوویتەتە ســەر خوێندنەوەی دوا دێڕەکانــی ئــەم نووســینەم جارجارە لەبەر خۆتــەوە پیامدا بێیتەخوارەوە! من هەر ئەوەندە دەڵێم کە نە فەلسەفەم نووسیوە و نــە بابەتێکــی هزریی ئاڵــۆز، تاوەکوو تێگەیشــتنی گران بێت. تکایــە ئەگــەر ڕێکناکەویت لەگەڵ هێڵی گشــتیی بەراوردەکانمدا، هەوڵ بــدە جارێکی تر پێیدا بچیتەوە و نەتەوەکەت لە دەرەوەی کوردســتانەوە ببینیــت، هەر بۆیەشــە بەراوردەکانمم بە کورتی نووســی تاوەکوو بەختی ســەرلەنوێ خوێندنەوەی ببێت. ئەگەر هــەر ڕێکنەکەوتیــت، ئــەوا گەردنت ئــازاد بێت لــەو توانجانەی بــەرەوڕووم دەکەیتەوە. ئەوەی دەیڵێیت ئەگەر جنێویش بێت! لە شمشێری ئیسلامییە تیرۆریستەکان هاوچەرخانەترە. کێ دەڵێت

ئــەوەی تۆ دەیڵێیــت نابێتە هۆی ئافراندنی نووســینێکی نوێ، چ لەلایەن منــەوە یان یەکێکی دی و هەمــوو ڕێیەکانیش دەچنەوە سەر بانە و هەموویان بۆ گەیشتن بە ژیانی ئازادی و یەکسانییە بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان.

پێــش کۆتایــی دەمەوێــت ئــەوەت بیربهێنمەوە، ســەروەری و ســەرفرازیی ئــەو خەڵکانــەی کــە پێیــان دەوترێــت کــورد، بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی ســەربەخۆوەیە. تاوەکوو ئەم دەوڵەتە نەیەتەکایەوە، ئێمە هەر غولامی تورک و فارس و عەرەب دەبین، ئیتــر ئــەو غولامایەتییە هەر یەکە و ناوێکــی لێدەنێت ئارەزووی خۆتە، هاووڵاتی، ئۆتۆنۆمی یان ئەو فیدڕاڵییەی کە ئەمڕۆ سەرانی کــوردی باشــوور داوایدەکــەن و من پێــی دەڵێم فشــەفیدڕاڵی. نەتــەوەش یەکەمیــن پاڵپێوەنــەری دامەزراندنــی دەوڵەتە، ئێمە پێــش ئــەوەی داوای دەوڵەت بکەین دەبێــت بەتەواوەتی ببین بە نەتەوە، ئەگەرنا پاش چەند سەد ساڵێکی دیکە ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن کوردستان، ئەوکات دەبێتە نیوەی ئەوەی ئێستا، هەروەک چۆن پێشتر دوو هێندەی ئەوەی ئێستا بووە! ئەگەرچی ئەوەندە بێســەروبەر بوویــن نە ئەوســاش و نــە ئێســتاش بەتەواوەتی سنووری خۆمانمان نەزانیوە و نەناسیوە!

ئەوســا وەک دەڵێن کەنداوی ئەسکەندەروون و گازی ئەنتاب و هەمەدان و موســڵ و بەدرە و جەســان و هەندێک شوێنی تر کورد بوون. بەڵام ئێستا ئەو شوێنانە بۆ دەرمانیش شوێنەواری کــوردی تێدا نەماوە یان بەشــێوەیەک لەشــێوەکان لە دەرەوەی سنووری "فەرمی"ی کوردستانن. بەڵام ئێستاش بەهۆی نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەشەوە لە هەمان قۆناغی لەدەستدانی بەشێکی زۆری تری خاکەکەماندا دەژین. ئێســتا هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ

گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی باشـووری کوردستان، هۆکاری یەکـەم و هەزارەمیش نەبوونـی بەرژەوەندیی هاوبەشـە لەناو خودی خەڵکی کوردا.

کاتـی خۆی موغەکانی ماد و سـەرۆک هـۆزەکان نەزانانە و بەهۆی گەندەڵی و بێ گوێدانە بەرژەوەندیی هاوبەشـی مادەکان بەدەسـتی خۆیان ئاگرەکانیان لە خۆیـان کوژاندەوە، بێ ئاگر و بێ ئاگردان مانەوە و میدیایان ڕادەسـتی بێگانە کرد، ئێسـتاش سـەرانی کورد هەمان هەڵەی موغەکان دووبارە دەکەنەوە. ئەو گەندەڵی و بێسـەروبەرییەی ئەمڕۆ لە کوردسـتان هەیە، خودی سـەرانی کورد دەکاتە موغێکی بێ ئاگر و ئەوپەڕی خراپەکاری و پەرتەوازەیی زۆرتریش بەسەر خەڵکی کورددا دێنێت! دەشێت مێـژوو خـۆی دووبارەبکاتـەوە و هـەروەک چـۆن خەڵکی ماد کەوتنە دژایەتیی خودی موغە گەندەڵەکان، بەهەمان شێوە خەڵکی کوردیش کارایانە دژایەتی سەرانی کورد بکەن. گەر ئەوە ڕوویدا، دڵنیـام لـەوەی هەروەک چـۆن لە ڕاپەڕینەکـەی بەهاری ١٩٩١ هەرچی هەبوو تاڵانکرا، ئەمجارەشـیان هەمان ڕووداو دووبارە دەبێتـەوە، بەڵام تاڵانکەر هەر خەڵکی کوردە و تاڵانکراویش ماڵ و سـامانی دزراوی سەران و لێپرسراوانی کوردە. لێپرسراوانی ئێستای باشووری کوردستانیش دڵنیادەکەمەوە کە نە خۆیان، نە خێزانیان و نە سـامانیان، لەو ئافرەتـە هەڵەبجەییە نازدارتر نین کە ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگەیەکی کورد پەنجەیی قرتاند بۆ ئەوەی مستیلەکەی دەستی بدزێت.

ئامانجـی ئـەم بـەراوردە سـادانەی مـن درووسـتکردنی گفتوگۆیەکـە بۆ چارەسـەری کێشـەکەمان و بـەرەو هەنگاوی "بەنەتەوەیـی بوون"ە، بۆ ئەوەی لەباری مێنتاڵییەوە بزانین ئێمە

چیین و چیماندەویت! تاوەکوو بزانین ئێمە تەنانەت سەرەتاکانی پاکوخاوێنیشمان نە لە شارەکان و نە لە گوندەکاندا نەزانیوە. کوردایەتی هەر ئەوە نییە بڵێین کورد ئازایە و زیرەک و ژیرە و کاتی خۆی مادەکان ئاشوورییەکانیان ڕووخاندووە! بەڵکوو کوردایەتی ئەوەشە کە ڕەخنە لەخۆمان بگرین و بەچاوێکی ڕاستینە و دوور لەهەر سۆزێکی "کوردایەتیی درۆینە" لە خۆمان بڕوانین و باشتر خۆمان بناسین.

فەیلەسوف و زانای چینی "سن تزو" دەڵێت: ئەگەر خۆت نەناسیت ئەوا لەسەدا پەنجای جەنگەکان دەدۆڕێنیت، ئەگەر دوژمن نەناسیت ئەوا لەسەدا پەنجای جەنگەکان دەدۆڕێنیت، ئەگەر خۆشت و دوژمنیش نەناسیت ئەوا لەسەدا سەدی جەنگەکان دەدۆڕێنیت! پێموابێت ئێمە نەخۆمان ناسیوە و نەدوژمنانمان!، هەر بۆیە تاوەکوو ئێستا لەسەدا سەدی جەنگەکانمان دۆڕاندووە. من دەمەوێت لێرەدا ئەوە بخەمە سەر پەندەکەی سن تزو، ئەگەر خۆت نەناسیت ئەوا هەرگیز دوژمنانت ناناسیت، بۆیە ئێمە لە هەموو کات زۆرتر پێویستمان بە خۆناسینی خۆمانە.

بەڕێزم، ئەگەر بتەوێت ئەم بەراوردانەم بەشێوەیەکی خراپ بەکاربهێنیت تاوەکوو کوردایەتیم پێ بفرۆشیتەوە!، ئەوا دڵنیابە بۆ هەر کاڵایەکی لەو بابەتە منیش وەڵامێکم دەبێت، هیوادارم ئەمەم بەهەڕەشە لێوەرنەگیرێت. چونکە هەروەکوو چۆن خۆم لە هیچ کوردێکی باش بە کوردتر نازانم، کەسیش لەخۆم بە کوردتر دانانێم!

بەهیوای بەرەو نەتەوەییبوون!

لاهای - هۆڵندا

٢٠٠٨-١٢-٣٠

## بڵاوکراوەکانی نووسەر

لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - ١٩٩٤.

پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - ١٩٩٤. چاپی دووەم - هۆڵەندا - ١٩٩٥. چاپی سێیەم - هەولێر - ٢٠٠٢ - لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا - چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.

کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - ١٩٩٦. چاپی دووەم - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس - کوردستان هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - ژمارەی سپاردن: ٩١ - ٢٠٠٣.

هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد (یەکەمین کرۆنۆلۆژیای زانستی بۆ کوردستان و کورد) - چاپی یەکەم - بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (١٦) - چاپخانەی ڕوون - سلێمانی - ١٩٩٩.

ئاڵای کورد بۆچی نا؟! تاکوکەی؟! - چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (١١٧) - سلێمانی - ٢٠٠١.

ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر - چاپی یەکەم - ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری - ژمارەی سپاردن: ٣٠١ - کوردستان - هەولێر.

وشە پەرتەوازەکان - بەرگی ١ - سەرجەمی ١٠٠ وتار و کوورتە لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥ و ٢٠٠٥دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە - ژمارەی سپاردنی (١٩٩٤) ی ساڵی

(٢٠٠٨) ی پێدراوە - چاپخانەی سیما - ٢٠٠٩ - كوردستان - سلێمانی.

وشە پەڕتەوازەكان - بەرگی ٢ - چاپی ئەلەكترۆنی.

وشە پەڕتەوازەكان - بەرگی ٣ - چاپی ئەلەكترۆنی.

وشە پەڕتەوازەكان - بەرگی ٤ - چاپی ئەلەكترۆنی.

ئەدەبیاتی كاژیك - كۆكراوەی بڵاوكراوەكانی كاژیك - چاپی ئەلەكترۆنی.

بەراووردەكانی ژیان - پرس و ڕایەكی بەراووردكارییە بۆ بەرەو نەتەوەییبوون - ٢٠٠٩ - چاپی ئەلەكترۆنی.

دەستوورم واهی خوێندەوە - كۆمەڵێك ڕەخنە و تێبینیی یاسایی، زمانەوانی و لۆجیكییە لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان - ٢٠٠٩ - چاپی ئەلەكترۆنی.

زمانی كورد، بگونجێنە بۆ ٠ و ١ - ٢٠١٤ - چاپی ئەلەكترۆنی.

ڕۆڵی ڕووداوەكانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی كورد - ٢٠١٦ - چاپی ئەلەكترۆنی.

دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية، ترجمة ميران حسين - ٢٠١٦ - چاپی ئەلەكترۆنی.

من و كوردایەتی؛ (سەرەتایەك بۆ گفتوگۆی ئەفسانەكانی كوردایەتی) - ٢٠١٨ - چاپی ئەلەكترۆنی.

لە دەیان پرۆژەی ئەرشیڤیی گەورەدا بەشداریی سەرەكیی كردووە و لە بڵاوكراوەكانی كوردیپێدیادا پەخشكراون. (بڕوانە بابەتە پەیوەستكراوەكان - پەڕتووكخانە)

هەروەها زۆرێك وتار و كوورتە لێكۆڵینەوە كە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە كوردی و بیانییەكاندا لە ١٩٩٥ەوە تاوەكوو ئێستا بڵاوكراونەتەوە.

تەواوی پەرتووک و نووسـینەکانی نووسەر بەشێوەی فایلی پی دی ئێف لەسەر کوردیپیدیا ئامادەیە:

https://www.kurdipedia.org